هەموو دنیا دەستەونەزەر و دەست لەسەر سنگ بۆی ڕابوەستن و شاباشی بکەن و بە تەحا و پەحا و ئافەرین ڕۆژ و شەوی خۆی بکاتەوە. هەتا دەستی بە هیچ نەگەیشتووە قسەی گەورە و زل نامێنێ نەیکا، کەچی دوایی هەر بەخۆی دەبێتە قوتابخانەیەکی گەندەڵی و تێکدان. خۆی بە ڕۆژنامەنووس دەزانێ، کەچی خۆی خوای بیروکراسییەتە و لەو خەڵکە چووەتە کۆڵی شێرەوە و لە بورجی عاجی خۆی دانابەزێ. ئەو پێی وایە بوون بە (ڕۆژنامەنووس) پۆزلێدان و خۆ لە خەڵک شاردنەوەیە. بە فڕکانێک ڕێکخراوێک، مەڵبەندێک، سەنتەرێک، بڵاوکراوەیەک دەردەکات و منحەیەکی بۆ دەپچڕێ، تا بە زووترین کات بەرەو لوتکە قەڵەمباز بدات و ببێتە نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی دیار و بەناوبانگ و بەرچاو، بەڵام تا ڕێگەی ناڕەوا وەستابێ ڕێگەی ڕەوا ناگرێتەبەر، بەتایبەتی ئەوەی کە لەو ڕۆژەدا ڕەواجی هەیە و باوویرەوی سەندووە، ئەو دوای ئەوە دەکەوێ.

* لە هەموو کەس لەکەدارترە و قوڕاو و چڵپاوی ڕۆژگارێ نەماوە بەری نەکەوتبێ، کەچی خۆی پێ سوپەر شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر و خەڵکیش تۆزی ئەو ناشکێنن، هەزار ڕەحمەت لە بابت (فرۆید) کە زۆر چاکت پێکا کاتێ گوتت ئینسان زۆرتر باسی ئەو شتانە دەکات کە نیەتی و کەموکوڕین لە ژیانیدا، ئەوەتا دەبینی تا سەر نوخاعی شەوکی و تا سەر ئێسقان ترسنۆکە، کەچی خۆی بە فس فس پاڵەوان لە قەڵەم دەدات و لە تاریکی نەبێ ناوێرێ تەقە لە کەس بکات. وەستایە لە سنگ کوتان و سنگ دەرپەڕاندن و خۆ بردنە پێشەوە و خۆ پێگەیاندن و هونەرمەندە لە هونەری وصوڵیەت و کڵاو کڵاوێنی نێوان حزبەکان، بەڵام بە مەرجێ مام ڕێوی بزانێ دەسکەوت و داهاتی چ دەبێ، چونکە ئەمبەر و ئەوبەر کردنەکەی بەرەنجامی قەناعەت گۆڕین نییە، بەڵکو ئەو وەک قاچاغچی و مافیا و بازرگانێک پێش هەر هەنگاوێ لەگەڵیان دەبڕێنێتەوە کە چی دەدرێتێ و چی بۆ دەکرێ.

* کەس تا ئێستا لەسەر کاری چاکی خۆی خەڵات و بەرات و پاداشت نەکراوە، هەموو پاداشتەکان دڵنەوایی کردن و کەسبی حزبی و سیاسین، کەس لەسەر کار و کردەوەی قێزەون و دزێو سزای بەرنەکەوتووە، چونکە سزا بۆ خەراپەکاران نییە. تەنیا پێوەرێکیش لەو دنیایەدا نەماوە، بۆیە لەو وڵاتە بێ مەعاییر و بێ مەقاییسەی ئێمە بانێکە و کۆمەڵێ هەوا، لە کوێ (با)ی بێت، لەوێ شەن دەکرێ، ئیتر نازانم کورد بۆچی بێچارەیە؟!.

---

(*) سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان



کەریم دەشتی

# شوناسی نیگەرانی ڕۆشنبیران

هەواڵنامەی کتێب

١

ئێمەی کۆمەڵگەیەکی گومانساز و عاشق بە ڕاڕایین، هەمیشە و بێ وچان جەستەیەکی واڵایین بۆڕم و کاردی ئەو گومانە و زەینێکی کراوەین بۆ مۆرانەی ئەم ڕاڕاییییە، هەر بۆیەش زوو زوو دەکەوینە ژێر کاریگەریەتی وەهمی کەوتن و داڕمان، بە درێژاییی مێژوو ئەگەر هیمەتی ڕۆڵی بەتینی تاک نەبوایە ئێستا کرمی ئەو گومانە و داسی ئەم ڕاڕاییییە پەلی دابووین و بە چڵەپۆپەی ونبوون و لەبیرچوونەوەی هەڵواسی بووین.

٢

فەلسەفەی کەوتن و داڕمان بۆتە کەتەگۆریای ڕۆژانەی ئێمە، بۆتە ترسێکی لەمێژینەی سەرجەم، سەرجەلەی ئەم واهیمەیە دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی دوورودرێژ، مێژوویەک تژی شکست و نەهامەتی تژی باوەڕ بەخۆنەبوون تژی بە بەهێز زانین و بەزەبەلاح زانینی دوژمنە، لە بەرامبەر ئەوەدا هیچ تەوژمێ نەبووە کە ببێتە هۆکاری وردوخاشکردنی ئەم واهیمەیە جا ئەو تەوژمە چ لەسەر ئاستی بزووتنەوەی سیاسی و ئایدۆلۆژییەکان بێ چ لەسەر ڕۆڵی ئەنتلجینسیای کورد بێ.

٣

دەخـوازم بڵـێم ئێـمـە نەتەوەیەکی سـتـەمـدیدەین و ئەوەندەی کـارمـان لە ناو بە جووڵەخستنی جەستەی شۆڕشکاری کردووە ئەوەندە کارمان لە ناوزەین و ڕۆناکبیری نەکردووە، واتە بە جەستەمان گوتووە وەرە و زەینیشمان لە دوای خۆمانەوە بەجێ هێشتووە، واتە گەمەی هیلاککردن و شەت و پەتکردنی جەستەمان ئەنجام داوە بێ ئەوەی بەرهەمێکی گەورەی زیندووکردنەوەی زەین و هۆش بۆ نەوەکان بەجێ بهێڵین تاوەکو ئەمڕۆی گەنجەکانی پێ بەڕێوە بچێ، ئەمەش وای کردووە کەوا ڕۆحی بەربەرەکانێ و دینامیکیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی نەوەکان لە ئاستی هێزی مانەوە نەبێت، ئەوندەی گوناهی ئەم غەفڵەتە دەکەوێتە ئەستۆی بزووتنەوەکان سەد ئەوەندەش دەکەوێتە سەر گەردنی ڕووناکبیر و ڕۆشنبیران.

٤

ئەگەر کاری بزووتنەوەکان موقاوەمەت بووبێ بۆ لە ناونەچوونی قەوارەی نەتەوەکەمان ئەوە کار و پرۆژەی ڕۆشنبیران ئەوە بووە کە ئەم ئەرکە پیرۆز و چارەنووسسازە بگرنە ئەستۆ، ئەگەر سەرنج بدەین بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ هێزی چەک کاریگەرترە لە هێزی بیر و باوەڕ و فیکر و ڕۆشنبیری، تاکی کورد وا بیر دەکاتەوە هەر کاتێ چەکی لە دەست نەما و لە هەر سات و کاتێ بێ ئەوە ترسی ڕمان و شکستخواردن وێرانی دەکات، ئەمە داخوازی ئەوەمان لێ دەکات کە لەم دیاردەیە هەڵوەستەیەک بکەین و بەخۆماندا بچینەوە.

٥

مێژووی هەموو نەتەوەیەک بایی ئەوەندەی نەهامەتی تیایە کاردی ڕەخنە وەشانەکانی خۆی لە ناو جەستەیدا ئەنجام بدات، بەڵام مێژووی ئێمە خاڵییە لە وێناکانی ڕەخنە و فۆرمەکانی بیر و بۆچوون، هەر بۆیەش ئێمە نەتەوەیەکین هەتا لەو ڕەخنەیەش دەترسین کە دەمانخاتەوە سەرپێ و دروستمان دەکاتەوە تا بۆ زەمەنێکی تریش بژین، ئێمە تا ئێستاش دەرکمان بەوە نەکردووە کە درەختی ڕەخنە جوانترین سیما دەبەخشێ بە کۆمەڵگە و بزاوت و ڕۆشنبیری، هێزێکی لەبن نەهاتووی کولتووری جیاوازی قبووڵکردنی یەکترییەوە، هێزی مانەوەی نەتەوەیە، هەموو ئەو نەتەوانەی کە ئیمڕۆکە پێشکەوتووترین نەتەوەن، ئەو نەتەوانەن کە خودانی کولتوورێکی ڕەنگاوڕەنگی ڕەخنەن.

٦

ئەوروپا بە درێژاییی چاخی بەر لە ڕۆشنگەری لە ناو تایەکی ئەبەدی ئاینیـدا هەمـوو سـەرجەلەکانی ڕەخنەی لە سێبەری دەسەڵاتێکی ئاسنیندا کردبوو بە تابۆ و کەس توخنی چەمکێکی ئاوا نەدەکەوت و تەواوی ڕووناکبیران لە ژێر کۆنترۆڵی ئاوازێکی ئاینی گینگڵیان دەخوارد، هەر بۆیەش ئەوروپا بۆ ماوەیێکی دووردرێژ نەیتوانی ئەو ڕۆڵەی خۆی ببینێ لە مەودای سیاسی و ڕۆشنبیـری، چونکە دامودەزگاکانی کەڵێسـەو بانـدە سیـحرییەکانی هەمـوو دەرگـاکـانی دەنگ و ڕەنگی ڕەخنـە و ڕۆحی ئەسـتـەتیکایان لـە خـەڵکی تەکـانێکی ئەوتۆیان دا بەخۆ و شـوناسیی هۆش و بیری خۆیان بەرز کردەوە و تەخت و تاراجی هێزی فیکری کەڵێسـەیان تارومار کرد و هەموو بەهاکانی ڕەخنە و فیکریان گەڕاندەوە و کەوتنە سەر چاخی زێڕینی ڕۆشنگەری.

٧

ڕۆشنبیران لە کوردستان ئەو حەقیقەتە باش ناس دەکەن کە ئەمڕۆی نەتەوەکەیان بە چ هەل و مەرجێکی دژوار هاتووەتە کایەوە و لە هەمان کاتدا بە چ هەلومەرجێکی دژواریشدا تێ دەپەڕێ، بۆیە هەندێ جار دەکەوێتە مەیانی دوو بەرداشی سـەختی تێڕامـان و بیرکردنەوە، ئەو کاتەی کە دەیەوێ ڕەخنەی عاشق بە ڕاستییەکانی خۆی ئاڕاستەی ئەو هەلومەرجە بکات لە ناخەوە هاوارێ ڕۆحی ئاگادار دەکاتەوە و هەموو ئەو نەهامەتییەی وەبیردێنێتەوە کە ڕابردووی ئەویان تژی یادەوەری تاڵ کردووە و ئێستای لا شیرین دەکەن، بۆیە بە ناچار جـڵـەوی قـەڵەمـەکـەی دەگرێت تۆزێکی تێدا دەهێـڵـێـتـەوە، ئەمـانە ئەو ڕۆشنبیرانەن کە لە سەردەمە ناخۆشەکانی خەباتی گەلی کوردا بەشی شێری ئازارەکانیان هەبووە، کاتێکیش کە قەڵەمەکەی لە جووڵە دەخات و دەنگی ڕەخنە خۆی کپ دەکات، دیسانەوە لە ناخەوە ئاوازیکی خەمگین گیانی دادەگرێ بەوەی کە بۆ دەبێ وابێ، ئەمە وای کـردووە جـۆرێک لە دڵەڕاوکێ لای ئەم نەمـەتە لە ڕۆشنبـیـران بێتـە کـایەوە کـە هەم ئازار دەخوات و هەم دەتلێتەوە.

٨

بەم جۆرە ڕۆشـنبیر و ڕووناکبیـری کورد تاوەکو ئێـستا هـەڵگری شـوناسـێکی دیار و بەرجەسـتـەکـاری ڕەخنەیەکی جیـدی نییـە، تا بتـوانێ ببـێتـە هێـزێکی گـەورە و دیار لە

گـۆڕەپانەکـەدا، واتە کـاریگـەر بێت بەسـەر سـەرجـەم ئەو بڕیار و ڕووداوانـەی ئەمـڕۆ لە کوردسـتـان هەن و کاری خۆیان دەکـەن، ئەوەی هەیە هەڵچوونێکی ساتـەوەختـەو هەڵگری هێزی مانەوە نییە.

واتە هەڵچوونێکە تەنیا بە هاوار و ناڵین گوزارشت لە خۆی دەکات بەبێ ئەوەی هەڵگری گوتارێکـی ڕەخنەیی کاریگەر بێت و ببێتـە سـەرمـەشقی چاولێکردن، هەڵبـەت ئەم جۆرە هاتوهاوار و هـەڵچـوونەش لە نێـو بایە توندەکـانی سـیـاسـەتی باودا گـووم دەبێت و ماندووبوونێکی زۆر و شەکەتبوون بۆ خاوەنەکەی جێ دەهێڵێ.

٩

هەڵبەتە جۆرێکی دیکە لە ڕۆناکبیران وەک ئەوەی کە لە فەڕەنسا و شۆڕشی فەرەنسادا ڕووی دا هەوڵی ئەوە دەدەن کـە ببنە ڕێبـەری گـەنجـەکـان و شـۆڕشـێکی تازە و پڕ لە جونبوجۆش بەرپا کەن و دەسەڵاتی کوردی بەوە ڕابهێنن کە دەبێ گوێ لە داخوازییەکانی گەنجان ڕابگرن و جێبەجێکاری داواکارییەکانی ئەوان بن، ئەمەیان جاحێڵترین شێوەی خەباتکردنە لە پێناوی ئامانجە پیرۆزەکانی گەنجان، ئەگەر بێو بە شێوازێکی مۆدێرن دوور لە هەڵپەی وردوخاشکردنی ئەو داو دەزگایانە بێت کە لە کۆتاییدا هەر خۆیان دەبنە خاوەنی و ئەگەر وردوخاشیشیان بکەن بەناچار هەر خۆیان دەبێ بنیاتی بنێنەوە.

١٠

بەهەرحاڵ ئێستا ڕەخنەی ڕۆشنبیران وا پێ دەچێ زیاتر بەرەو شێوازی خۆپێشاندانەکاندا بچێ نەک بەرەو قووڵکردنەوەی کولتوورێکی ڕەخنەیی سەراپاگیر وەک ئەوەی کە لە شۆڕشی فیکری ئەورووپیدا هاتەکایەوە و تاوەکو ئێستاش کاریگەریەتی خۆی هەر ماوە، جیاوازی ئەم شێوە خەباتە ڕەخنەییە کە خۆی لە تەدوینکردن و تۆمارکردن دەبینێتەوە لەگەڵ شێوازی پێشوو کە خۆی لە خۆپێشاندان و هاوار دەبینێتەوە و هەندێ جاریش توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە، ئەوەیە کە هی یەکەم ئاسەوارەکەی بۆ نەوەکانی داهاتووش دەبێتە مایەی سوود و فەرێکی زۆر و دینامیکیەتی دەبێ، بەڵام بە تێکەڵکردنی ئەم دوو شێوازە بە ستایلێکی هاوچەرخ و دوور لە سۆز و عاتیفە دەتوانین گۆڕانێکی چارەنووسساز لە ژیانی سیاسیی نەتەوەکەمان بخوڵقێنین.

هەولێرنامەی ئێستێ



حەمەسەعید حەسەن

# پیاو نییە پێویستی بە سۆزی ژن نەبێت

> زکە دەنووسم دڵم فراوانتر دەبێت
> و ئەوە نووسینە لێ ناگەڕێت
> هاوسەنگیم تێک بچێت. بۆیە ئەوە
> ئەویەڕی بەدبەختییە.
> توانای نووسینم نەمێنێت جارێ وا
> هەیە. بیرتکم بۆ دێت کە دەمەوێت
> بینووسم.
> بزر دەبێت. ئیدی وەک تینوویەکم لێ دێت
> لە بیابانێکدا دوای سەراب کەوتبێت
> تۆ بڵێیت منیش وەک هەمەنگوای کە
> توانای نووسینم نەما. خۆم بکوژم؟[٥]
>
> (لە سەرەتەریەکانی دڵبی ئەمەدیلسەمەدید کە
> یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانی سکاکێ):

شیعر و ڕۆمانی جوان وەک نەخشی سەر بەرد لە یادەوەریماندا دەمێننەوە. کارەکتەری ڕۆمانی جوان، ناوبانگێک پەیدا دەکات. هەندێکیان بە دەگمەن کەسایەتییەکی ڕاستەقینە، ئەوەندە ناودار دەبێت نووسەری ئازی. ئەو کەسە نییە چەند ڕۆمانێکی بڵاو کردبێتەوە. کەسێکە ڕێ بۆ حەقایەتی ڕاستی دەکاتەوە. کەسێکە دەشێت لە چەند بوارێکدا بیمەتن بێت. کەسێکە وەک سارتەر کە جیدەستی وترای فەلسەفە. لە بوارەکانی نووسینی ڕۆمان، ڕەخنەی ئەدەبی و دەقی شانۆییشدا دیار بوو.

شیکاگۆ دووەمین ڕۆمانی (عەلائ ئەسوانی)یە کە دەیخوێننەوە. ئاخر پێشتر (باڵاخانەی یەعقووبیان)ی ویم خوێندبوووە

ئەسوانی تەنیا ئەو دوو ڕۆمانەی نووسیوە، باڵاخانەی یەعقووبییان وێڕای ئەوەی ڕۆمانێکی جوان بوو، هێندە بوێرانە نووسرابوو خوێنەری تووشی سەرسووڕمان دەکرد، وەلێ باڵای شیکاگۆ لە باڵاخانەی یەعقووبییان بڵندترە. **ئەسوانی شیکاگۆی هێندە بوێرانە نووسیوە، خوێنەر نەک هەر سەرسام، بەڵکوو ئەوقیش دەکات. بێ هیچ دوودڵییەک هەر چی نووسەرانی دیکە بە بڤە و حەرامی دەزانن، ئەو لە شیکاگۆدا بەسەریان دەکاتەوە و دەیانداتە بەر ڕۆژی ڕووناک.** هاوزەمان هێندە بوێرانە و هونەرییانە باسی لە سێکس، دەسەڵات و ئایین کردووە، زێدەگۆیی نییە ئەگەر بڵێم، لە هەموو نووسەرانی عەرەبی تێپەڕاندووە.

زۆر لە نووسەران بە هۆی یەکەمین ڕۆمانیانەوە ناوبانگ پەیدا دەکەن و ئیدی هەر چی دەکەن، ڕۆمانێکی دیکەیان پێ نانووسرێت، ئەوەندەی یەکەمین ڕۆمانیان دەنگ بداتەوە. ئەو ڕێسایە ئەسوانی ناگرێتەوە، ئاخر ئەو دووەمین ڕۆمانیشی نەک هەر هێندەی ئەوەی یەکەمی بایەخی هەیە، بەڵکوو دەتوانم بڵێم لە شیکاگۆدا لە باڵاخانەی یەعقووبییانی تێپەڕاندووە.

ئەوی ڕۆمانی شیکاگۆ بخوێنێتەوە، پێی ئاسایی دەبێت کە لە ماوەی شەش مانگدا، هەشت جار چاپ کراوەتەوە، ئاخر ڕۆمانێکە بە هەق شیاوی خوێندنەوە و بەردەوام لە چاپدانەوەیە. ڕۆمانێکە کە لە خوێندنەوەی بوومەوە، خۆزگەم خواست، ڕۆماننووسانی کوردیش فێر ببوونایە وەک عەلاء ئەسوانی بنووسن. ڕۆمانێکە ئەگەر چی چوارسەد و پەنجا ڕووپەل دەبێت، وەلێ کە دەست بە خوێندنەوەی دەکەیت، پێت خۆشە تا تەواوکردنی، دەستی لێ هەڵنەگرێت، ڕۆمانێکی هێندە خوێنشیرین و سەرنجڕاکێشە، ئەگەر چاو توانای خواردنی هەبووایە، ئارامی نەدەگرت بیخوێنێتەوە، دەیخوارد.

عەلاء ئەسوانی لە ڕۆمانی باڵاخانەی یەعقووبییاندا، باسی سێکس دەکات، تەنانەت سێکسی نێوان نێر و نێریش، لە شیکاگۆ تەنیا باس لە سێکسی نێوان نێر و مێ دەکات، وەلێ باسکردنێک باسی دەکات، خوێنەر وا هەست دەکات، شیعرێکی جوان دەخوێنێتەوە، بۆ تاقەڕستەیەکیش نەهاتووە، بە شێوازێکی هەرزان، بۆ ختووکەدان و بزواندنی خوێنەر هانا بۆ بەسەرکردنەوەی سێکس ببات. کاتێک کارەکتەرەکانی ڕووت و قووت دەکاتەوە و بە هاونوێنی نیشانیان دەدات، ئەوەی خوێنەر بە ڕۆمانەکەوە دەبەستێتەوە، لایەنی هونەریی ڕۆمانەکەیە، نەک سێکسی نێوان کارەکتەرەکان. **هەست دەکەیت ئەو سێکسەی ڕۆماننووس باسی دەکات، سێکسە لە نێوان دوو ئینساندا، سێکسێک کە پرۆسەیەکی تەواو ئینسانییە**

**و زادی یەکدی ناسین و خۆشەویستییە، نەک لەو جۆرە سێکسەی لەنێو هەندێک ڕۆمانی بێبەهادا هەیە و هەر لە سێکسی نێو ئاژەڵان دەچێت.** ئەوە تەنیا داوێکە ئێرۆتیکا لە پۆرنۆگرافی جیا دەکاتەوە، ئەسوانی ئەو داوەی لەبەر چاو گرتووە و ئەدەبێک دەنووسێت، ئەگەر چی تژییە لە ئێرۆتیکا، وەلێ مۆرکی پۆرنۆگرافیی پێوە نییە.

شوێن لە ڕۆمانەکەدا شاری شیکاگۆیە، وەلێ چونکە زۆربەی کارەکتەرەکان میسرین، نووسەر توانیویەتی هاوزەمان کۆمەڵگەی میسر و ئەمریکایش بداتە بەر ڕووناکی. ڕۆمانەکە ئەگەر چی وەک هەر ڕۆمانێکی دیکە، زادەی خەیاڵە، وەلێ هێندە ڕاستگۆیانە نووسراوە، خوێنەر قەت بڕوا ناکات، ئەوەی دەیخوێنێتەوە ڕۆمانە، بەڵکوو بە واقیعی تێدەگات، واقیعێکی ڕاستەقینە کە ژیانی لێ دەتکێت، واقیعێک کە خوێنەر بە گەرمی بەشدارە لە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕووداوەکانیدا.

لە ڕێی شیکاگۆوە تێدەگەیت، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان چ لە میسر و چ لە ئەمریکا، چەند نائینسانین، هەست دەکەیت، ئەوی هەنووکە لە میسر ڕوو دەدات، نزیکەی هەر ئەوەیە کە لە سایەی بەعسدا لە عێراق ڕووی دەدا. هەست دەکەیت هەموو ئەو جۆرە ئازاردان و ئەشکەنجانەی لە زیندانەکانی بەعسدا هەبوون، لە زیندانەکانی میسریشدا هەن. **هەست دەکەیت دەسەڵات لە ئەمریکا، دۆستی ئەو دەسەڵاتانەیە کە قازانجی دەپارێزن بە چاوپۆشین لەوەی چۆن لەگەڵ میللەتی خۆیاندا هەڵسوکەوت دەکەن.** هەست دەکەیت، ئایینی ئیسلام لەبەر هەر هۆکارێک دابەزی بێت، پیاوی دەسەڵاتداری خۆ بە موسڵمان زان، لە پێناوی بە کۆیلەکردنی ژن و لە بەرژەوەندیی خۆی دەیخاتە گەڕ.

نووسەر ئەگەر چی میسرییەکی قاهیرەنشینە، وەلێ هێندە بەسەر ئیشەکەیدا زاڵە کە باس لە دیرۆک و هەنووکەی شیکاگۆ دەکات، خوێنەر وای بۆ دەچێت عەلا ئەسوانی ئەمریکاییەکی شیکاگۆنشینە. تەنانەت ئەگەر ئەمریکاییەک هەموو ژیانیشی لە شیکاگۆدا بەسەر بردبێت، بە هۆی ڕۆمانی شیکاگۆوە، ئێستا و مێژووی شارەکەی خۆی باشتر دەناسێت. نووسەر هێندە بە لێزانییەوە، ڕووداوەکانی چنیوە و کەسایەتییەکانی هەڵبژاردووە و شوێنەکانی دەستنیشان کردووە، خوێنەر متمانەی تەواو بە هەموو بەسەرهاتەکان دەکات و هەموو کارەکتەرەکانیش بە کەسایەتیی ڕاستەقینە دەزانێت.

نووسەر لە دەرگای هەر باسێک دەدات، هێندە تێیدا شارەزایە، هەر دەڵێیت پسپۆڕی ئەو بوارەیە، وەلێ هەمیشە ئەوەی لە بیرە، کە سەرقاڵی نووسینی ڕۆمانە، نەک لێکۆڵینەوەی زانستی. نووسەر ئەگەر چی دۆکتۆری جەستەیە، کەچی هێندەی

سایکۆلۆجیکێک، شارەزای دەروونی ئینسانە، هێندەی ئیسلامناسێک شارەزای ئایینی ئیسلامە و هێندەی کۆمەڵناسێک شارەزای کۆمەڵگەیە، ئیدی کۆمەڵگەی میسر بێت یان هی ئەمریکا، بە جۆرێکیش لایەنە سیاسییەکان دەناسێت، کادیرە پێشکەوتووەکانی ئەو لایەنانە، شتی تازەی سەبارەت لایەنەکانی خۆیان، لێوە فێر دەبن. کە باسی دەزگاکانی سەر بە دەوڵەتیش دەکات، ئەوەندە شارەزایە بەرپرسی یەکەمی ئەو دەزگایانە ئێرەیی پێ دەبەن.

لایەنێکی جوانی ڕۆمانەکە ئەوەیە، نووسەر بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان و گەیاندنیان بە کۆتاییەکی کراوە، پشتی بە تەکنیکگەلێک بەستووە، کە خوێنەر تا ئاستی شەیدابوون، بە ڕۆمانەکەوە دەبەستنەوە. ئەسوانی نەهاتووە پشت بەو شێوازی گێڕانەوەیە ببەستێت کە زنجیرەی کرۆنۆلۆجیک ڕەچاو دەکات، بەڵکوو هاتووە کاتی لەتوپەت و پاش و پێش خستووە و ناوبەناو بیرەوەرییەکانی یەکێک لە کارەکتەرە گرنگەکانی ڕۆمانەکەیشی لەگەڵ ڕووداوەکاندا گونجاندووە. ڕۆمانەکە لە دەوری یەک قارەمان ناسووڕێتەوە، بەڵکوو هەموو کارەکتەرەکان، بە کۆمەڵ قارەمانی ڕۆمانەکەن.

**ڕاسیزم چییە؟ ئەوەیە کە پێمان وابێت، ئەوە ڕەگەزە، توانا و ڕەوتاری ئەم و ئەو دیاری دەکات. ئەوەیە پێمان وابێت، ئەوی لە خۆمان نەبێت، ئینسان نییە، یان هیچ نەبێت، ئینسانێکی نزمترە لە ئێمە.** ئەوە بۆیە پێستسپییەکان کە بڕوای تەواویشیان بە حەزرەتی مەسیحی سیمبۆلی لێبوردەیی هەبوو، بەو ئاسانییەی ئاویان دەخواردەوە، هیندییە سوورەکانیشیان دەکوشت، ئەوە بۆیە تا حاڵی حازریش، ڕاسیستەکان، بە چاوێکی نزم سەرنجی ڕەشپێستان دەدەن. لە ئەمریکا، ڕێ کەوتووە کە پێستسپییەک، پێسترەشێکی کوشتووە، پۆلیس خۆی لێ نەبان کردووە، لە میسریش کە موسڵمانێک قیبتییەکی کوشتووە، پۆلیس گوێی خۆی لێ خەواندووە!

بە هۆی ڕۆمانی شیکاگۆوە کە کارکتەرەکانی خوێندکاری خوێندنی باڵای زانکۆی شیکاگۆن، خوێنەر فێر دەبێت کە لە ئیسلامدا ڕێسایەکی بەناوبانگ هەیە، دەڵێت: (لە ناچاریدا هەندێک حەرامیش حەڵاڵە.) ئەگەر موسڵمانیت، ملکەچی دەسەڵاتدار بە، با زاڵمیش بێت، ئاخر بۆ ئوممەتی ئیسلام ئەوەیان باشترە بەرگەی زوڵم بگریت، وەک لەوەی بە گژ دەسەڵاتداری زاڵمدا بچیتەوە. ل١٣١ لە کن وەهابییەکان کە کەس هێندەی وان، شاردنەوەی جەستەی ژنی بە توندی نەگرتووە، یاخیبوون لە دەسەڵاتداری موسڵمان با زاڵمیش بێت، حەرامە.ل٣٨١ وەلێ ڕاستییەکەی ئەوە لوتکەی جیهادە، ئەگەر ڕووبەڕوو

حەقیقەت بە دەسەڵاتدارێکی زاڵم بڵێیت.ل٤٢٩ (چەرچڵ)یش دەیگوت: (هەموو میللەتێک ئەو دەسەڵاتەی بە نسێب دەبێت کە پڕ بە پێستییەتی.) وەلێ ئەوە تێڕوانینێکی چەوتە، ئاخر میللەت نییە دووچاری چەوساندنەوە نەبووبێت.

(بە قسەی شیرینی پیاو کە خەیاڵی تەنیا لای جەستەی ژنە، فریو مەخۆ! جەستەت ئاوڕووی خۆت و باوکتە، جەستەت شکۆمەندیی هەموومانە، ئەگەر ڕێزت لێ نەگرت، تا ماوین سەرشۆڕ دەبین. جەستەت ڕاسپاردەی خودایە لای تۆ، دەبێت بە پاکژی بیبەخشییە ئەو پیاوەی دەتخوازێت. پیاو ژنێک ناهێنێت کە بە جەستەی شاد بووبێت، پیاو نە ڕێزی ژنی شل دەگرێت و نە متمانەی پێ دەکات.) ئەمە مۆچیاریی دایکێکە بۆ کچەکەی.ل٢٢٧ تەڵاقدراو ژنێکە نەیتوانیوە وا بکات، پیاوەکەی لە کیس نەچێت، ژنێکە نوقمی بزربوون و خەفەت، ئافرەتێکە کچێنیی لە دەست داوە و هیچی نییە تا لە کیسی بچێت، ژنێکە هەموو پیاوێک مرخی لێ خۆش کردووە، ژنێکە مایەی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە و دەیان تۆمەتی دوا دەخرێت.ل٢٥٥ ئەمەیش تێڕوانینی کۆمەڵگەی ئیسلامییە بۆ ژنی تەڵاقدراو.

بە هۆی ڕۆمانی شیکاگۆوە، ئاشنای ئەوە دەبین کە بەشێکی زۆر لە پیاوانی عەرەب سووک سەیری ژن دەکەن، ئەوەتا دەڵێن: (نیشانەکانی گەوجییەتی سیانن: کەمەکردن لەگەڵ شێردا، خواردنەوەی ژار بە مەبەستی تاقیکردنەوە و درکاندنی نهێنی لای ژن.)ل١٥٢ بە ڕاست کامیان ئاوڕوومەندترن؟ ئەو ژنانەی لە پێناوی دابینکردنی بژێویی منداڵەکانیاندا سێکس دەفرۆشن، یان ئەو پیاوانەی لە پێناوی دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکانی نەوت و فرۆشتنی چەکدا، شەڕ دەنێنەوە؟ شەڕێک کە گیانی هەزاران بێتاوان دروێنە دەکات! یەکێک لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە کە مامۆستای خوێندنی باڵایە، دەڵێت: (شارستانیی خۆرئاوا زادەی خەباتی کەسانی خاوێن و دڵسۆز و مەزنە، وەلێ ڕژێمی سەرمایەداری بوو بە خێر و بەسەر کەسانی گەوج و گەندەڵی وەک جۆرج بوش و دیک چینیدا باری.)ل٢٠٠ کەچی دەسەڵاتدارانی عەرەب پێیان وایە: (ئەو دەسەڵاتدارەی دژایەتی ئەمریکا بکات، وەک ئەو گەوجە وایە کە سەری دەخاتە ناو دەمی شێرەوە.)ل٤١٨

لە ڕۆمانی شیکاگۆدا، بەرەو ڕووی ڕستە و پەرەگرافی وا دەبینەوە کە ئەستەمە لە بیرمان بچنەوە، لەوانە: (ئامار ڕێگەیەکی ڕاستگۆیانە بۆ بینینی جیهان، ئامار زانستی لۆگیکە لە سەروەختی فڕیندا بە هەردوو باڵی خەیاڵ و ژمارە.)ل١٨٥ یان: (ژیان لە ئەمریکا، وەک میوەی خێوەتە شووشەییەکان وایە، جوان و گەورەیە، وەلێ بێتامە.) یان: (دڵی نەشتەرکاری ڕاستەقینە لە دڵی شێر و چاوی لە چاوی هەڵۆ و پەنجەی لە قامکی

هەواڵنامەی کتێب

ژەنیاری پیانۆ دەچێت.) ل٢٤٥ یان: (ئەوانەی لە بەردەم هەڕەشەی مەرگدان، ئارەزوویان بۆ سێکس بەجۆشترە و لە جووتبوون تێر نابن.) ل٣٠٥

سەبارەت بە (ژیانی سێکسی)یش لە ڕۆمانەکەدا زانیارییەکی زۆر هەیە، وەک: تا ساڵی ١٩٧٨یش وا دەزانرا، چووزرە ڕێواسەکە هەستناکترین شوێنی ژنە، وەلێ لەوە بە دواوە، بیری و ویلیز کە دوو زانا بوون، سەلماندیان کە لە دیواری پێشەوەی (زێ)دا، شوێنێک هەیە کە بە خاڵی جی g. spot ناسراوە، هەستناکترین جێی ژنە.ل٣٢٩ یان: (ئەگەر یەکسەر دوای ئۆرگازم حەزت کرد لەو ژنەی هاونوێنیت لەگەڵدا کردووە، دوور بکەویەوە، ئەوە نیشانەیە بۆ ئەوەی ئەو ژنەت خۆش ناوێت. پێچەوانەکەیشی ڕاستە، گەر دوای ئۆرگازمیش هەر پێت خۆش بوو، دەست لە ملانی بیت، ئەوە نیشانەیە بۆ ئەوەی خۆشت دەوێت.)ل٣٤٦ سەبارەت بە خواردنەوەیش دەنووسێت: بۆ ئەوەی لەو ژانەسەری بە هۆی خواردنەوەی دوێنێوە تووشت بووە، ڕزگارت ببێت، ئەمڕۆ یەک دوو پێک بخۆرەوە! ئەوە نییە ئەبو نەوواس دەڵێت: (بەو دەرمانە چارەسەرم بکە کە خۆی دەردە.) ئەو یەک دوو پێکەی ئەمڕۆ تەنیا ژانەسەرەکەت لە کۆڵ ناکاتەوە، بەڵکوو کاریگەرییەتی شەرابەکەی دوێنێیش دەژێنێتەوە.

هەموو شارێک پڕە لە ناکۆکی، (ئەوەی شیکاگۆ لە شارەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، ئەوەیە هەمیشە ناکۆکییەکان لە لەوێ دەگەنە لوتکە.) شیکاگۆ ڕۆمانێکە کە لە خوێندنەوەی دەبیتەوە، هەست دەکەیت ئینسانێکی جوانتری لەو ئینسانەی کە پێش خوێندنەوەی ڕۆمانەکە هەبوویت. هەست دەکەیت مەبەستی ئینسان لە داهێنانی ئایین، زاڵبوون بووە بەسەر ترسدا. هەست دەکەیت نیشتمان ئەو تاقە ژنەیە ئەگەر نائومێدیشمان بکات، تەنانەت ئەگەر ناپاکیشمان لێ بکات، هەر خۆشمان دەوێت. هەست دەکەیت، وەک چۆن خووی نهێنی زادەی چەپاندنی سێکسییە، توندڕەویی ئایینیش زادەی چەپاندنی سیاسییە.

**هەست دەکەیت ئینسان پێویستە بێدەنگ بێت، دەبێت تەنیا ئەو ڕەختە بدرێ کە شتێکی پێیە بۆ گوتن دەلوێ.**

---

(*) علاء الأسواني، شيكاجو، الشركة المصرية للنشر العربي و الدولي، دار الشروق، الطبعة الثامنة ٢٠٠٧ القاهرة.

وتار

# کاتێ نیچە گریا ئێمەیش دەگرین

جەبار سابیر
jabarsabir@hotmail.com

هەواڵنامەی کتێب



ڕەنگە زۆرمان لەسەر ژیانی (فردریک ویلهێلم نیچە) نەبیستبێت، بەتایبەت وەختێک کەزمانەکەمان زۆر هەژارەو هەموو بیست ساڵێک دەبێت دەزانین کەنیچە کێیەو چی کردووە و لەکوێ ژیاوە، بەڵام ڕەنگە هیچ خوێندەوارێکی کورد تەواوی کارەکانی ئەو فەیلەسووفەی نەخوێندبێتەوە کە( زەردەشت وای وت) گەورەترین و قووڵترین کاری فەلسەفی ئەوە. ئەوە دەزانین کەنیچە ئەڵمانییەو دوای بەرهەمگەلێکی زۆر لەتەمەنێکی پڕ داهێناندا بەهۆی نەخۆشییەوە دەمرێت و چەند ساڵێک بەر لە مردنەکەیشی شێت دەبێت. نیچە عەشقی (لۆ ئەندریاس سالۆمی) کچی ئەفسەرێکی ڕووس دەبێت و هەر ئەویش دەبێتە هۆکاریی

بەشێکی زۆری نەخۆشییەکەی. ڕۆمانی (کاتێ نیچە گریا) ڕۆمانێکە تایبەت بەژیانی نیچە، لەو ساڵانەی کەنەخۆشی زۆری بۆ دێنێ و هێشتا زۆرێک لەکتێبەکانی نەنووسیوە، بەتایبەت (زەردەشت)ەکەی هێشتا هەر بیرۆکەیەو نەچۆتە سەر کاغەز. نووسەری ئەم ڕۆمانە(ئیرین دی یالوم) پزیشکێکی دەروونناسەو ئەمەش وایکردووە کەتەواوی ڕۆمانەکە لەدەوری چارەسەرکردنی سایکۆلۆژییانەی مرۆڤ بخولێتەوە. (یۆزیف بروێر) باشترین و ناودارترین دوکتۆری وڵاتی نەمسایە لەبیست ساڵی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، ئەو ساڵانە (زیگمۆند فرۆید) تازە کۆلێژی پزیشکی تەواوکردووەو هێشتا ناوبانگی لەشاری ڤییەننا تێنەپەڕیوەو هاوڕێی یۆزیف بروێرەو بەو پێیەش کەبروێر سی ساڵێک لەفرۆید گەورەترە، فرۆید خۆی بەقوتابی ئەو دەزانێت. ڕۆژانەو زۆرجار شەوانیش لای بروێر بەسەر دەبات و وەک ئەندامێکی ئەو خێزانە ڕەفتار دەکات و هەر ئەو دەمەیش لەگەڵ بروێردا سەرگەرمی تاقیکردنەوە دەبن لەمەڕ ڕێگە چارەی سایکۆلۆژی و بەتایبەت فرۆید هەمیشە بەشوێن خەونی خەڵک و لێکدانەوەی خەونەکانی خەڵکەوە دەبێت و باشیش بۆ پرسەکان دەچێت و سایکۆلۆژیەتی خەڵکانی دەوروبەری دەخوێنێتەوە. ئەم ڕۆمانە دەیەوێ لەدوو پرس بدوێ، یەکەمیان عاشق بوونی نیچە بەلۆسالۆمی و دواتر زویربوونی لەهەرسێ هاوڕێی نزیکی(لۆ سالۆمی و پۆڵ رێ و ریچارد ڤاگنەر)ی گەورە مۆسیقاری ئەو دەمی ڤییەنا کەلەسەرەتاوە نیچە زۆر سەراسیمە دەبێت بەرامبەری و ماوەیەکی زۆریش هاوڕێ دەبن و دواتر نیچە لێیان زویر دەبێت کەزویربوونەکەی لە(ڤاگنەر) تاڕادەیەک تەمومژی لەسەرە، بەڵام لەپۆڵ رێ و لۆسالۆمی ئەوە دیارە لەسەر عاشق بوونی لۆسالۆمییە بەپۆڵ رێ و وەڵام نەدانەوەیەتی بۆ نیچە لەبەرامبەر عەشقیدا بۆی. پرسی دووەمیان دۆزینەوەی ڕێگەچارەی دەروونناسییە کە لەو ساڵانەوە سەر هەڵدەدات، بەتایبەت کەفرۆید خەریکی تاقیکردنەوەکانییەتی و بروێریش دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە یارمەتی نیچە بدات بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی. نیچە لەساڵی(١٨٤٤) لەئەڵمانیا هاتۆتە دنیاو هەر بەمناڵی باوکی دەمرێت، ئەمیش لەگەڵ دایکی و (ئەلیزابێس)ی خوشکیدا گەورە دەبێت، کەدواترو لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا ئەلیزابێس دەبێتە یەکێک لەو ئەڵمانییە توندڕەوانەی ڕێکخراوەکانی دژە جوو دادەمەزرێنن و لەسەردەمی دەسەڵاتی (هێتلەر)و (نازی)یەکانیشدا ناوبراو بووە هاوڕێی هێتلەرو بانگهێشتی کرد بۆ کردنەوەی ئەرشیفی نیچەو پەردە لادان لەسەر پەیکەرەکەی و هەر ئەمەیش وایکرد نازییەکان و خودی هیتلەریش نیچە وەک پەیامبەری خۆیان ببینن و مرۆڤە باڵاکەیشی بەنمونەی باڵای ڕەگەزی ئاری ناو بەرن و

ئەمەش بیانووی دانێ بۆ کۆمەڵکوژی خەڵکی نارەسەن بەقەولی خۆیان، بەتایبەت جووەکان.

لەسەرەتای هەفتاکانی سەدەی نۆزدەوە ئیتر نیچە ئەستێرەی بەختی بەرەو درەوشانەوە دەڕوات و وەک فەیلەسووفێک دەناسرێت، لەکۆتایی هەمان دەیەشدا لۆ ئەندریاس سالۆمی دەناسێت، لۆسالۆمی کچێکی پیاوێکی ڕووسەو ئەفسەریشە لەسووپای قەیسەردا. ئەم ژنە هەمیشە حەزی لەناسینی خەڵکانی بەناو بانگەو وەک سەرسام بوونێکیش بەفەلسەفەی نیچە لێی نزیک دەبێتەوە، ئەمە لەئیتالیا ڕوویداو (پۆل ڕێ)ش ئامادەبوو کەهاوڕێیەکی نیچە بوو. دوای ماوەیەک نیچە عەشقی لۆ دەبێت و ناشتوانێت ئەم عەشقەی بشارێتەوە، کاتێکیش لەبەردەم لۆدا ئەم عەشقی ڕادەگەیەنێت، ئیتر لۆ لەخۆی بایی دەبێت و نایەوێ بچێتە ژێر باری عەشقی پیاوێکەوەو پیاوێک کۆنترۆڵی کات، چوون ئەو ژنێکی ئازاد بووەو ویستویێتی هەمیشەیش بەئازادی بمێنێتەوە. لێرەوە سەرەتای نائومێدییەکانی نیچە دەست پێدەکات و هێشتایش لەبواری فەلسەفەدا ئەوەی نەنووسیوە کەخۆی خوازیاری بووە، کاتێکیش نیچە دەزانێ کە (لۆ سالۆمی) لەگەڵ (پۆڵ ڕێ)دا پێکەوە دەژین، ئیتر تەواو لێیدەچێت بەڕقداو لێرەیشەوە تەواوی بیروبۆچوونی نیچە لەهەمبەر ژناندا دەگۆڕێت و دواجار لەزەردەشتەکەیدا دەڵێ:(دەچی بۆ لای ژن قامچییەکەت بیر نەچێت) بەڵام ئەمە لایەنێکی پرسەکەیەو (لۆ سالۆمی)ش لایەنێکی تری لایە. ئەم ڕۆمانە پێشاندانی ئەو لایەنەی تری ژیانی نیچەیە لەدوای فەرامۆشکردنی لەلایەن (لۆ سالۆمی)یەوە. (یۆزیف بروێر) ئەو پزیشکە نەمساییەیە کە لەزانکۆ وانە بەبرایەکی لۆسالۆمی دەڵێت، ئەم پیاوە بەناوبانگترین دوکتۆری نەمسایەو لۆسالۆمیش لەڕێگەی براکەیەوە ناوبانگی زیاتر دەبیستێ و دەچێتە لای و کاغەزێک دەداتە سکرتێرەکەی و لەسەری دەنووسێت:( دەبێ لەمەڕ بابەتێکی گرنگەوە لەگەڵتاندا بدوێم. ئایندەی فەلسەفەی ئەڵمانی لەمەترسیدایە. سبەی کاتژمێر نۆ لەکافێی سۆرینتۆ چاوەڕوانتان دەبم........ لۆ سالۆمی) دواتر لۆ یۆزیف بروێر دەبینێ و ئەم دوکتۆرەش هەمان شێوەی نیچە عەشقی دەبێت، بەڵام لۆ لەوە زیرەکترە بکەوێتە داوی پیاوانەوە، ئەم ژنە دەیەوێ بەهەر جۆرێک بێت یارمەتی نیچە بدات بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی کەبەشێکی بەهۆی ساردو سەرمای ئەڵمانیاو تەواوی وڵاتانی ئەوروپاوەیەو بەشەکەی تریشی کەڕەنگە زۆرینەی بێت پەیوەندی بەوەڵام نەدانەوەی لۆ سالۆمییەوە بووە بۆ عەشقەکەی. لێرەوە لەوە تێدەگەین کەلۆ خۆی بەتاوانبار زانیوە لەهەمبەر نیچەداو ویستویەتی کەمێک لەو تاوانە لەسەر شانی خۆی لادات، بەڵام لەسەرەتاوە لەگەڵ دوکتۆر ڕێکدەکەوێت کەناوی ئەم لای نیچە نەهێنێت، ئەوەش بۆ ئەوەی

کەنیچە نەزانێ لۆ وەک فەیلەسوفێک هەر عاشقیەتی، بەڵام ناتوانێ ژیانی لەگەڵ بکات. ئەوەی زیاتر گرفتی نیچە قوڵتر دەکاتەوە لەلۆسالۆمیشی زیاتر دەکاتە دوژمن، ئەلیزابێسی خوشکییەتی، کەهەمیشە نامەی بۆ دەنووسێت و لەنامەکاندا قسە بەلۆ دەڵێت و وا لەنیچە دەگەیەنێت کە لۆ بەردەوام پیلانی لەدژ دەگێڕێت، ئەمەش بەیارمەتی هاوڕێ جووەکانی، کە ئەودەم ئەلیزابێس بەگەرمی و بەشێوەیەکی ڕێکخراو خەریکی دژایەتی کردنی جووەکانە لەئەورووپاو لەئەڵمانیا بەتایبەتی. دوای بەجێهێشتنی بروێر لۆ سالۆمی دەگەڕێتەوە ئەڵمانیاو لەگەڵهاوڕێییەکی نیچەدا مشتومڕ دەکات تا ئەو نیچە بەگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کەیۆزیف بروێر باشترین دوکتۆرە بۆ نەخۆشییەکەی نیچە. دوای ماوەیەک نیچە بەرەو کلینکەکەی بروێر دەکەوێتەڕێ و بۆیەکەمجار بروێر نیچە دەبینێ و هەستەکات لۆ سالۆمی لەسەر حەق بووە کاتێک وتویەتی ئایندە فەلسەفەی ئەڵمانی لەمەترسیدایە، لەو لایەنەیشەوە دیسان لەسەر حەقبووەو کەنیچە پیاوێکی کەللە ڕەقەو یارمەتی خەڵک قبوڵناکات. جەستەی نیچە هەمیشە نەخۆشبووەو هیچ ئاوو هەوایەکی وڵاتانی ئەورووپای پێنەکەوتووە، بەتایبەت لەزستاندا سەرێشەی بەردەوام و سەرما بواریان نەداوە لەشی ساغی هەبێت، سەرباری ئەوەش لەڕووی فکریشەوە نیچە هەمیشە لەتێڕامانێکی قوڵدابووە و وەک خۆیشی بەدوکتۆر بروێر دەڵێت: مێشکی ئاوسبووەو بەکتێب گەلێکی زۆر کەدەبێت لەداهاتوودا بیاننووسێت. دەبێت ئەوە بزانین کە ئەم گفتوگۆیەی یۆزیف بروێرو نیچە کەلەڕاستیدا ڕووینەداوە، بەڵام لەژیانی نیچە وەرگێراوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دەیەی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەو ئەو دەمیش لەهەموو لایەکەوە بۆ نیچە سەرەتا بووە، هەم وەک ناسینی لۆ سالۆمی و عاشقبوونی بەوو هەم وەک ناوبانگ پەیداکردن و چاپکردنی کتێبەکانی بەتایبەتی لەو وەختەدا (دانایی شادو، مرۆڤانە زۆر مرۆڤانە)ی تازە چاپکردووە.

نیچەو بروێر دەکەونە گفتوگۆیەکی قوڵەوەو هەرچی زانیاری بروێریشە لەمەڕ نیچەیە لەلۆسالۆمی وەرگیراوە، بەڵام لەکۆتاییدا بروێر دەگاتە ئەو بڕوایەی کەوەک لۆ باسیکردووە نیچە پیاوێک، یاخود فەیلەسوفێکی وشک و ڕەقەو هیچی لێ هەڵناکرێ و خۆی نادات بەدەستەوە و نایەوێ یارمەتی کەس وەرگرێ، لەقسەکانیشیدا هەستدەکرێت کەنیچە زیاتر گرفتاری ئەوەیە کەسێ هاوڕێی زۆر نزکی ناپاکیان بەرامبەر کردووە ئەوانیش (ریچارد ڤاگنەری گەورە مۆسیقارو پۆڵ ڕێی رووناکبیرو لۆسالۆمی) شۆخ و شەنگ، بەڵام زیاتر بە(پۆڵ ڕێ و لۆسالۆمی) نارەحەت دەبێت کەلۆ پشتی لەم کردووەو لەگەڵ پۆڵ ڕێ دەژی و پۆڵ ڕێش ئەمەی قبوڵەوە لەنێوان نیچەو لۆ سالۆمیدا لۆی هەڵبژاردووە. ئەو وەختەی نیچە

بێ ئومێد دەبێت لەوەی دوکتۆر برویر چارەسەری کات بارگەو بنە دەپێچێتەوەو دەیەوێ بەرەو ئەڵمانیا بڕواتەوە. برویر دۆشدادەمێنێ و نازانێ چیبکات چوون هەم سەراسیمەی نیچەیە، هەم بەڵێنی بەلۆ داوە هاوکاری بکات، بۆیە ناچار خۆی دەکاتە نەخۆش و بەنیچە دەڵێت هاوکاریم بکە! ئەویش قبوڵیدەکات و نزیکەی مانگێک پێکەوە دەبن و ڕۆژانە لەبارەی نەخۆشی برویرەوە قسە دەکەن کەزیاتر پەیوەندی بەعیشقەوە هەیەو ئەمەش بۆئەوەی کەنیچە شتێک بدرکێنێ و برویر سەرەداوێکی دەست کەوێت. بەڵام دواجار برویر خۆی تەواو ڕووتدەکاتەوە لەهەموو بیرەوەرییەکانی، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بەدووجار عاشقبوونەوە هەیە لەگەڵ دوو ئافرەتدا کەیەکیان نەخۆشی خۆی بووەو یەکێکیشیان وەک سکرتێرە کاری لەلاکردووە. بەمجۆرەش نیچیە هیچ ناڵێت و دواجار برویر بەجێدێڵێ و دەڕواتەوە ئەڵمانیاو سەرقاڵی کاری خۆی دەبێت و لەگەڵ لۆسالۆمیشدا دوورو دوژمن دەمێننەوەو یەکتر نابینن، بەڵام هەمیشە نامە گۆڕینەوە لەنێوانیاندا هەیە. برویر خەوی لێدەکەوێت، خەون دەبینێ کەژن و منداڵ و سەروەت و سامانی بەجێ هێشتووەو بەرەو ئیتالیا بەڕێکەوتووە، لەوێ دەبینێ خەڵک زۆر سەیری دەکەن بەتایبەت ژنان، کاتێک خۆی لەئاوێنەیەکدا دەبینێ هەستەکات سیمایەکی دزێوی هەیە بۆیە ئاوها سەیری دەکەن، لەوێدا بێداردەبێتەوەو فرۆید لەسەری وەستاوەو دەبینێ ئەوەی ڕوویداوە هەمووی خەون بووەو ژن و منداڵ و سەروەت و سامان و ناوبانگی هەر وەکو خۆیەتی. لێرەدا ڕۆمانەکە تەواو دەبێت، وەک دەبینین یۆزیف برویر نەیتوانی نیچە چارەسەر کات و نیچەو لۆسالۆمیش ئاشتنەبوونەوە. ئەوەی لەم ڕۆمانەدا پێی ئاشنا دەبین عەشقی نیچەیە بۆ لۆسالۆمی و ڕیشەی ئەو ڕقەی نیچە لەژنی هەڵگرتووە، وەک سەرەتا وتمان نیچە لەگەڵ دایکی و ئەلیزابێسی خوشکی گەورە دەبێت، چونکە لەتەمەنێکی زۆری منداڵییەوە باوکی دەمرێت، دواتریش بەهۆی خوێندنەوە لێیان دوور دەکەوێتەوەو پاشانیش کەناوبانگ دەردەکات لۆسالۆمی دەناسێت و عاشقی دەبێت کاتێکیش ئەو وەڵامی نەرێی دەداتەوە ئیتر سۆزی ئەلیزابێس و دایکی لەلایەک و ڕقیشی لەلۆسالۆمی لەلایەکی تر تێکەڵەیەک دروستدەکەن و، دەبێتە ئەوەی کەنیچە ڕقێکی خراپ لەژن هەڵگریت و لەلایەک بەقامچییەوە بچێتە لایان و لەلایەکیش بەپشیلەیان بچوێنێت. ئەم ڕقەی نیچە بەخۆشەویستی دەستی پێکردووەو بەوتەی (کارل مارکس)یش هەندێک خۆشەویستی ئاکامی ماڵوێرانکەریان لێدەکەوێتەوە.

مێژوو

# مێژووی کەرکووک

## کەرکووک لە سەردەمی کلدانییانەوە تا ئێستا

عەرەب فەهمی مستەفا

لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە

بەشی دووەم

### حکوومەتێک لە (ئەرافا) دا

کتێبێک بەناوونیشانی (جیهانگیری ئێران) کە بە فارسی نووسراوەتەوە و لە کتێبخانەی (باش ئەعیان) ەکانی بەسرەدایە، ئەم کتێبە ساڵی ١٨٧٠ – شەست ساڵ لەمەوبەر لە بۆمبەی چاپ کراوە، نووسەری کتێب (ئیسماعیل) ناوێکە.

لەم کتێبەدا بە دوورو درێژی و بەزمانێکی ئەدەبی، چۆنیەتیی نۆژەنکردنەوەی لەلایەن میرێکی ئێرانەوەی کەرکووک و دوای نیشتەجێ کردن باسی جەنگێکیشی کردووەو لە هەموو ئەم شەڕانەشدا خودی میرەکە بە قسە دەهێنێ. ئێمە ئەم بەشە بە کورتی دەگوێزرینەوە، کە تاقمە چیرۆکێکی ئەفسانەی تێکەڵ و پێکەڵە، بەهەر حاڵ لەم نێوانەدا گەلێک شتی ڕاستیشی تێدا هەیە. چونکە بەپێی لافی نووسەر، ئەمەی نەک وەکو خەیاڵ، وەکو ڕاستی نەک وەک ئەفسانە، گوایە وەک مێژوو نووسیویەتییەوە. بەڵام بەم شێوەیە دەست بە گێڕانەوە دەکا، لەزمانی (میر، یان بەرتسی) یەوە دەڵێ:

تاریکی هەموو لایەکی گرتبووەوە، هێدی هێدی بەفر دەباری، باوکم لەگەڵ وەزیرو



هەواڵنامەی کتێب

یاوەرانیدا لەژوورێکدا، منیش لەگەڵ «ئەستیاگ – ئەستیاخ» و«باردیبا»ی هاوڕێیانم قسەی خۆشمان دەکردو لەوە بێ ئاگابووین کە خەریک بوو بەسەرماندا دەهات و بەخولیای ورشەدارو جوانی دواڕۆژەوە خۆمان دەخلافاند. دەرگاوان ئاگاداری کردمەوە کە باوکم داوام دەکا. نازانم بۆچی ترسێک دایگرتم. چوومە بەردەم باوکم و چۆکم دادا. زۆر ڕامابوو و وەزیرەکان هەر هەموو سەیری زەوییان دەکردو باوکم بەمنی گوت:

– ئەی (فرەزوس) بڕیارم دا. هەر ئێستا وڵاتی من بەجێ دەهێڵی، ئەوە دوو جۆرک زێڕ و فەرمانم بەسەرکردە داوە، بیست سوارت لەگەڵدا بنێرێ... هەر ئێستا ئەم دەڤەرە بەجێ بهێڵەو دوور بکەوەرەوەو لە دووردا وڵاتێک بۆ خۆت دابین بکە. هەڵسامە سەر پێیان، بێ ئەوەی قسە بکەم دەستەکانیم ڕامووسی و پارە زێڕەکانم وەرگرت و چوومە ئەو ژوورەی برادەرەکانی لێ بوو. بە کورتی باسەکەم کرد، فەرمانم بە دەستوپێوەندەکانم دا دەوارەکانیا بۆ ئامادە کردین، بێ ئەوەی کات لەدەست بدەین بەو تاریکە شەوە لەگەڵ بیست سوارەو دوو برادەرەکەم و خزمەکارەکانمدا کەوتینەڕێ... چووینە دەرەوەی شار، بەڵام کوێوە دەچین و بەکام ڕێدا دەڕۆین و... هیچ کەسێک نەدەوێرا قسەیەک بکا، نیو فەرسەنگ (فەرسەخ) لەشار دوورکەوتینەوە... لە بەرامبەرماندا چیمان بینی؟! لەسەر ڕێماندا کەسێک وەک پەیکەر وەستاوە، دەتگوت چاوەڕێی ئێمەیە... هاوارم کرد: کێیە ئەوە؟ دەنگێکی بە بەزەیی:

– فرەزوس! منم گۆماتا – ی جادووگەر، بەتەنیات بەجێ ناهێڵم لەگەڵتدا دێم ، قایل دەبی.؟

– ئەی باوە گۆماتا، تۆ دەورات نییە، ئێمە دەچینە ڕێیەکی دوورو درێژ، تۆش ئێجگار پیری، تاقەتی ڕاگوزاریی دژواری وەهات نییە. تۆ لێرە بمێنەوە دوعامان بۆ بکە؟!

گوتی: نەخێر... دەوارم چەند هەنگاوێک لەولاتردا بەستراوەتەوە، وەکو پێت وایە ئەوەندەش پیر نیم ... من تۆ بەجێ ناهێڵم . قایل بووم، ئەوەندەی نەبرد (گۆماتا)ش لەگەڵ ئەم کاروانە گچکەیەماندا کەوت... خۆم لە خۆمم پرسی: داخوا ئەمە لە کوێوەی زانی؟ دواترکە بیرم کەوتەوە کە جادووگەرە، وازم لەم بیرکردنەوەیە هێنا. ئیدی گۆماتا بووە ڕابەرمان و پێشمان کەوت، ئێمەش بەدوای ئەودا دەڕۆیشتین و لاریمان نەدەکرد، چونکە لە ئێراندا کەس نەبوو گۆماتا نەناسێ و لێی نەترسێ. ئەو هەموو شتێکی دەزانی و هیچ لارییەک قبووڵ ناکا قسەی نەدەبووە دوو، دووچاوی سەرسووڕمێنی ئەوتۆی هەبوو کە :

تەماشاکردنی و هەڵنەلەرزین لە تواناداا نەبوو. هەروەها لە چیاو گردەکاندا ڕێمان دەکرد... بەڵام دەشێ لەگەڵ گۆماتا حەوت و هەشت بکرێ؟ لەسەرمان ڕەق دەبووینەوە، هەموو لایەک بەفر بوو، دەمەو بەیان گۆماتا لەسەر گردێکدا، لەژێر دارێکی گەورەدا لە چارەوییەکەی دابەزی... گوتی: دانیشن. دابەزن با تاوێک بحەسێینەوە، با هەندێک ئاگر بکەینەوەو خۆمان گەرم بکەینەوە. هەموومان لە دەوارەکانمان پیادە بووین و تۆزێکی دیکە بە هەر هەموومان ئاگرێکی گەورەمان کردەوەو بازنەیەکمان لە دەوری ئاگرەکەدا پێکهێنا... گۆماتا دەستی بە پەیڤین کرد:

هێی فرەزوس، تۆ دەبیتە فەرمانڕەوایەکی لەباوکت مەزنتر، بەڵام لەسەرە ڕێماندا مەترسیی زۆر زۆر هەن، بەڵام تۆ کە هەرچی پاڵەوانێک لە ئێراندا هەبوو هەمووت زەبوون کرد، جیهانت بەهێزی بازوو سەرسام کرد، یەکە ئاژەڵی وک شێرو پڵنگت بە پەنجەکانت پارچە پارچە کرد، لە هیچ مەترسەو پشت بەهێزی ئەم دووبرادەرەش ببەستە، هەر چیمان لەسەر ڕێدا تووش هات... دێو، درنج... هەرچیمان دی ناترسین... گۆماتا قسەی کرد، چەند هەنگاوێک بەولایەوە، نەڕەیەکی سەیری شێرێک بیسترا... گۆماتا پێکەنی، گوتی: ئافەرین شێری خۆم، لەکاتێکی چاک گەیشتی، بەیانییە، بەبێ خواردنی شتێک، بەڕێ کەوتین ڕاست نییە! جگە لە برادەرەکانم، ترسم بەڕووی ئەوانی دیکەوە بینی، کە شێرەکە لێمان نزیک دەبووەوە، بە گشتیانم گوت: کەس لەشوێنی خۆی نەجولێتەوە، هەڵسامە سەر پێیان... چنگ بەرامبەر چنگ هاتین، ئاژەڵی بەستەزمان دوای کەمێک لەژێر پێیەکانمدا گیانی دەدا. یەکسەر ئاماژەم بۆ سوارەکان کرد و زۆری نەبرد گەدەکانمان بە گۆشتی ئەم شێرە خاوێنە پڕدەکردەوە... ئەمە ڕووداوێک بوو لە شەوی یەکەمماندا بەسەرمان برد، هەموومان تێربووین، بەر لە خۆرهەڵاتن، بێ ئەوەی قسە بکا، خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکەی و ئێمەش بە دوایدا بەڕێ کەوتین.

ڕێگامان زۆر سەخت بوو، چیای بەرزو ڕێی باریک... بۆ کوێ دەچین؟! جاروبارێک ئەم پرسیارە دەگەییە قوڕگم و بەڵام کە چاوم بە چاوە بریقەدارەکانی گۆماتا دەکەوت، بە گوێڕایەڵیی چوون منداڵ ملم بەرەو زەوی شۆڕ دەکردەوە و لەڕێکردن بەردەوام دەبووم. کات نیوەڕۆی ڕەت کردبوو، هەموومان تینوو بووین، بەڵام لە بەیانییەوە تا ئێستا، نەکانییەک، نە جۆگەلەیەکمان لەسەر ڕێماندا بینی. من خاکی خۆم و ئەم چیایانەم چەند خۆش دەویست، بۆچی لەم خاکانەوە دەردەکرێم کە ئەوەندەی گیانی خۆمم خۆش دەوێن؟ چیم کردووە، تاوانم چییە؟ لەناخی خۆمدا بیرم لەمە کردەوە، چاوم پەڕییە تەوقی سەرم، هیچی لێ تێ

نەگەیشتم: دەمەو ئێوارە هاتینە سەر کانی و ئاوێک، پیادەبووین و شەویشمان لەوێ بەسەربرد و... لەگەڵ بەیاندا لەڕێدا بەردەوام بووین و شەش ڕۆژ بەم شێوەیە، بێ ئەوەی تووشی هیچ ڕووداوێک بین ڕێمان کردو هەموو ڕۆژێک بە گۆشتی ئەو نێری و بزنە کێوییانە گوزەرانمان دەکرد کە ڕاوم دەکردن، دەوارەکانمان بەو پووش و گەڵا وشکانە تێر دەکرد کە لەژێر داراندا کۆمان دەکردنەوەو.سەر لە بەیانیی حەوتەمین ڕۆژ گۆماتا بەو دارەی بە دەستییەوە بوو چەند نیشانەیەکی لەسەر زەویدا کیشا و... تێکدانەوە و دووبارەی کردنەوە... دواییش بەمنی گوت:

– ئەمڕۆ ڕۆژێکی بەدە، کارەساتێکی گەورەمان لەژوور سەردا هەڵدەفڕێ. با لێرە بمێنینەوە. نەجووڵێینەوە باشترە. دەمارمی گرت... گوتم: ڕۆژ، چاک و خراپی هەیە؟. دەسا ئەمە ترسنۆکییە دەی باوە گۆماتا مەترسە! چاوەکانی تێ بریم، گلەییەکی ئەوتۆ ناخۆشی تێدابوو کە: ئەوەندەی نەمابوو لە قسەکانم پەشیمان ببمەوە، بەڵام کە قسەکەم کردبوو، گەر بشمردبام گەڕانەوەی نەبوو... بە پێکەنینەوە گوتم: دەی بابا گۆماتا من بڕیارم داو هەرچی دەبێ بابێ، دەڕۆین. گۆماتا بێ ئەوەی هیچ بڵێ، خۆی هەڵدایە سەر وڵاخەکەی و ئێمەش دوای کەوتین. سەر لە بەیانی، پێشبینی گۆماتا، هەموومانی سەرسام کردبوو، کەسمان زاتی قسەکردنمان نەبوو، لەکاتێکدا هیچ شتێکی سەرنجڕاکێش لە گۆڕێدا نەبوو، هەر وەک بڵێی بەڕاستی تووشی کارەساتێک دەبین، ئاوا دەترساین. ئەو کارەساتەی گۆماتا باسی لێوە دەکرد، لەمێشکمدا بە چەندین جۆرم بەرجەستە دەکرد و تەنانەت بە چرکەیەکی کەمیش ڕادەچەنیم. خۆر بەچاکی بەرز بوو بووەوە و بەناو دۆڵێکی دەوروبەر چیادا دەڕۆیشتین، لەکۆتاییدا بە گەروویەکی تەنگەبەردا ڕەت بووین و چووینە ناو دۆڵێکی دیکە، لەلای دەستە ڕاستمانەوە هەزاران سوارەمان بینی کە بەڕێیەکی هاوتەریبی ئەو ڕێیەدا دەڕۆیشتن کە ئێمەی پێدا دەڕۆیشتین. لەگەڵ ئەوەشدا کە ماوەی نێوانمان زۆر کەم بوو، ئێمەیان نەدی، گۆماتام لێ نزیک بووەوەو گوتی: ئا ئەم کارەساتە بوو کە باسم دەکرد، لێی ڕزگار دەبین بەڵام دوای چەشتنی ئازارێکی زۆر. لەم دەمانەدابوو کە: تاکە یەک سوارەی ئەوان بەرەو ئێمە نزیک بووەتەوەو شتگەلێکی گوت و گۆماتاش تاقمە وەڵامێکی دایێ، بەڵام بە چ زمانێک قسەیان کرد؟ نازانم. دوای ڕۆیشتنی سوارەکە پرسیم و گوتم، ئەمە چ دەڵێ؟ گۆماتا گوتی: پادشایەک کە منیش نایناسم بە لەشکرەکەیەوە بەرەو جەنگ دەچێ، لە ئێمەی پرسی بۆ کوێ دەچن؟! منیش تێمگەیاند...سوارەکە دیسانەوە هاتەوەو تاقمە شتێکی بە گۆماتا گوت. گۆماتا ڕەنگی زەرد زەرد هەڵگەڕاو لە شێوەیەوە بە بایەخی

بارودۆخەکە تێگەیشتم. گۆماتا بە دەنگێک کە هەموومان بیبییەین، سوارەکەش هێشتا وەستابوو... گوتی: پادشای ئەم لەشکرە داوای بەدەستەوەدانی چەکەکانتان و بەدیل بوونتان لێ داوا دەکا... ئێوە چی دەڵێن؟ بێ ئەوەی ڕێ بەقسەی کەس بدەم هاوارم کرد، گۆماتا... فەرمان دەدەم، ئەم قسانەی دەیانکەم وەکو خۆی بەو پیاوە بڵێ: برۆ! بە پاشاکەت بڵێ، لەشکرێکی هەزار ئەوەندەی هەبێ، تا گیان لە لەشمدا بمێنێ، چەک دانانێین و دیل ناکرێین، ئەگەر توانای هەیە، ئەوە ئێمە لێرە وەستاوین، بۆ بەدیل گرتنی ئێمە با لەشکرەکەی بنێرێ... گۆماتا قسەکانمی لە سوارەکە گەیاند، سوارە گەیشتە ئەوێ و دوای کەمێک لەو شوێنەدا وەستابوو کە لەشکرەکەی لێ بوو... هەموو سوارەکان ڕێزێکیان بەست و چل سوار لەمان جودا بوونەوەو بەرەو ئێمە هاتن. چاوەکانم خوێن گرتبوونی، هەموو لایەکم بەسووری دەبینی. لەگەڵ ئەستیاگ و باردیبای برادەرەکانمدا هێرشمان بردە سە ئەم سوارانە و بیست کەسیشمان لە دواوە هێرشیان بردنە سەر... زۆری نەبرد تاکە یەک کەس بەسەرپەرشتی ولاخدا نەما. بەڵام چل کەسی دیکە لە لەشکرەکە جودا بوونەوەو تووشی هەر ئەو بەسەرهاتە بوون. پادشا کە ئەمەی بینی بە لەشکرەکەیەوە دەورمانی ئابڵووقە دا، بەم جۆرە ئێمەش لەبەر



نائومێدی هێرشمان بە هەموو لایەکدا دەبردو ببڕەو بدوورەوەو... چەندمان جەنگ کرد؟ نازانم بەڵام لە هەموو لایەکی لەشمەوە خوێن دادەچۆڕی، بەرچاوم تاریک بوو ودواتر... چی بوو؟ نازانم... کە چاوم کردەوە، خۆم بەسەر پشتی وڵاخێکەوە بەشەتە کدراوی بینی کە لەگەڵ لەشکردا دەڕۆیشتین، نەمتوانی ببینم و دیسانەوە لەسەرخۆ چوومەوە... نازانم کەی بوو؟ چاوم کردەوە، دەست و پێم بەسترابوون، هەستم کرد لەشوێنێکی تاریک و شێدارو سارددا بووم، هەموو ئاوەزم لەسەرمدا کۆکردەوەو بەچاکی سەیری دەوروبەرم کرد، ئەو شوێنەی لێی بووم ناو چادرێک بوو، لە حیلەی ئەسپ و بیستنی جاروباری دەنگە دەنگ-ەوە لەوە گەیشتم کە لەشکر لێرەدا شەو دەکاتەوەو کاتیش دوای نیوە شەوە. گەرووم دەسووتا... هاوارێکم کرد کە لە جۆری نووزە بوو، گوتم: ئاو، هەندێک ئاو. هەستم بە جووڵەیەکی ناو چادرەکە کردو ئینجا کاسەیەکی پڕ لە ئاو لە لێوەکانم نزیک کەوتەوە، هەمووم خواردەوە، ئەوەی ئاوەکەی دامێ بە فارسییەکی ڕەوان گوتی: برسیت نییە؟

– گوتم! برسیمە، بەڵام تۆ کێی و ئێرە چییە؟... گوتی دوایی دەزانی... دەستەکانی کردمەوە و پارچە نانێک و گۆشت و کاسەیەک ئاوی لە بەردەممدا دانا. تێر تێرم خوارد و بەخاوەنی چادرەکەم گوت: سوپاست دەکەم، تۆ کێیت؟ من لەم لەشکرەدا ئەفسەرم، دوای بە دیل گرتنی تۆ، پادشا بۆ پارێزگاریت تۆی دایە دەستی من. تۆ ئێستا پێویستیت بە نووستن هەیە. سبەی زۆر قسە دەکەین. لەشکر بەخۆی سبەی لێرەدا دەحەسێتەوە و ئەمەش بەختی تۆیە، چونکە ئەگەر لەشکر سبەی دەستی بە ڕۆیشتن بکردایە، لەسەر پشتی وڵاخدا بە ئازاری زامەکانت تێدا دەچووی، دواتر پۆشاکێکی ئەستووری دامێ و گوتی ئەمە بەسەر خۆتدا بدە، تەنیا ئەو پێوەندەی پێت ناکەمەوە، با دەستت کراوە بێ... دەبنوو وخۆت ماندوو مەکە... بۆ بەیانی چاوم بە هەرای ناو لەشکردا هەڵێنا. لەو شوێنەوە کە تێیدا بەسترابوومەوە سەیری لەشکرم دەکرد، بەڕاستی لەشکرێکی ڕێک و پێک بوو، چاوم بەلایەکدا گێڕایەوە بینیم ئەستیاگ و باردیبا و گۆماتای برادەرانم لەم چادرەدا بەسترابوونەوە، من هەر وام دەزانی ئەمانە کوژراون، ئەوانیش سەیری منیان کرد، ڕامانێکی قووڵ بە ڕووی گۆماتاوە دیاربوو. ئەمجارەیان ئەو پیاوەم کە لە چادرەکەیدا بووم، لەنزیکەوە بینی، ئێجگار بەڕێز و بەسام بوو. دەم بە پێکەنین، بەرچایی دامێ، گوتی: زامەکانت هیچ یەکێکی سەختیان تێدایە؟ گوتم: نازانم. زۆری پێ نەچوو یەکێک هاتە ناو چادرەوە، گوتی: من نەشتەرگەریی پادشام و منی بۆ دەرمانکردنی برینەکانت ناردووە و.. ڕێم لێ نەگریت!!

هەمــوو لایەکی تەنمی کــردەوە، برینەکــانی پشکنیم، برینی قــووڵم لەلەشــدا نەبوو... نەشتەرگەری دوای ئەوەی لە کارەکەی بووەوە، گوتی: ئامادەبە، پادشا دەیەوێ بتبینێ... دوای کەمێک،سێ کەس هاتنە ناو چادرەوە، دوای ئەوەی چەند ڕستەیەکیان لەگەڵ ئەو پیاوەدا ئاڵوگۆڕ کرا کە لە ژێر چاودێرییدا بووم، (پێ) یان کردمەوەو منیان لەگەڵ خۆیان برد. چووینە ناو چادرێکی ئاوریشمینەوە، لە سەرەوەدا یەکێکی شێوە دێو دانیشتبوو، هەر کە چوومە ژوورەوە، لەسەر تا پێ لەمنی ڕوانی، هەرچوارمان بەپێوە وەستابووین، کەسی زۆر لەناو چادردا ڕۆنشتبوون... بە زمانێک کە من تێی نەگەیشتم چەن شتێکی گوت... ئەو زاتەی لە چادرەکەیدا بەند بووم هەنگاوێک چووە پێشەوەو دەستی بە وەرگێڕان کردو ئەم گفتوگۆیەمان لە نێواندا بوو:

– خەڵکی کوێی و ناوت چییە؟

– من ئێرانیم و ناوم قەرەزەووس – ە؟

– ئاینت چییە؟

– زەند ئاوێستا؟!

– بۆ کوێ دەچی؟

– نازانم!!

– یانی چی؟! مرۆڤێک کە ڕێ دەگرێتە بەر نازانێ بۆ کوێ دەچێ، یان بۆچی دەچێ؟! کەواتە تۆ یان پیاوێکی شێتی، یانیش گەمژەیت.

– شێت و گەمژە نیم... بەڵام بە بێ ئاڕاستە دەڕۆم، مەبەستم تا شوێنێکی گونجاو بۆ خۆم دەدۆزمەوە، لەوێ ستار دەگرم.

– ئێستا چۆنە؟ شوێنێکی باشت بۆخۆت دۆزییەوە؟!

– گاڵتەم پێ دەکەی؟ کارەسات، مەرگ، بەدیل گیران بۆ کەڵە مێردانە.

بە توندو تووڕەییەوە!« بڕوانە هەرزەکار! من ئەوەی سەربازەکانم دەکوژن بە ئەشکەنجە دەیانکوژم، تۆ دوێنێ بوویتە هۆی کوشتنی سەد کەس لە سەربازانم، گۆشتت دەرخواردی سەگگەل دەدەم، چاوەکانت هەڵدەکۆڵم، ئەمەیە سزای ئاژەڵێکی هاری وەک تۆ.

«بە هێــمنی ...» من دیلی تۆم، دەتوانی هەمــوو شــتــێک بکەی. ناوی هارت لەمن نا، لەکاتێکدا ئێمە بەڕێی خۆماندا دەڕۆیشتین، بە ناهەق هێرشتان کردە سەرمان، ئەگەر شتێک هەبێ ئەوەش ئەوەیە کە ئەرکی سەرشانی هەموو کەڵەمێردێکە، کە ئەوەش بەرگری

هەواڵنامەی کتێب

لەخۆیە بەرامبەر هەر دەستدرێژییەک، ئەگەر ئێوە ئەمە بە نامەردی دادەنێن، لەوەدا کە لە بەرامبەرماندا دەیکەین، لەسەر هەقن، پیرەمێردێک لەوانەی دانیشتبوون تێکەڵی قسەکە بوو وبە دوورودرێژی لەگەڵ پادشادا دووا.

پادشا بە منی گوت:

– ئەگەر من لەتۆ ببورم، لەگەڵمدا لەخزمەتدا دەبی؟

– نەخێر.

– بۆچی؟

– چونکە منیش لەژیاندا مەبەستێکم هەیە، ئامانجێکم هەیە، یان سەردەکەوم یان دەمرم، لەم دوو ڕێیە بەولاوە بە هیچ قایل نابم.


– ئامانجت لەژیاندا چییە؟! بڵێ... بەڵکو دەتوانم بۆتی بەدی بێنم!

– نابێ!

– باشە تۆ ئێستا برۆ بحەسێوە، چەند ڕۆژێکی دیکە دووبارە یەکدی دەبینینەوە.

پاشا دوا وتەکانی بە بەزەییەوە گوت، گەرامەوە ناو چادر، چیی دیکە منیان بەند نەکردەوە، ئارەزووی بینینی برادەرەکانم دەرخست پەسەندیان نەکرد. دەمەو ئێوارە گۆماتا کۆمەڵە ئاماژەیەکی بۆ کردم، لە یەکێک لەو ئاماژانەوە تێگەیشتم کە دەیگوت ئامادەبە، ئەمشەو هەڵدێین، بەڵام بیرم لەوە کردەوە، هەموو لایەکی ئەوان گیراوە، چۆن دەتوانین هەڵبێین، بەهیچ جۆرێک عەقڵم نەیدەبڕی، هەر لەو کاتەشدا بە شێوەیەکی نائاساییەوە پشت بە گۆماتا دەبەستم و لێی دڵنیام. بەتایبەتی دوای ئەوەی پێشتر لەم کارەساتەی ئاگادار کردینەوە کە لەم دواییەدا بەسەرماندا هات. شەو داهاتبوو، مەراقێکی سەیرم کردبوو، بیرم هەر بە دەوری هەڵاتندا دەگەڕا، دەرچوون لەم لەشکرەوە کە وەک مێرووله بەیەکدا دەهات. بە ئەندێشەیەکەوە خەو بردبوومییەوە، بە سیخورمەی یەکێک ڕاپەڕیم، دەستمی گرت و هەڵسامە سەر پێیان. لە چادرەکە دەرچووین، لە دەرگای چادرەکەدا ئەستیاگ و باردیبا بە پێوە وەستابوون، گۆماتا ڕێی کردو ئێمەش دوای ئەو کەوتین، دەنگ لەناو لەشکردا بڕابوو. لە لەشکرەوە دەرچووین، ئەوەی هێزمان هەبوو بە قاچمان بەخشی و بە زەحمەت دەگەیشتینەوە گۆماتای پیرو بێ وزە، بەم شێوەیە، بێ ئەوەی قسە بکەین تا خۆر هەڵهات ڕێمان کرد. خۆر هەڵهات. ئەو ڕێیەی گرتبوومانە بەر ڕێگا نەبوو، بە ناوراستی چیاکاندا دەڕۆیشتین، گەیشتینە سەر ئاوێک گۆماتا دانیشت، ئێمەش

دانیشتین. بێ ئەوەی قسە بکا گۆماتا دیسانەوە هێڵەکانی کێشا و بە پێکەنینەوە گوتی: ئیدی ڕزگـار بووین. گـوتم: ئەی بابا گـۆمـاتا، بەبێ چەک، بەبێ ولاخ لەم چیایانەدا چی دەکەین؟ بە پێکەنینـەوە وەڵامـی دایەوە: فـرەزوس، پێم وایە چاکی دەناسی، دەبێ بڕوا بە پێشبینیم بکەی، من هـەمـوو شـتـێک دەزانم. بڕوانە: ئەگـەر تۆ سـوور نـەبوویتـایە، ئـەو ڕۆژە وەک ئەوەی من دەمگوت لەو شـوێنە بماینایە، ئەم کارەساتەمان بەسـەر نـەدەهات. بڕوانە تێت بگەیەنم، هـەندێک کارەسات هەن، من ئەوانە پێش وەختە دەزانم و دەتوانم چارەیان بکەم، هەندێکیشـیـان دەزانم بەڵام توانای گێڕانەوەیانم نابێ، ئەوسا بمەوێ و نـەمـەوێ خـۆم دەدەمـە دەست چارەنووسـی زۆردارو بە تـەواوی هێـمنیـیـەوە چاوەڕوانی ئەنجـامـەکـەی دەکـەم، تۆ گـوێڕایەڵی من بە، چەکـیش دەبێ و ولاخـیش دەبێ، سـەربازیشت لەتەکدا دەبێ، تەنیا دان بـەخۆتدا بگرە و بەرگە بگرە!!. گوتم: بابا گۆماتا ئێمە چۆن هەڵهاتین؟ بە تووڕەیـی وەڵامی دایەوە، ئەمـەندە خـۆ لەکـار هـەڵقـورتاندنـی تۆشـم ناوێ، ئـەمـە چۆن بـوو وئەوەت چۆن کـرد و وەڵامدانەوەی ئەمانە بۆ من دەست نادا... گوتم: باشە بابا گۆماتا جارێکی دیکە نە گوێڕایەڵیم لـێ دەبینی و نە لەو کارانەت دەپرسـم کـە ئەنجـامـیـان دەدەی. نیـشـانـەی مـەمنوونی بـە دەم و چاوی گـۆمـاتاوە دیاربوو. ئەستیاگ و باردیبای برادەرانیشم زامداربوون، زامـەکـانیـان سـووک بوو... لای ئێـوارە بابا


كركوك
تاريخي
مؤلفى :

گۆماتا گوتی: زامەکانتان بکەنەوە. بەگڵی ئەو شوێنەی لێی بووین برینەکانی پڕکردینەوەو بەستینەوە، کەس ئەم دەرمانکردنە سەمەرەیەی نەدیبوو، بەڵام کێ دەتوانێ قسەی بابا گۆماتا ڕەت بکاتەوە... ڕۆژی دوایی برینەکانمان کردەوە، بەسەرسوورمان و حەپەسانەوە دیتمان،، لە شوێنەواری برینەکان بەولاوە هیچی دیکە نەماوە. حەوت ڕۆژ بەم جۆرە بە خواردنی میوەی وشک ڕێمان کرد. گۆماتا بەیانیی هەموو ڕۆژێک بەر لەڕێ گرتنەبەر، لەسەر زەویدا هێڵە زانراوەکانی دەکردو جاروبارێک بەرەو لای ڕاست و جارنا بەرەو چەپ و جارجارەش بەرەو پێشەوە ڕێمان کرد. ڕۆژی هەشتەمی وەک دابێ خۆی دەستی بە هێڵکێشانەکانی خۆی کردو ئێمەش سەیرمان دەکرد، کارەکە تا دەهات درێژەی دەکێشا. دوایی سەری هەڵبڕی و گوتی: ئەمڕۆ پشووە، با لێرە بحەسێینەوە، ئاوی زۆرو میوەی زەبەندە. گوتی: ئاگر دەکەینەوە و ڕۆژەکەمان بە چەنەلێدان بەسەر دەبەین. ئەم ڕۆژەمان بە پێکەنین، بەم لاو بەولادا وڕاکردن بەسەربرد، ڕۆژی دواییی بابا گۆماتا هەر زوو ئێمەی لەخەو هەڵستاند... گوتی: دەی کوڕینە ڕێگا ڕوون بووەتەوەو دیار بووە، چارەی پێ دەکەنی... گوتی: هەر یەکسەر دەست بە ڕۆیشتن بکەین و دوای کەوتین، بەڵام کاری هێڵکێشانەکەی نەکرد، لەوانەیە بەر لەوەی ئێمە لەخەو هەڵبستین ئەنجامی دابێ، تا نیوەڕۆ بەشێوەیەکی تیژڕۆیی ڕێمان بڕی، گۆماتا گوتی: پێم وایە ئەمڕۆ ئەسپیش و چەکیش وەدەست دەخەن. هەموومان پێمان خۆش بوو، ئەوەندە بڕوام  بە قسەکانی هەبوو کە: لە خۆشییان نەمدەزانی چی بکەم. لە دەمێکی نزیک ئێوارەدا لە گەرووی چیاکەیەوە دەرچووین. لەبەردەممماندا دیمەنێکی زۆر سەیرمان بینی، پڵنگێک ئەسپێکی پارچە پارچە کردوە و سوارەیەکیش چەند هەنگاوێک بەولاوە وەکو پەیکەر وەستاوەو تەماشا دەکا، ترس ئەوەندە کاری تێ کردووە کە، پیاوی بەستەزمان یەک هەنگاو نانێ. بەبێ وەستان بازم داو هاوارم لە پڵنگەکە کرد. پڵنگ نەیدەویست بەری بدا، بەڵام کە بەرەو ئەو چوونە سەرسەختانەکەی منی بینی، وەکو لەوە تێگەییبێ لە بەرامبەریدا دوشمنێک هەیە لێی ناترسێ، دەست و دەم لەناو خوێن لەسەر وڵاخەکە هەڵساو خۆی کۆکردەوە و زانیم دەیەوێ پەلاماری من بدا. هەنگاوێکی دیکەم نا و هەندێک بەلایەکدا کشامەوەو پڵنگ خۆی هەڵدا، لەنزیکیی نیو هەنگاو بەلای دەستە چەپمدا کەوت، ئیدی پەنجەگیری یەکدی بووین... ئەوەندەی پێ نەچووبوو ئێسکی مل و پەراسووەکانی شکابوون و لەلای نووکی پێمدا گیانی دەدا. بێگومان برادەرەکانم لە سەرکەوتنم دڵنیا بوون. بەڵام پیاوی بەستەزمان هەر چاوەکانی خۆی هەڵدەگڵۆفی و بەهیچ جۆرێک بڕوای بەوەی دەیبینی نە دەکرد. لێی نزیک



بووینەوە، دڵنیام کردەوە، فارسییەکی جوانی دەزانی... سەرەتا وای دەزانی ئێمە مرۆڤ نین، دواتر کە تۆزێک هاتەوە سەرخۆ... گوتی: هەقمە ... وانییە؟! من تا ئەمڕۆ نەدیومە و نەبیستوومە بەم شێوەیە مرۆڤێک بەبێ چەک پڵنگێک وەک پشیلە بکوژێ و وا لێ بکا... داوای لێبووردن دەکەم... با ڕووداوەکەتان بۆ بگێڕمەوە، لەگەڵ دەس و پێوەندەکانماندا بۆ ڕاووشکار دەرچووین، کەوتبوومە دووی بزنە کێوییەک، بەڕاونانی ئەو لە سەربازەکانم دوورکەوتمەوە، ئیدی کە هاتمە ئێرە ماندووبووم، گوتم کەمێک بحەسێمەوە، لە وڵاخەکەم پیادە بووم و چەند هەنگاوێک لە وڵاخەکەم دوور کەوتم و نەکەوتمەوە، سەیرم کرد ئەم پڵنگە وەک تیر خۆی هەڵدایە سەر وڵاخەکەم، حەپەسام. بێگومان ئەگەر ئێوە نەگەیشتنایە ، منیش پارچە پارچە دەکرام، من پادشای ئەم وڵاتەم، بەرامبەر ئەم چاکەیەی ئێوە، بۆ هەموو جۆرە خزمەت و یارمەتییەک ئامادەم. بێگومان ئێستا جێی ئەوە نییە هیچ شتێکتان لێ بپرسم. سەربازە یاوەرەکانم لەهەر کوێیەک بن بەهەر حاڵ ئێستا بەدیار دەکەون و دەچینە تەلارو ئەم شەوە لەسەر شەرەفی ئێوە بە خۆشەویستی و ئاهەنگ بەسەر دەبەین.

بەڕاستیش زۆری نەخایاند، هەزاران سوارە، بەشێوەیەکی پەرت و بڵاو دەرکەوتن ، هەر کە ئێمەیان دی و نەدی، بەرەو ئێمە هاتن و تەواوێک لێمان نزیک کەوتنەوە، کە پاشایان

بینی لەبەردەمیدا ڕێزیان بەست... پادشا فەرمانی دا چوار سەرباز ئەسپەکانیان دایە ئێمە، یەکێکیشیان کە بە شێوەیدا دیاربوو یەکێکە لە وەزیرانی، ئەسپەکەی دایە پادشاو بەخۆی، خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپی سەربازێک و هەموومان پێکەوە بەرەو پێشەوە ڕاست دەستمان بە ڕۆیشتن کرد. شەو گەیشتینە شارو چ شارێکی گەورە و گران بوو، گەیشتینە تەلاری پادشا، سەرباز لەوێ وەستان، پادشا لەگەڵ چەند کەسێک فەرمووی لە ئێمە کرد... چەند پیاوێکی شێوە سەرباز پێشوازییان لەخۆی کردو، بە زمانێک کە من تێینەدەگەیشتم بڕە قسەیەکی پێ گوتن... ئاماژەیان بۆ ئێمە کرد. ئێمەیان بردە ژوورێکی ئێجگار ڕێکوپێک و ڕاخراو و دواییش بۆ هەر یەکێکیان دەستە جلی جیا جیایان هێنا. جلەکانمان گۆڕی و ئینجا ئێمەیان بردە ژوورێکی دیکە و هەموو کەلوپەلەکانی ئێرە بەبەردی بە نرخ ڕازێنرابوو.. دوای ئەوەی ئێمە دانیشتین چوار کەسی دیکە هاتن و زۆری نەخایاند پادشاهین هات، بەڕوویەکی بە پێکەنینەوە گوتی :ئێستا بەخێر هاتن ، ئێوە ژیانی منتان ڕزگار کرد، بێگومان خزمەتێکی ئێوە کە بکرێ بایەخی نییە. فەرمانی خواردنی دا، شەکراومان خواردەوە و لەمنی پرسی. ئەی ئازا ناوت چییە؟

– فرەزەوس!

– لەکوێوە دێن و وبۆ کوێ دەچن، ئایا دەشێ وەها بە بێ چەک و بە بێ وڵاخ بگەڕێن؟!

– لە ئێرانەوە دێم، بۆ کوێ دەچم؟... ئەوەیان چارەنووس دەیزانێ ، بێ چەک و بێ وڵاخ نەبووم... ئەوانەم لەڕووداوێکدا لەدەست دا کە نامەوێ باسی بکەم.

– ئەوەی بتەوێ بیڵێ، ئەوەی ناتەوێ مەیڵێ، بەڵام دەتەوێ بۆ کوێ بچی؟!

– ئەوەشیان چارەنووس دەیزانێ!

– ناتەوێ لەم تەلارەی مندا بمێنیتەوە؟ وەک کوڕی خۆمت سەیر دەکەم

– نەخێر ، هەر سبەی سەر لە بەیانی دەبێ بەڕێ بکەوم.

– لەم بارەدا داوا بکە، هەرچیت دەوێ داواکە ، تەنانەت ئەگەر دەتەوێ لێرە ببە بە شا...

– شاهێتیت بۆ خۆت! ئەوەی من دەمەوێ بۆ خۆم و برادەرەکانم وڵاخ و چەکی چاک و سەد سوارە بۆ لای خۆم، بەڵام ئەم سوارانە ناگەڕێنەوە، لەگەڵمدا دەمێننەوە...

چاوپێکەوتن




رۆماننووسی فەلەستینی دینا سەلیم:

# هەڵەبجە دۆزەخێکی نامرۆییانەی دژ بە مرۆڤایەتییە

هەڤپەیڤین: سەباح ئیسماعیل

دینا سەلیم رۆماننووسێکی فەلەستینییە و لە نووسینەکانیدا خەمی گەورەی ئەو مرۆڤە، رۆمانەکانی بە زمانە شیعری و شێوازە فەنتازییەکانیان دەناسرێنەوە. ماوەیەک لە سۆنگەی دواکەوتوویی مێردەکەی و لەمپەردانان لە بەرامبەر کارکردنی و دروستکردنی ئاستەنگ و رێ نەدان بە نووسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی، پشتی لە وڵاتی خۆی کرد و بۆ یەکجاری فەلەستینی جێهێشت و لە ئوستراليا نیشتەجێ بوو، ئەمەش نەک لە ترسی دەوڵەتی ئیسرائیلی، بەڵکو بەهۆی ئەو سانسۆرە خنکێنەرەی لە ماڵەوە دەستی لە بیناقاقای نووسینەکانی گیرکردبوو.



دینا سەلیم

*** له یەکەمین ڕۆمانتدا (الحلم المزدوج– جووته خەون) کە شانۆی ڕووداوەکانی عێراقە، ڕەشبینی و بێ ئومێدییەک بەسەر ئەتمۆسفیری ڕۆمانەکەوە دەبینرێ، داخۆ ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە لەسایەی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان و جەنگە بەردەوامەکانیانەوە، تروسکەی ئومێد و ژیان بەدی ناکرێت، یاخود وای دەبینیت کە ڕەوتی مرۆڤایەتی بەرەو هەڵدێر مل دەنێت؟**

– (جووته خەون) بۆ ئەوە نەنووسراوە خوێنەر بخاتە گێژەوە کێشەی غەم و ڕەشبینییەوە، نەخێر تەواو بەپێچەوانەوە، لەو ڕۆمانەدا ویستوومە ئەو بارە دەروونییە بگێڕمەوە، کە ڕۆشنبیران لە سایەی دەسەڵاتی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانەوە دەرگیری دەبن و بەدەست شکست و کڵۆڵی و خەفە کردنەوە دەناڵێنن.

(جووتەخەون) وێنەیەکی بچووککراوەی واقیعی حاڵەکەیە، لە میانەی ئەو ڕۆمانەوە ویستوومە گرفتەکە بخەمە ڕوو، لە دڵی خۆمیشدا ئاواتم خواستووە چاوێک بەو گرفتەدا بخشێنرێت. ڕۆمانەکە بانگەشەیەکە بۆ ئازادی و سەقامگیری، صارم (شاکەسی ڕۆمانەکە) نموونەیەکی زیندووی ئەو هەزاران ڕۆشنبیرە عێراقییانە و زۆرێکی دیش لەو ڕۆشنبیرانەی دنیان لە تاراوگە.

هەرچی بەشی دووەمی پرسیارەکەتە، ئەوا ڕەوتی مرۆڤایەتی بەرەو هەڵدێر مل نانێت، بەڵکو کەسانێک هەن بەرەو هەڵدێری دەبەن، تاک بەشێکە لە کۆمەڵگە، کۆمەڵگەش بەشێکە لە جیهانە گەورەکە، جیهانی گەورەش لە بەزین و تێکشکانی بەردەوامدایە. سەرەڕای ئەوەی من بە گەشبین وەسف دەکرێم، کەچی هەندێک بەوە تاوانبارم دەکەن، کە هیچ پاساوێک بۆ گەشبینییەکەم نییە، منیش پێ لەسەر گەشبینییەکەم دادەگرم و دەڵێم (هێشتا دنیا باشە و بە بەریەوە ماوە) لە نووسینەکانمدا هەمیشە هەوڵم داوە هیواو ئومێد بچێنم و ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕووداوەکاندا بەشداربم، بەشێوەیەکی وا شرین دایڕێژم خوێنەر لە دوامەوە هەناسە بڕکێی پێ بکەوێت، هەستەکانی لاواز نەبن، من بە خۆشەویستی بەرەنگاری ببمەوە و ئەویش ئەوکاتی لە خوێندنەوەم دەبێتەوە، بە ئاخاوتن بەرەوڕووم ببێتەوە. چەندین بابەت دەخەمە بەردەمی، تا مشتومڕم لەگەڵدا بکا و منیش لەگەڵیدا بکەومە وتووێژ. تەنانەت دوای ئەوەی لە قسەکردن لەگەڵمدا ببێتەوە، ئینجاش بەردەوام لەگەڵمدا لە گفتوگۆدا بێت.

*** له ڕۆمانەکەتدا (جووته خەون) خۆت لە قەرەی کارەساتی هەڵەبجە داوە، بۆچی هەڵەبجە؟**

– هەڵەبجە بەشێکە لەو بەشە زۆرانەی دزێوترین جەنگی لە مێژوودا بەرامبەر ڕاگەیەندرا، هەڵەبجە دۆزەخێکی نامرۆییانەی دژ بە مرۆڤایەتییە. چۆن دەکرێت ئەو کارە نامرۆییانەی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان پیادەیان کرد، لەبیر بکەم، لە کاتێکدا دەبینم برای مرۆڤم بەم شێوە قێزەونە

لەنێو دەبرێت.

لەبەر ئەوەی ڕووداوەکانی (جـووتە خـەون) لە عێراقدا ڕوودەدەن، هەڵەبجەم وەکو نموونەیەکی زیندوو هەڵبژارد و پەردەم لەسـەر تاوانێک لەو دەیان تاوانە هەڵدایەوە، کە ڕژێمەکە بەرامبەر بە مرۆڤایەتی نواندوویەتی.

**سەرەڕای ئەوەی من بە گەشبین وەسف دەکرێم، کەچی هەندێک بەوە تاوانبارم دەکەن، کە هیچ پاساوێک بۆ گەشبینییەکەم نییە**

هەڵەبجە دەلیلێکی یەکلاکەرەوەیە، بەڵکو نموونەیەکە لە هەزاران نموونە، کـە دەبێ چاوی پێدا بـخـشـێنرێتـەوە و ئاگاداری ئەو دۆزەخانەی دی بین، کە ئێستا لە جیهاندا بەرپا دەکرێن. ڕەنگە پەندی لێ وەرگرین و ببێتە هێڵێکی سـوور، تاکو ئیـدی لە عـێراق و هیـچ شـوێنێکی دیکەی جیـهـاندا دووبارە نەبێتـەوە. من لە خـۆوە دامنەتاشـیوە، بەڵکو لە بـارەی واقـیـعی حـاڵەکـەوە نووسـیـومـە، لە ناخیشەوە خواستووومە ماڵوێرانی وا دووبارە نەبێتەوە.

*** تۆ زۆرت نـووسـیـوە و کـەمت لـەسـەر نووسـراوە. ڕەخنەنووسـان بـە پێی پێویست ئاوڕیان لێ نەداویتـەوە. ئەوانە کێن لـەسـەریان نـووسیـویت؟ ئـەی تا چ ڕادەیەک سـوودت لـەو ڕەخنانـە بینیـوە، کـە لە بەرهـەمـەکـانت گیراون؟**

– ئەوی لە ساڵی ٢٠٠٤دا لەسەر دینا سەلیم و (جووتە خـەون) نووسـراون لە خـەیاڵ بەدەرن، بڕوام نەدەکرد ئەم کـارەم ئاوا بـەم شـێلگیـرییـەوە بەسـەر بکەنـەوەو ڕەخنەگران هێند ڕاستگۆیانە لەسەری بنووسن!

**ڕۆمانی (جووتە خەون)م بەر لە ڕووخانی ڕژێم نووسی، پێشبینی ڕووخانیشم کردبوو**


وەلێ لـە سـۆنگەی زۆریی مـاڵپـەڕ و ڕۆژنـامـەکـانەوە، خوێنەر وەکو پێـویست ناتوانێت لە هەموویان ئاگادار بێت. زۆرێک لە رەخنەگـران و هاوکـارانی عـێـراقـیم لەسـەریان نووسیم. مـخابن لە سۆنگەی دژواریی دۆخی عـێراقـەوە، کـە ئێسـتـا پێـیدا تێدەپەڕێت، شـوێنێک

نەمــاوەتەوە بۆ گـرتنەخـۆ، کـەچی ئینجــاش دەنگدانەوەی هەبوو و نامــەگــۆڕینەوەم لـەگـەڵ زۆرێک لەو نووســەرە عێراقـییانەدا هـەبوو، کە دەیانـویست لەســەر (جـووتە خــەون) بنـووسن، وەلێ بێدەنگ بوون.




مەبەستم لەم قسانەم گلەیی کردن نییە، بەڵکو ئەوە ڕووداوە خـەمـهـێنەرەکانی دوای ڕووخـانی ڕژێمن ڕێ لە نووسینی وا دەگرن.

ڕۆمانی (جووتە خـەون)م بەر لە ڕووخانی ڕژێم نووسـی، پێـشـبـینی ڕووخــانیـشم کـردبوو. نەخـشــەشم بۆ گـەڕانەوەی دوورخـراوەکـان بۆ نیـشـتـمـان و بڵاوبوونـەوەی ئەمن و ئاسـایش و ژیانـی فــەراهەمکراو و پڕ لە خــۆشگوزەرانی کێشـابوو، وەلێ شـتێک ڕوویدا دوور لە ویسـتی ئێـمـە، هـەمـیـشــە لە کـاتی جـەنگدا هەڵتەکـانی ڕۆشنبـیـریی و هـەوڵی کـوشـتنی ئەفـراندن و بـارودۆخـی خـــراپی وا، کــــە وەســــتــانی بڵاوکردنەوەی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، دێنە کایەوە. ئینجــاش مـن بڕوام بەوە هـەیە، کــە داهـێنانی ڕاستـەقـینە لەناو جـەرگـەی ڕووداو و گـەوهـەری کـارەسـاتەوە لـەدایک دەبێت. ئەگـەرچی بەهۆی دۆخـــی نــالــەبــاری وڵاتـــەوە لــە دەرچـــوون دوادەکـەوێت، لێ ئەگـەر بـنووسـرێت دەکـارێت بەدەر بکەوێت.




هـەندێک خــاوەن قـــەڵەم بە شــێلگیــری و ڕاسـتگۆیانەوە خـۆیان لە قـەرەی ئەم ڕۆمـانەم داوە، وەکـو دکـتـۆری عێراقی مـیـقداد ڕەحیم لە سوێد، عەبدولکەریم گەیلانی لە عێراق، شـاعیری

عێراقی سەعد حەمزە لە ئوسترالیا. دکتۆری عێراقی عەدنان زاهیر لە ئەڵمانیا، چەندین ئەڵقەی لەسەر ڕۆمانی (جووتە خەون) بڵاو کردەوە، هەروەها لەسەر ڕۆمانی دووەم(تراتیل عزاء البحر- سرووتی پرسەی دەریا). زۆرێکیش لە ڕەخنەنووسانی عەرەب لە فەلەستین و میسر و سوریا و مەغریب لەسەریان نووسیوم. تا بڵێی سوودم لەو ڕەخنانە بینیوە، کە ئاراستەم کراون، بەتایبەت ئەوکاتی ڕەخنەنووسێکی عەرەب تۆمەتێکی ترسناکی دایە پاڵم، گوتی (ڕۆمانەکەت کارەساتبار و پاڵەوانەکەشت بەزیوە). ئەوەم بیرکەوتەوە، کە ئێمە چەندێک لە کارەسات و ماڵوێرانیدا بژێین دەبێ هەرگیز نەبەزێین، بۆیە لە ڕۆمانی (پێ پەتییەکاندا)، کە نووکە لەژێر چاپدایە، توانیومە بە شێوازێکی نوێ باس لە کارەساتی پەناهەندەکان بکەم، دوای گێرسانەوەیان لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا. بەتایبەتیش ئەو ڕۆشنبیرانەی پاش ئەوەی دەرگای گەڕانەوە بۆ نیشتمان بەڕوویاندا داخرایەوە، سەرلەنوێ خەونەکانیان لەدەست دەدەن. من لە دیدێکی ئافرەتانەوە چارەسەری بابەتەکەم کردووە. هیوادارم سەرجەم کارەکانم بگەنە عێراق و کوردستان، بەو هیوایەم.

*** ئایا هەموو ئەوانەی نووسیوتن لە بیرتن؟**

– بێگومان، ئایا دەتوانم جگەرگۆشەکانم لەبیر بکەم!

*** کام لە کارەکانت هەمیشە دەگەڕێتەوە سەری؟**

– هەر شتێک بە خوێن و ئەسرین و خامەلەرزینەوە نووسیبێتم. هیچ خۆم بە داهێنەر نازانم، ئەوکاتی هەست بکەم تەنیا دەمەوێت بنووسم و ناوم لە ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکاندا بڵاوبێتەوە، ئەگەرێکو هەست بە وشەکە نەکەم، ئەوا شکۆترین هەست کە چێژی لێ دەبینم، لەدەست دەدەم. خۆ ئەگەر وشەکە بێ هەست دەرپەڕی، ئەوا لە نووسین دەوەستم، دووریش نییە هەر وازی لێ بێنم، هێڵێکی بەسەردا دێنم و ناهێڵم ڕووناکی ببینێت.

*** ئا لەو کاتەدا هەست بەچی دەکەیت؟**

– هەست بە خۆشییەکی گەورە دەکەم و لەخۆم دەپرسم، باشە ئەمە منم ئەم هەموو شتانەم نووسیون؟ بزەیەک دەمگرێ و لاپەڕەکە هەڵدەدەمەوە، تا خامەکەم بەرەوپێش تاوبدەم.

*** لە شار و کیشوەرێکی دوورەدەست و دوور لە دنیای وەکو ئوستralیا، چۆن کتێبت دەست دەکەوێت؟**

– بەڕاستی ئەمەش گرفتێکە بۆخۆی و بەدەستییەوە دەناڵێنم. ئوسترالیا دوور لە دنیا نییە، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە، ئەوە ئێمەین دوورە پەرێزین و دەستپێشکەری تاقە هەنگاوێک لە پێناو بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریمان لە هەندەراندا ناکەین، بۆ نموونە، بۆچی باڵیۆزخانەکانمان لە

ڕۆژئاوا گرنگی بەوە نادەن، کە هەرچی ئەو کتێبانەن، کە لە بارەی ژیار و ڕۆشنبیریمانەوە دەدوێن، بدرێنە کتێبخانەکانی ئوستراليا؟ کوا ڕۆڵی کۆمکاری عەرەبی؟ بەڵێ ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بواری سیاسەتدا هەیە، بەلام ئەی ڕۆشنبیری گرنگترین بەشی نییە؟

من ئەو کتێبانە لە ولاتە عەرەبییەکانەوە بەچنگ دێنم، دۆست و برادەرم هەر ماوە ناماوەیەک ئەو دانراوانەم بۆ دەنێرن کە داوایان دەکەم، منیش لە بەرامبەردا خەرجییان بۆ دەنێرم. بەر لە ساڵێک ٧٠ کتێبم لە ئوردنەوە لە ڕێگەی دەریاوە پێ گەیشت. جەنابیشت بەسوپاسەوە بەخۆڕایی هەندێک کتێبت بۆ ناردووم، لێ مخابن تا نووکە نەگەیشتوونە.

بەپێی توانا هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە کتێبەکان کۆپی بکەم، ئێستا تا ڕادەیەک کۆمەڵێک کتێبی باشم هەن، هەڵبەت ئەوانەش بەشم ناکەن.

بەردەوام لە کتێبخانەی شارەکەمەوە داوای کتێبیان لێ دەکەم، لێ مخابن ئەوانە نین کە من دەمەوێن، دۆخەکەش جیاوازە لە (بریزبن) ئەو شارەی من تێیدا دەژیم لەگەڵ (سیدنی) و (ملبۆرن). ڕەوشەکە لەوێ باشترە، ئەمەش لە سۆنگەی ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەرانەوەیە کە عەرەبی دەزانن.

ڕاستییەکەی، گەر ئینتەرنێت نەبوایە، ئەوا شتێک نەدەبوو ناوی ژیان بوایا. کتێب بەلای منەوە لە ئاو پێویست ترە. ئەوی مایەی پێکەنینە ئەوەیە، بەهۆی کەمیی کتێبەوە بەپێچەوانەی ئەوەی لە پێشدا دەمکرد، ئێستا لەسەر خۆم دەخوێنمەوە، تاکو زوو لە کتێبەکە نەبمەوە، چونکە کتێبێلێکی کەمم لەژێر دەستتدان.

**لە ڕۆمانی (پێ پەتییەکاندا)، توانیومە بە شێوازێکی نوێ باس لە کارەساتی پەناهەندەکان بکەم**

**هەست بە خۆشییەکی گەورە دەکەم و لەخۆم دەپرسم، باشە ئەمە منم ئەم هەموو شتانەم نووسیون**

هەوالنامەی کتێب

بێگومان هەوڵمداوە تینوێتیم بەوە بشکێنم، کتێب بەو زمانانە بخوێنمەوە، کە دەیانزانم.

*** ڕۆژانە چەند سەعات دەخوێنیتەوە؟**

– ئەم پرسیارەم زۆر بەلاوە گرنگە، ڕاستت پێ بڵێم، من ڕۆژانە زیاد لە ١٤سەعات دەنووسم و دەخوێنمەوە. ڕاستەوخۆ لەسەر کۆمپیوتەر دەنووسم، زۆریش لە ئینتەرنێت دەخوێنمەوە، ئەمە جگە لە خوێندنەوەی سەر کاغەزی کتێب و ڕۆژنامە بیانییەکان.

ئێستا هەموو کاتی خۆم بۆ خوێندنەوە و نووسین تەرخان کردووە، چونکە کاری ڕۆژنامەنووسی جیایە لەگەڵ کاری شیعری یاخود چیرۆکنووسی. نووسینی ڕۆمان زۆرێک لە تەندروستیم دەبات، تێکەڵ بە خەڵک نابم و دەخوێنمەوە. من بەم دوورەپەرێزییەم زۆر ئاسوودەم، ئەگەر لە تاراوگە نەبووایەم بەم هێزوتینەوە نەمدەتوانی بنووسم. وەلێ لە بەرامبەردا زۆر چالاکم، ئەمەجگەلەوەی ئەندامی کۆمەڵەی (پەیڤێک لێرەو پەیڤێک لەوێ)ی ئوستراليشم.

*** تا چەند شارەزاییت لە ئەدەبی کوردیدا هەیە؟**

– چەندێک لەبارەی ئەدەب لە جیهاندا بخوێنمەوە، ئینجاش ناڵێم شارەزا و بەڵەدم، بەڵکو دەڵێم (ئەمەش لە خاکەڕاییەوە نییە) تانووکەش تینووم، ئەم تینوێتییەم هەمیشە بەرەو ئەوەم دەبات بەدوای ئەو ڕۆشنبیرییەدا بگەڕێم، کە هێندە باس ناکرێت و خۆی لێ نادرێت، لەوانەش ئەدەبی کوردی، کە لەبەر هۆگەلێک ناسنامەکەی ناسراو نییە، لێ من توانیم لە پشت پەردەوە هەندێک شارەزای ئەم کەلتوورە بەنرخ و جوانە ببم، بەتایبەت ئەوانەی کە لەڕێی وەرگێڕانەوە پێم دەگەن، هەڵبەت وەرگێڕانیش ناتەواویی خۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە هەندێک جار لە دەقەکە لادەدات. هەندێک نووسەری کورد هەن بە عەرەبی دەنووسن، سەلیم بەرەکات دەمهەژێنێت، هەر ئەو بوو وای لێ کردم لە کێشەی کورد بگەم. سوپاسی بەدل ڕڤۆ مزووری دەکەم، کە بە کاری بەردەوامی لە وەرگێڕاندا توانیویەتی ماڵپەڕەکان بەئەدەبی کوردی دەوڵەمەند بکات. ئێستاش ئەو چەند دێرە شیعرەی عەبدولڕەحمان بامەڕنیم بیرماوە، کە بەم دوادواییە خوێندمەوە.

"من و تابلۆ و بێدەنگی، ڕووەو ئاوازی تێکشکێنەری ئاوارەیی، نەکاراین دیوارەکانی بێداری بسمین..." بەدل ڕڤۆی دانیشتووی نەمسا بە چەندین شاعیری ئافرەتی کوردی ناساندم، وەکو: ئامینە زکری، من دڵنیام زۆری دیش هەن، لێ تا نهۆ نەمتوانیوە بیاندۆزمەوە. ڕاستییەکەی بەپێی پێویست نەمتوانیوە ئەدەبی نووسراوی کوردیم دەست بکەوێت، ئینجاش شتی ئەم نووسەرانەم خوێندووەتەوە، شێخ ئەحمەدی خانی، پیر ڕوشیە(!)، جگەرخوێن. لەو خوێندنەوە سادەو ساکارانەمدا توانیم ئەو ورووژانە بەدی بکەم، کە لە ئەدەبی کوردیدا هەیە، پاڵەوانێتی، ڕووداوە

سۆزدارییەکان، ڕۆمانسییەت لە گفتوگۆدا، سۆزداری، غەم و کەسەر، ڕامان لە سروشت و قورسی ژیان، بەتەواوی ئەو دەقانە کارم لێ دەکەن. گەلی کورد خۆڕاگرە و زۆری ستەم و چەوسانەوە بینیوە، بەتایبەتی لە سەردەمی حوکمی دیکتاتۆر لە عێراقدا. بەتەواوی لەگەڵ ئەو قسەیەی (فازد)ی گەڕیدەی فەرەنسیم، کە لەبارەی کوردەوە دەڵێت:

"کورد هەستێکی بەتینیان بەرامبەر بە شیعر و ئەدەب هەیە".

هەروەها لەبارەی هەندێک نووسەری ناودارەوە شتم خوێندووەتەوە، کە ناویانم بیر نەماوە، ئەمە جگە لەوەی شتی ئەو نووسەرە کوردانەشم خوێندووەتەوە، کە لە بارەی کێشەی گەلەکەیانەوە نەیاننووسیوە، وەلێ کتێبخانەکانیان دەوڵەمەند کردووە، وەکو: مەحموود تەیموور، قاسم ئەمین، عەباس مەحموود عەقاد.

*** زۆر لەبارەی ئەفسانەی گەلانەوە دەخوێنێتەوە، ئایا لە ڕۆمانەکانتدا دەیانەزرێنیت؟**

- هەندێک جار. بۆ نموونە (ئەفرۆدیت)م لە ڕۆمانی (جووتە خەون)دا مەزراند، کە دەڵێم: لە قوولایی رابردوودا دەگەڕا، لەگەڵ وێنەکانی خۆیدا لە ململانێدا بوو، شوێنەکان هیلاکیان کرد، مەودا ئاپۆراکان دەتگوت تیپە سەربازییەکانن لە ڕۆژی نمایشی سەربازیدا، خۆی کرد بەنێو ڕیزەکانیدا، خۆی لە نێوان زرمەی توندی پێیەکاندا بینییەوە. ژاوە ژاوە بەردەوامەکە ورووژمی بۆ هێناو تۆقاندی، ڕێی بەخۆی نەدا زیاتر بچێتە پێشەوە، لە وێستگەیەک دەوەستێت، کە خۆی حەزی لێبوو.

(صارم)ی شاکەس لە ئەفرۆدیت دەپارێتەوە، کە شوێنی (شموس)ی خۆشەویستی پێ بڵێت، کە ئەوکاتی لەدوای ڕووخانی ڕژێمەوە نیازی گەڕانەوەی بۆ وڵات هەبوو، لێی ون دەبێت.

ئیدی بە گەڕانەوە یەکەمین خەونی بەدی دێنێت، لە ئاوارەیی (جووتێ خەونی) هەبوو، کە خۆشەویستە ڕاستەقینەکەی بدۆزێتەوە و لە ئاوارەییش بگەڕێنەوە، کەچی تەنانەت تاقە خەونێکیشی بەدی نەهات.

لە ڕۆمانی (سرووتی پرسەی دەریا)دا، داوای دادپەروەریی جیهانیم کردووە، تەنانەت (صارم)ی پاڵەوانیش دوای سەبرێکی زۆر بەخۆدانە دەستەوە وەستا و گوتی: من وەکو گلگامش داوای نەمری ناکەم، نا هەزارجار نا، باشە بۆ؟ جگە لە ئێش و ئازار چی لە نەمری دا دەبینیتەوە...؟

## بایۆگرافیای ڕۆماننووس دینا سەلیم



دینا سەلیم لە شاری (ئەللەد) لە فەلەستین هاتووەتە دنیاوە، لە تەمەنی نۆ ساڵییەوە دەستی بە نووسین کرد. لە تەمەنی دە ساڵیدا چەند ڕۆمانێکی نووسی.. ماوەیەکی زۆر لە نووسین دابڕا. زیاد لە بیست و پێنج ساڵی تەمەنی لە خوێندن و کاری پەروەردەیی بەڕێ کرد. تا ئێستا مۆڵەتی لەم بوارانەدا بەدەست هێناوە:

(مۆڵەت لە دەروونزانی پەروەردەیی داهێنان، پەروەردەی تایبەتی، پەروەردەی گشتی و پلاندانانی میتۆدی خوێندن، مۆڵەتی تایبەت بە دەستنیشانکردن و چارەسەری دۆخی فێربوونی قورس، دواکەوتن بە هەموو شێوازەکانیەوە، دواکەوتنی ژینگەیی، کەرولاڵەکان، زمانی هێماکان، مۆڵەتی دەستنیشانکردنی بەهرەداران و ئامادەکردنی پلاتفۆرمێک بۆیان.

٤ ڕۆمان و زیاد لە (١٠٠) چیرۆکی نووسیون. بەرهەمەکانیشی ئەمانەن:

١- ڕۆمانی (الحلم المزدوج-جووتە خەون)

٢- ڕۆمانی (تراتیل عزاء البحر-سرووتی پرسەی دەریا)

٣- ڕۆمانی (سادینا)، بەهاوبەشی لەگەڵ شاعیری عێراقی سەعد حەمزە.

٤- ڕۆمانی (سقوط المعبد الأخیر-هەرەسهێنانی دوا پەرستگە)

٥- ڕۆمانی (دائما معا-هەمیشە پێکەوە)

٦- شانۆگەری (القضاء والقدر-قەزاو قەدەر)

٧- (الحافیات-پێ پەتییەکان)، دوو چیرۆکە.

٨- زیاد لە (٧٠) چیرۆکی بۆ منداڵان و مێردمنداڵان نووسیوە.

زۆربەی کارەکانی لە (دار العودە-بیروت) چاپکراون. بەم دواییەش خەڵاتی داهێنانی لە (دەزگای ناجی نعمان)ی ڕۆشنبیری لە لوبنان بەدەست هێنا.

زیاتر بەرهەمەکانی لەم ڕۆژنامەو ماڵپەڕانەدا بڵاو دەکاتەوە (الحوار المتمدن، المثقف، التلغراف الأسترالي).

لێکۆڵینەوە

# شیعر وا خۆی دەگێڕێتەوە

سەلاح حەسەن پاڵەوان

## بەشی یەکەم



پێش ئەوەی هیچ شتێک بڵێم و زمانم دیواری بێدەنگی بشکێنێ، شیعری سرووش، (شەوی ڕۆحە تاریکەکانی) سان خوان دی لاکرۆسم وەبیر دێنێتەوە، سیحر و بێدەنگی بۆرخیسم دەخاتەوەیاد، کتێبێک لە ناخەوە سرووشی هەڵگرتوە ، لە ڕوخساریدا خەونێکە و خۆی دەگێڕێتەوە.

وێنەی ئەو خەونە وێنەی شیعرمان بۆ دەگێڕێتەوە، موچڕکەیەک لە ناخمان دروست دەکات و لە رۆحماندا مانا و سۆز دەخولقێنێ، لە میانەی تەنیایی خودەوە لە سنووری شیعر نزیک دەبینەوە،

دەبینە ئەستێرەیەک بەسەر درِک و داڵ و لمەکانی تەنیایی بەدوای نهێنەیەکانی شەودا دەگەڕێین. وێنەی ئەو خەونانەی ناو شیعرەکانی گێڕانەوە لە جیهانی بێدەنگیمان نزیک دەکەنەوە، لە مەملەکەتی پڕِ سیمبۆلئامێزی شیعرەکانی ناو دنیای (خەون وا خۆ گێڕایەوە) بەچاوەڕوانی ئاشنا دەبین، بە چێژ. بە شاگەشگەبوون، بە سیحری هەموو ئەو رەنگ و فیگورانە ئاشنا دەبین کە باس لە سەمفۆنیای خۆبەدەستەوەدان و شکۆداری دەکەن، هەر لەو جەنجاڵی شیعرییە و تەمتومانی هارمۆنیادا سەمایەکی دانسقە دەبینین، تێبینی دەکەین کە شیعر لێرەدا تەنیا چڕکردنەوەی زمان و فۆنیمی دەنگ و ئاماژەی رەها نییە، تەنیا زمانی ئازاراوی و چەپاندن نییە، بەڵکو جیهانێکە لە بازدان و تێپەڕاندن، ئەمبەر و ئەوبەرکردن، هاتن و چوونە لە ناوان زەمەنی بێدەنگی و دەنگدار، شەوی خەون و خەیاڵ تا رۆژی نائومێدی و چاوەڕوانی.

لێرەدا لەم دیوانەدا شیعر تەنیا لە سنووری زمان و مانادا ناوەستێ، لای (سەباح رەنجدەر) شیعر پرسیاری ئەو وەڵامانەیە کە باس لە ژان و بێدەنگییەکان دەکەن، ئەو هەستانەی سووتان و بەسەرهاتی رۆخ و کەنارەکان دەگێڕنەوە، باس لە تەنیایی ئەو دوورگانە دەکەن کە پڕن لە مرۆڤی تەنیا و مەرگاوی، شیعر لە لای ئەو و لە دنیای ئەودا تەنیا زەمەنێکە بەرەو تێکشکاندنی مەرز و تابۆکانی سەرەتا و کۆتایی دەڕوا. شیعر لێرەو لەم دیوانە و لە ناو دنیای تایبەتی وشەکاندا باس لەو هێزە ناوەکییانەی رۆح دەکات، شیعر لێرەدا نیشاندانی دژایەتیەکانە، ئەوەی ئەم شیعرانە لە مێژووی پڕِ شیعرماندا جیادەکاتەوە تێکشکاندی زمانە، تێکشکان بە مانا بەخشینی مانا ئەو کاتە کە زمان تێکدەشکێ لێرەدا لە (خەون وا خۆی گێڕایەوە) دەبێتە مانا.

گرفتی مەزنی شیعر، گەڕانە بەدوای مانادا، بەمەبەستی گەیشتن بە بەهاو توانا هونەریەکانی خۆی، ئەم گرفتە لای (سەباح رەنجدەر)،بووە بە شتێکی ئاسایی و هەمیشە پرسیاری بەردەوام دەورووژێنێ، لە مێژووی شیعری ئەمدا ساتەکان بە چرکەو تەنیاو بوون ناپیورێن، بوون ئەوە نییە کە تۆ هەبی و هەناسە بدەیی و مانایەکی ژیانت هەبێ، بوون ئەوەیە کە بزانی چۆن پرسیارو وەڵامەکانی شیعرو ژیان دەخوێنیتەوە، بزانی چۆن ئەو سنوورانە دەستنیشان دەکەی کە سنووری ناوان مەرگ و بوونتن.

ئێمە لە (نالی)ەوە فێری گەمەو وازیکردنی وشە بووین و لە (گۆران)ەوە مۆدێرنی شیعری فێربووین. لە شێرکۆ بێکەس)وە لە شێوەکانی شیعر گەیشتین، بەڵام ئەوەی لە (سەباح)ەوە فێری دەبین، گەمەکردنە بە زمان، گەمەکردنێک سەرچڵانە و تاکتیکخوازانە، گەمەکردنی ناوان بەهاو مانایە، گەمەکرنە بە هەموو مەوداکانی سادەی شیعر، ئەم گەمەکردنە هەروا گومەکردنێکی منداڵانە نییە، گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو بەسەرهاتانەن جارێک لە واقیع و جارێک لە ناواقعیدا دەژین، قوڵبوونەوەیە بە ناو یاقووتی زمان و رەهاکردنی لەو سادەیی و ئاساییەی کە تێیدایە، هەوڵ دەدا زمان لە ناو شیعردا زمانی ڕەهابوون و تایبەت بێت، شیعر لە پێناوی زماندا دەنووسێ نەک

زمان له پێناوی شیعردا ئەمەش نهێنییه سەرەکییەکانی بوونی شیعری (سەباح رەنجدە)رن.

سروشتی نووسین لەو ئاستەدا ناوەستێ کە تەنیا نووسین بێ له پێناو نووسیندا، یان گێڕانەوە بێت له پێناو گێڕانەوەدا، هەر ئەمەش وای کردووە، کە زۆربەی بەسەرهاتەکان باس له تەنیایی و مەرگ و خەون و رابردوو و دەسپێکردن بکەن، سروشت و خەسڵەتی گێڕانەوە له ناو شیعری سەباحدا خەسڵەتێکی سیحرئامێز و مەرگزاو و خەواڵووی هەیە و پەیوەستە بە ئایندەو رابردووەوە ئێسای تەنیا بۆ دەسپێکردنە نەک بۆ ئێستا، له ئێستادا شیعر دەبێتە سەردەمی بێ زەمەن، سروشت و خەسڵەتی گێڕانەوە له ناو شیعری سەباحدا خەسڵەتێکی سیحریان هەیە، ئەم سیحرە له سێ حەقیقەتی سەرەکیدا خۆی حەشارداوە، :

یەکەم: زمانی شیعر له ناوان سۆزو مانادا گەمە دەکات.

دووەم: مانا له هەندێ کاتدا جێ پێی سۆز لەق دەکات.

سێیەم: زمان و گەمەی زمانەوانی وا دەکەن تێکستەکانی ناو کتێبی (خەون وا خۆی گێڕایەوە)، کە فرە مانایی شێوازێکی زاڵ بێت. هەر بۆیە له لێکدانەوەی شیعری خەونەکان هەست بە بوونی مانایەکی زۆر دەکەین، زۆربەی ماناکان رەگێکی تایبەتیان هەیە، ئەم مانایانە پەیوەستن بە مێژوو، سۆز و مانا هەمە چەشنەکانەوە.

کاتێ کە شیعر نەتوانێ بەسەرهاتی مێژوو بێت. ئەوە دەتوانێ ببێ بە مێژووی خۆی، ئەمەش ئەو شتەیە کە ئێمە له ناو زۆربەی زۆری رووداوەکاندا دەیبینین، شیعر ململانێی وشەیە، ململانێی ناوان سۆزو مانا، وەرگیراوو له جیاتیدانان شێوەیەکن بە مەبەستی دووبارەنەکردنەوەی ئەو مەبەستانەی کە نابنە سەرتایەک بۆ لێکدانەوەو بیرکردنەوە، ئەمەش وا دەکات کە بەشێکی زۆری ئەو شێوازانەی کە وشە پێکدێنین بەشدار بن له مەسەلە بنەڕەتیەکانی مانا وسۆز.

ئەوەی بە وردی له مێژووی وشەو شیعری ئەم شاعیرە وردبێتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە شێوەی مامەڵەکردنی شیعریانەی ئەم شاعیرە وایان کردووە سەرەتاو کۆتاییەکان بەشێک بن له پێکهاتنی مانا، گەمەکردن بە وشە بەو مەبەستە نییە تا ماناکان ئاوەژوو بکرێنەوە، گەمەکردن بە وشە له پێناوی دووبارە داڕشتنەوەی وشەیە، بۆچوونێک هەیە دەڵێ له پشت هەر وشەیەکەوە ژمارەیەکی زۆر مانای شاراوە هەیە، بەڵام دەبێ ئەوەش بووترێ کە مانا تەنیا بە گەمەکردنی وشە نایەتە دی، بەڵکو دەبێ کە وشە بتوانێ سەرچاوەیەک بێت بۆ چوونە ناو جیهانی وشەوە، واتە سەرچاوەیەک بێت بۆ ناسینەوەی بنیادەکانی پێکهاتنی بەسەرهاتەکان، کەواتە ئەرکی سەرکی له تێکشکاندنی ماناکان مەبەستێکی تەکنیکی و زمانەوانی و داهێنەرانەی له پشتەوەیە، ئەو هەر له خۆیەوە هەڵناستێ بە تێکشکاندنی مانا، بەڵکو مانا دەبێتە بەشێک له پێکهاتەی ئەو، مانا دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ دووبارە کردنەوەی ئەو پرسیارانەی کە نەکراون، ژمارەیەکی زۆر له

بەسەرهاتەکان بۆ ئەوە نانووسرێن تەنیا بەسەرهات بن و بەس، بەڵکو بۆ ئەوە دەنووسرێن، کە سەرەتاو کۆتایی بن و شێوەیەک بن لە دووبارە تێکشکاندن و هەڵوەشاندنەوەی وشە، ئەمەش بۆ خۆی پرسیارێک دەورووژێنێ. ئایا ئەم هەموو وردەکاریە لەگەڵ شیعردا لەپێناوی چی؟ بۆچی ئەو هەموو گەمەیە؟ ئایا ئەمە مەبەستێکەو لە پشتیەوە داهێنان خۆی حەشارداوە، یان شێوەیەک لە گەران بەدوای زمانێکی نوێ و شێوازێکی نوێ لە نووسیندا، یان گەڕانە بە دوای ئەو کون و کەلەبەرانەی کە مێژووی شیکردنەوە نەیگرتۆتەوە؟

## مانا لە پشتەوەی زمانە

هەرکەسێ بەوردی لە ناو کونج و بناوانی بنیادی شیعریدا بگەڕێ و گەردشێک بەناو زمان و لێکدانەوەی شیعریدا بکات، بۆی دەردەکەوێ کە ئەم کەسە مامەڵەکردنی لەگەڵ تێکستدا، لە سنووری میتافۆرمەوەیە، کۆنتێکستەکانی شێوەیەکن لە دەقئامێزانبوونی ئەو تێکستانەی کە وەک فۆرم لە زۆر کاتدا دووبارە دەبنەوە، مێژووی دووبارە بوونەوە لە ناو قەسیدەکاندا بێزارکەر نین، ئەوەی کە خوێنەر بێزار دەکات، دەوڵەمەندی زاراوەو وشەو دەستەواژەکانن، فەرهەنگی خوێنەری ئاسایی و خەڵکی سادە دەرەقەتی شیکردنەوەی ئەو هەمووە نایەت، لە زۆر کەلێن و درزەکانی مانادا ئەوانەی دەیانەوێ مەبەست بگەیەنن وشە نین، یان سەرچاوەیەک بن بۆ دروستکردنی ئایدیاو بۆچوون، بەڵکودیوەکەی تری وشەکان مرۆڤ بۆ حەقیقەتی مانا رادەکێشین، شیعرەکان ئە گەرچی هەواڵی مۆدیرنیزم و پاش مۆدیرنیزمی دەدەن و لە هەندێ کاتدا دەگەنە ئاستی سوریالیزمی و پۆست سوریالیزمی، بەڵام بەراستی ئاشنایی و نزیکبوونی شیعرەکان و دەوڵەمەندی ماناو وشەو خوازیارو مەجازەکان ئەوەندە لە شێوەی کلاسیکییەوە نزیکن کە باوەڕناکرێت، (مەحوی)ەک بۆ وەسفی بێهوودەیی ژیان پەنا بەرێتە بەر شیوەن و سۆزو بێ ئەمەکی ژیان و پاڕانەوە بە مەبەستی پاقژبوونەوە لە گوناهەکانی دنیا، تەنیا وێنەیەکە سەر بە زەمەنێکی تر، ئەوەندەش جیاوازی نییە لەو وێنانەی کە ئەمڕۆ و لەم سەردەمە لە (خەون)ەکان لای (سەباح رەنجدەر) باس لە بەسەرهات و بێهوودەیی ژیان و نزیکبوونەوەو پاڕانەوە بۆ نزیکبوونەوە لە ژیان دەکەن، ئەوەی کە زیاتریش ئەو نوێخوازی و شێوازە تایبەتییە و کلاسیکییەی لێک نزیک دەکاتەوە، یاری و گەمەکردنە بە وشە، گەر لای (نالی) لەب و قەدو زوڵف ببنە مەتەڵێک و دەرئەنجامەکەی ماچ بێ، ئەوە لە ناو شیعری خەون وا خۆی گێڕایەوە، بڕێکی زۆر پویزڵ هەن کە شتی سەیرو سەمەرەو مانای حەقیقەت و ژیان بەدەستەوە دەدەن، نەک ئەمەش سنووری مانا تەنیا لەوەدا ناوەستێ کە گەمەکردن بە وشەو کۆکردنەوەی وشە تەنیا لە پێناوی بەخشینی مانا بێت، بەڵکو هەندێ کات لە پشتەوەی زمان، مانای سەیر دەبینین،.

زمان شێوازێکە بۆ گەیاندن، بەڵام لە خەونەکاندا زمان تەنیا رەش و سپی سەر کاغەز نییە، لەو

شیعرە درێژەدا زمان هەوڵ دەدات پەلی خوێنەر بگرێ و بە ناو ژیان و چالاکی و زەحمەت و خۆشیدا پیاسەی پێ بکات، نەک ئەمەش هەوڵ دەدات پەیوەندیە لە ناوان ئەو زمانە ئاساییەی گوندو ژیان و شەقام و سادەییدا بنیاد بنێ، تا بتوانێ ئەو هەموو مانایانە لە پشتەوەی ئەم زمانانەدا بدۆزێتەوە، واتە لە ناو ئەو زمانەدا رووبارێک مێژوو هەیە بەردەوام مانای نوێ دەدۆزێتەوە، بەردەوام هەوڵ دەدات پردی ناوان ماناکانی ئێستای حازر بەدەست و ماناکانێ پشتەوە زمان بدۆزێتەوە، واتە سۆسیۆریانە، مانای شاراوەی پشتی زمان بدۆزێتەوە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە وردەکاریەکان نابنە هۆی شێواندنی وشەو رستە، تەواو لە کۆمەڵێ پارچەی کەشتی تەواو دەچێ و خۆی دەخاتە بەر دەستی کارامەیەک تا پێکیانەوە ببەستێ، ئەم بەستنە تەنیا بە خودی شاعیر ناکرێ، شاعیر نایەوێ کەشتیەکی تەواوی حازربەدەست بخاتە ناو کەناری دەریاو ئەرکی مرۆڤیش تەنیا ئەوە بێت کە سەرکەوێ و گەشتەکەی دەست پێ بکات، نەخێر ئەوەی تێبینی سەرتاپای مێژووی شیعری سەباح رەنجدەر بکات بۆی دەردەکەوێ کە شاعیر، بە پێی تیۆری یاکۆبسن شیعرەکانی دادەڕێژی، بێگومان هۆشمەندی و ناهۆشمەندیەک لەم دارِشتنەدا هەن، واتە پێش ئەوەی شیعرەکان لەدایک بن، پەیام و زەمینەی پەیام و گویندەو سیمبوڵ ئامادەیە. هەروەها زەمینەی بوونی ئەو پەیامەش ئامادەیە، پەیوەندی لە ناوان شاعیرو خوێنەر پەیوەندی مەتەڵ و هەڵهێنانە، ئەو شیعرەی کە دەوترێ زەمینەی ئەو دەلالەتانەی لایە کە خوێنەرەکەی دەیەوێ، بۆیە پەیوەندیەکە دەچێتە ناو قاڵبی وتنی نهێنی و ئاشکراکردنی نهێنی.

ئاشنابوونی مانا لای شاعیر وا دەکات شیعر لەگەڵ وتیندا مانایەک دروست بکات، ئەگەر زمان وەکو سەمایەک بە ناو مەیانی خۆشەویستیدا تێپەڕێ، ئەوە مانا لەو مەیانەدا چاوەکانی بڕیووتە جووڵە و بزووتنەکانی شیعر.بە پێی سیستەمی هیگڵی ئەدەب دەکەوێتە دەرەوەی سنووری سیستەمی زمان، کەواتە مانا شیعریەکان لەم قەسیدەیەدا دەکەونە دەرەوەی سنووری شیکردنەوە، بەڵام ئەوەی زیاتر وای کردووە شیعرەکانی ئەم شاعیرە تا رادەیەک بە زیندوویی بمێنێتەوە جێ پێ هەڵگری سروشتن، سروشتخوازی لە گێڕانەوەو وتن و داڕشتن، واتە سنووری بنەڕەتی شیعری تێکنەشکاندووە، تێپەڕیووە لەو سنوورە، زۆربەی زۆری ئەو جومگانەی شیعرەکانی پێکەوە پێ گرێ دەدات جومگەی مانای پشتەوەی مانان.

مانا لێرەدا تەنیا وەڵامدانەوەیەک نییە بۆ ئەو نهێنیانەی کە لە پشتی وشەوە خۆیان حەشارداوە، بەڵکو مانا لێرەدا راپەڕینی وشەیە، کاتێ کە شکلۆفسکی دەڵێ : شیعر راپەڕینی وشەیە، مەبەستی لەو شیعرانەیە کە گەمە بە مانا و مەبەستی وشەکان دەکەن، ئەو مانایانەی شۆڕش و کوودەتا لە ناو زماندا بەرپادەکەن، زۆربەی زۆری ئەو شیعرانەی ئەمڕۆ دەیانخوێنییەوە لەم شۆڕشە بێ بەشن، ئایا بۆ؟ لەبەر ئەوەی وشەکان هەر لە قاڵبی وتن و ئیقاعی ئاساییدا دەمێننەوە و ناتوانن ببنە پردێک بۆ بەرپاکردنی کودەتای زمان، هەروەها پەیوەندی زمانەوانیان لە سنووری

وشە و رستەو دەستەواژەیی ئاساییدا ناچێتەدەرێ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ناتوانن پەیوەندی بن، پەیوەندیەکی پتەوی ناوان کێش و مۆسیقا و شیعریەت، شیعرییەتی وشە شیعریەتی ئەو زمانەیە کە دەیەوێ لە شێوەی ئاسایی بچێتە دەرێ، چوونەدەرەوە لە شێوەی ئاساییەوە بۆ شێوەی شیعری رەسەن ئەو هەوڵەیە کە شیعر دەیدا بە مەبەستی بەرپاکردنی کودەتا.

ئەو کاتە مانا دەتوانێ ببێتە شیعر ئەگەر مانایەکی سیحرئامێز بێ، زۆربەی ئەو هەولآنەی بۆ مانەوەی شیعر لە سنووری مانا و هارمۆنیدا دراون نەیانتوانییەوە ئەو سنووورە بشکێنن، هەروەها شیعری کوردی لە پاش شیعری کلاسیکی و بڕێک هەوڵی تازەگەری و مۆدێرندا لەو ئەزموونەدا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست نەهێناوە. ئاشکرایە ناتوانرێ ئینکاری ئەو راستیە بکرێ کە ژمارەیەکی زۆر لە بنیادی شیعری پابەندن بە چۆنییەتی رەهابوون لە کۆتی زمانی ئاسایی، ئەگەر لەسەدەی هەژدەم و نۆزدەمدا تەماشا بکەین دەبینین زمانی ئاسایی و زمانی شیعر هەرچەند لەیەک دووربوونێکی فراوان لە ناوانیاندا هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانی شیعر جەماوەریەتی مەزن و بەرفراوانی خۆی هەبووە، واتە شیعر توانیویەتی بەشێک بێت لە بیرکردنەوەو چێژی خەڵکی سادەو بازاری، لە زۆربەی گوندو شارو شارۆچکەکانی ئەو سەردەمە، ژن و پیاوی جووتیارو کرێکارو نەخوێندەوار هەبوون کە شیعری مەزنانی:( وەک مەولەوی و خانی و فەقێی تەیران و جزیری)یان لەبەر بووە، ئەم نزیکبوونەوەیە پەیوەندی نهێنی ناوان زمان و ئیقاع و مانایە، واتە هەستی شیعری مامەڵەکردنێکی ئیقاعی و ریتمخوازانەی لەگەڵ شیعردا کردووە، واتە شیعر توانیویەتی ئەو سنووورە دەستنیشان بکات کە لە خەڵکی نزیک دەکاتەوە، بە بێ ئەوەی بەهاو سەنگینی وشەو نەزم و خوازیاری و مەجازیەکانی شیعری بدۆڕێنێ، واتە شیعر توانیویەتی ئەو سنوورانە بدۆزێنێتەوە کە بەرەوە دەرەوەی حەزەکانی خۆی دەریدەپەڕێنێ. نهێنی ئەم حەزخوازی و پێشوازیە لەوەدا بوو کە مامەڵەکردنی شاعیران لە سنووری مامەڵەکردنێکی یەک مەوداییدا نەبووە، بگرە فرە مەودایی شیعری و فرەتوانایی شاعیران تەوژمێکی بەخشیووە بەشێوەی شیعری و توانای شیعری، یان بە پێی بۆچوونی ئەرستۆ زمانی ئیحایی و زمانی شیعری ببوون بە یەک. زۆربەی سەرچاوەکانی ئەو شاعیرانە لە دەرەوەی توانای خۆ بوو، بەڵام بابەتی و مەبەستەکان تەعبیری رۆحی ئەوان بوو، هەر ئەمەش بۆ خۆی وای کردوو کە زمانی سادەی خەڵکی لە ناو زمانی پڕ چڕو پڕی شاعیردا رەنگ بداتەوە.

شێوەی ئەوان بریتی بووە لە داڕشتنی زمانی دەستەبژێر لەلایەک و لە لایەکی دیکەشەوە پاراستنی هێزی شیعری و توانای هونەری و دەوڵەمەندکردنی توانا دەروونییەکانی شیعر بەو زمانەی کە زمانی خەڵکی سادەیە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە سوودوەرگرتن لە فەلسەفەو مەنتیق و رۆح و سیاسەتیش شێوەیەک بوە لە دووبارە گێڕانەوەی ئەوە ی کە پێی دەوترێ شیعر لەوێوە بۆ ئێرە.

بۆیە لێرەوە دەتوانین بڵێین شیعری سەباح رەنجدەر وەکو شاعیرێک لە زۆر رووەوە نزیکترە لە ئەزموون و تواناو نهێنی ئەو شێوەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، واتە هەوڵدانەکانی ئەو لەگەڵ مانادا هەوڵدانی ناوازەو دوورەدەستو خۆجیاکەرەوە نییە، ئەزموونێک نییە تەنیا بەدوای ئەزموون لە پێناوی ئەزمووندا بگەڕێ، بەڵکو ئەزموونێکە دەیەوێ ئەو تەلیسمانە بشکێنێ کە تا ئێستا نەشکێنراون، شیعر تایبەتمەندی نییە لە پێناوی دوورکەوتنەوە لە دنیای سادە و زمانی ئاسایی و گرفتە ئاساییەکان، بەڵکو لە ناو شیعری ئەودا یەکێتیەک هەیە، ئەو یەکێتیە سەرچاوەکەی لە بوونی یەکبنیادی و فرەمانایی و سۆسخوازیە. هەرچەندە ئەو بە هەوڵەکانی جەخت دەکاتە سەر یەک مانایی و فرەلێکدانەوەیی، بەڵام لە پشتەوە هەر رستەیەک لێکدانەوەیەکی قووڵ ئامادەیە ئەم لێکدانەوەیە دەتوانین بە زۆری لە کارە سەرەتاییەکانی ئەودا بەدی بکەین.

کاتێ کە شیعرەکانی ئەو لە ناو دنیای شیعری کوردی لە پاش (روانگە)و شاعیرانی هەشتایەکان و هاوکات لەگەڵ (پێشڕوان) و نوێخوازانی (هەولێر) لە دەرگای شیعری کوردیان دا، کەس گوێی لە ترپەی دەرگاکەی ئەو نەبوو، بەهۆی ئەو هەموو گارە گارو هاژە و وژەی دەوروبەری گوێی شیعری کوردیان گرتبوو، شتێکی ئاسایی بوو ئەگەر ئەم دەنگە و هاودەنگەکانی ئەمیش دەنگی خۆیان و دەرگاکانیان دەنگدانەوە نەبێت.

ئەو دەرگایانەی کە ئەوان هەوڵی گوتنیاندا لە رووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە کودەتاییەکەی شکولۆفسکی لە خۆ گرتبوو، یان هەوڵی تێگەیشتن بوو بۆ ئەو تێکستانەی کە هێشتا نەوتراون. مامەڵەکردن لە پشتەوەی ماناکان بۆ ئەوە بوو تا دیوی ئەودیوی شتەکان ببینێ، (سەباح رەنجدەر، ئەحمەد شاملۆ) ئاسا لە پشتەوەی پەنجەرەیەک وەستاوەو زەرەباتی دڵۆپە باران بەدیوی ئەو دیوی پەنجەرەکانەوە ناهێڵن هیچ دیمەنێک ببینیێ ئەوەی هەوڵی بینین دەدا لە واقیعدا دواجار لەناخی خۆیدا دەیدۆزێتەوە، گەڕانیی شیعری لای ئەم زاتە گەڕانی سۆفیەکە بەدوای بوونی راستی خوادا دەگەڕێ، گەڕانی ئەم گەڕانی حەقەیەکە بەدوای ئەنالحەقی وشەدا، هەروا بە سانایی دەست بە پشکنین ناکات، بەڵکو نەخشەو هەوڵی قووڵی خۆی هەیە، سەرەتا لە وشەوە دەست پێ دەکات و پاشان تێما و دواجار بەدوای بنیاد، لای ئەم بنیاد دواویستگەیە کە لێی دادەبەزێ، مانا لە ناوان وشەو تێماکانەوە سەردەردێنێ، کەسێکە سیمیولۆژیای زمان وای لێ دەکات، لە هەر دەنگ و ژێ دەنگ و بزوێنێکدا مانایەک بخوڵقێنێ، زمانی ئەم سنووری خودی زمانی ئاسانی دەبڕێ و زۆرجار لە ناوان ماناکانی دووەمدا خۆێ دەدۆزێتەوە.

ئەوەی توانای شیعری ئەم شاعیرە لە رووی ماناوە لە کەسانێکی تر جیادەکاتەوە، گەمەکردنە بە مانا، گەمەکردنە بە حەقیقەتی زمانەوانی وشەکان، وشە لە یەک شوێن و لەیەک مانادا قەتیس نابێ، پەل دەهاوێ و لە زۆربەی زۆری مەیانەکانا بۆ خۆی مانایەک هەڵدەبژێرێ، ئاو لە شوێنێک ئاوە، لە شوێنێکی تر توینێتی و مەلەوانی، لەولاتر لافاوو مەترسی و بارانە، لە ناو لابوورەکانی

خۆشەویستیدا دەبێتە گەردیلەو دوو هەناسەو بەرزبوونەوە، لە زمانی جوتیاراندا خێرو بەرەکەت و لە ئاسمانی تاوستانی گەرمیاندا تەسکینی و لە ئاماژەی عەشقبازاندا دەبێتە شەهوەت. ئاو لەو سنوورەدا ناوەستێ کە تەنیا ژیان و مەرگ بێت، بەڵکو دەشبێتە وێرانکردن، جار جار لە چاوی سەندبادەکان و گەرۆکەکاندا دەبێتە سەفەرو گەشت و بەردەوامی، تەنانەت راوچیژ وەکو تیناوتی سەیری ئاو ناکات، جار جار ماسییەو دواجاریش دەبێتە بەرەکەتی خوا.

کەواتە فەلسەفەی هەڵبژاردنی وشە لای (سەباح رەنجدەر) فەلسەفەی بەرفراوانییە، ئەگەرچی هەندێ جار بەوە تاوانبار دەکرێ کە زمانی ئەو زمانی تایبەت و فەرهەنگی تایبەت و شێواندنی زمانە، بەڵام ئەگەر بە وردی شیعرەکانی بخوێنرێتەوە، هەست دەکرێ کە ئیستاتیکای وشەو مانا لە یەک کاتدا شانبەشانی یەکتری دەڕۆن، لە هەمان کاتدا خاوەنی تایبەتمەندی و وردەکاری خۆیانن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە تەنیا رستەیەک و وشەیەک بەرووت و پەتی مانای گشتگیر نابەخشن و پێویستیان بەوەیە کە پێکەوە کۆببنەوە، کۆبوونەوەیەک تا بتوانن سەرچاوەیەک بن بۆ بەخشینی مەودایەک بە چاو لە خوێندنەوەو پێنکهێنانی مانا.

بۆ ئەوەی زیاتر لە وردەکاری ئەو شتانە بگەین کە لە ناوان رستەو وشەو دەستەواژەکاندا خۆیان حەشارداوە دەبێ ئاشناییمان بە فەرهەنگی زمانەوانیدا هەبێت، کە ئەمەش مەسەلەیەکە پاشان بە وردو درێژی و بە نموونەوە قسەی لەسەر دەکەین.

دەوڵەمەندی وشە تەنیا بە ئاسانی دەوڵەمەندی بە شیعر نابەخشێت دەبێ رەگەزو ستوونە بەهێزەکانی دی هەبن، بە مەبەستی لێکدانەوەو تێگەیشتن لە ماناکان، بۆیە کاتێ کە دەڵێین دەوڵەمەندی وشە لە پاڵ ئەمەشدا بەکاربردنی ئەو دەوڵەمەندییەش کارێکی گرنگە، زۆربەی زۆری ئەو هێزەی کە زیاد وا دەکات شیعرییەت لە ناو تێکستەکانی ئەم شاعیرەدا ئامادە بێت، تواناو هێز بەکارهێنانی ئەو توانا زمانەوانی و فەرهەنگییە. (لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەوە بڵێین کە لە هەندێ ئەزموونی سەرەتایی ئەم شاعیرە، شێوەیەک لە ناهۆشمەندی بەدی دەکرێت لە بەکارهێنانی زماندا، ئەم ناهۆشمەندیە بە سلبی بۆی گەڕاوەتەوەو بووەتە هۆی دۆڕاندنی ژمارەیەک لە خوێنەرانی)، بەڵام ئەم حاڵەتە لە ئەزموونە نوێیەکانیدا کەمتر بەدی دەکرێت، کە ئەمەش بۆ خۆی بۆ ئەو گۆڕانکاریە رۆشنبیریە دەگەڕێتەوە کە شاعیر لە ناو بنیادی شیعری خۆیدا ئەنجامیداوە. بێگومان دەبێ ئەوەش بووترێ کە شاعیر زیاتر خاوەنی توانایەکی زمانەوانی شیعری لۆکاڵیە، بەهۆی خوێندنەوەو کاریگەربوونی بە شیعرو شاعیرانی کلاسیکی و تازەگەرو نوێی کوردی. کەواتە نهێنی هێزی ئەو زمانە سەرچاوەکە ناوەکییە تا دەرەکی، ئەمە سەرەڕای بوونی پەیوەندیەکی ئاسۆییانەی ناوان زمان و دەنگ.

توانای خەیاڵ تەنیا لەو سنوورەدا ناوەستێ کە تەنیا ئاوڕدانەوەیەک بێت لە سێبەرو سەراب و

تارمایی و خەونەکانی عەقڵ، بەڵکو مەودای لێکدانەوە لەوەش زێدەتر دەڕوا تا دەگاتە ئەوەی کە خەیاڵ دەگۆڕێ بۆ مەودایەک لە لێکچوواندن و وێنەو مەجاز، وێنەکان تەنیا ئەوە نین وێنەی ئاسایی بن، بەڵکو ململانێن لە ناوان شتە هەستیدارەکان و بێ هەستەکان، هەندێ کات لێکچوواندنی وێنەکان لای ئەم شاعیرە دەبنە  هۆی جێگۆڕکێکردنی شتەکان لەگەڵ یەکتری، ڕۆحدارەکان دەبنە بێ ڕۆح و خەسڵەتی بەردو دارو درەخت و سروشت وەردەگرن، جار جاریێکیش وێنە مردووەکان ڕۆحدار دەبن و مامەڵەیەکی ڕۆحداریان لەگەڵدا دەکا، نەک ئەمەش بگرە ژمارەیەکی زۆر لەو وێنانەشی دێنە پێشمان، وێنەی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەن، بەڵام لە ناو دێڕی شیعرەکاندا تووشی سەرسوڕمانمان و، ناجێگیری و بوون و نەفرەتمان دەکەن، ئەو تێکەڵکردنی وێنانە، دەبنە تابلۆیەک و شێوەی سەیرو سەمەرە دروست دەکەن، ئەو وێنانە لە تەنیا سنوورێکدا ناوەستن بەڵکو دەڕۆن مەودای جووڵەی خۆیان بەرفراوان دەکەن، شێوەکان دەگۆڕێن، وەک ئاوێنە و ڕووبارو بیر هەریەکەیان بە شێوەیەک ڕوخسارەکان وێنا دەکەن، هەندێ جار سیماکان لەبەر گۆڕان و شێواندنیان خۆیان ناناسنەوە، هەندێ کاتیش ئەوەندە شێوەیەکی دیکە دەنوێنن، خودی شاعیریش خۆی نایانناسێتەوە، تەنیا لە شێوەکاندا تێکەڵبوون بە ئەنجام ناگات بەڵکو تێکەڵبوونەکە جەستەو تەن و دیمەن و هەست و سۆزو هەناسەش دەگرێتەوە، ڕۆح دەبێتە شەوەزەنگ و شەو دەبێتە مرۆڤێکی سەرهەڵگرتوو، هەناسە دەبێتە گڕ و ماچ بە ژەهر، سەر دەبێتە سەوداو تیشکیش دەبێ بە چەقۆ، ئەوەندە شتەکان ئاڵوگۆڕی وێنەییان بەسەردا دێت، لە کۆتاییدا شیعرەکانیش تووشی گومان دەبن، شاعیریش دیمەنەکانی خۆی ناناسێتەوە، ئەوەندە سەرەتاکان دەگۆڕێن، کۆتایش نازانێ لە کوێیە.

خەیاڵ و مانا لای شاعیر لە سنووری وشە و وێنەدا ناسووڕێتەوە، بەڵکو مەودایەکی دی هەڵدەبژێرێ، نامۆیی وشە نابێتە کارەسات، بەڵکو نامۆیی دەبێتە تێکەڵبوون، کارەساتی زمان دروست دەکەن، ئەو هەموو نارەزاییەی ناو زمان دەبێتە یاخیبوون، هەر بۆیە دەبینین یاخیبوون لە ناو شیعرەکاندا زێدەڕۆیی یاخیبوونن، زمان لە سەر یاخی دەبێ و وشە لە ڕستەو ڕستە لە بڕگەو بڕگەش لە قەسیدەکان، خەون بە یەکتریەوە دەبینین، وشەیەک باوەش بە وشەیەکی تر دەکاتەوە، زمان ئەوەندە دەکەونە ناکۆکی لەگەڵ یەکتریەوە، ڕێگا لە یەکتری دەگرن، چۆن بڕۆن و ڕوو لە چ دەرگایەک بکەن، ئەوەندە قەرەباڵغی بەرفراوان دەبێتەوە، خۆشیان نازانن لە چ سەرچاوەیکەوە هەڵهاتوون و بەرەو کوێ دەڕۆن.

### خەون وا خۆی گێڕایەوە

سەیر نییە، ئەگەر بڵێم تامەزرۆیی وا لە وشە دەکات جێگای هەموو شتەکان بگرێتەوە، سەیر نییە ئەگەر بڵێم ترووسکاییەکان دەبنە کڵپەو لە ناخێکی پەنگ خواردوودا دەتەقنەوە، ئەوەی شیعر

دەگێڕێتەوە هەر ئەوە نییە. کە شیعر لە باوەش دەگرێت، ئەوەی شیعر دەکاتە مانفێست و سرووش و بلیمەتی و پێغەمبەری، ئەوانەن کە ئەرستۆ ئاسا فەلسەفەی شیعر دەگێڕنەوە، بلیمەتی شیعر ئەو کەسانە گەورە دەکات کە شیعر لە ئامێز دەگرن لەگەڵیدا گەورە دەبن، خەون و کاریگەری شیعری تامەزرۆیەکن مرۆڤ پاراو دەکەن و لە خەو رایاندەچڵەکێنی کە تێیدا مت بوون و نازانن لە دەوروبەردا چ باسە، شیعر تەنیا لە پەیوەندیدا ناژی، شیعر بۆ خۆی سەفەر دەکات و بۆ خۆشی ماڵ بە ماڵ وەکو گەدایەکی دێرین هێوردەبێتەوەو لە پاڵ سێبەرەکاندا وچانی خۆی دەداو لە نزیک کانیاوە شیرینەکانی گوێی دڵدارەکانیدا چرپەیەک و سیحرێک بەجێدێڵێ، وەکو ئەو کارمامزەیە لە پێدەشتێکدا بە دوای چرپەی پێیەکدا دەگەڕێ تا هەڵبێ، شیعر وریابونەوەیە پێش ئەوەی خاوبوونەوە بێت، خۆشنوودی زەمینی جوانییە، شیعر هەرچیەک بێت ئەوا لە لای ئەم شاعیرە دەببێتە سروشت، دەبێتە خەون و خولیا.

گەر بەم پێشەکیە ویستبێتم مانای شیعرتان پێ بڵێم ئەوا  بە هەڵەدا چووم، هیچ کتێبێک، وتارێک، پەرەگرافێ. رستەیەک، وشەیەک ناتوانێ ئەوەتان پێ بڵێ کە من ویستومە بیڵێم، ئەو نهێنییەتان پێ بڵێم کە هەموومان پێی مەست دەبین و هەرچی پێش ئێمەش بوون، پێی مەست بوون، ئەگەر بمەوێ لە خەونێک لە خەونەکانی شیعر بگەم، بێگومان هەڵەم و لەوە نەگەیشتووم کە ئەمەوێ بیڵێم، بەم پێشەکیە دەمەوێ بەدوای گوریسێکدا بگەڕێم، تا بەرەو نهێنی ئەو رۆحە ئاوێزانم کات، ئەمەوێ سەری دەزوویەک بم و لە ناو پەردەکانی شیعردا دروومانێک ئەنجام بدەم.

(خەون وا خۆی گێڕایەوە) پێش ئەوەی بزانم چییە، بەدەر لە هەر مێژوویەک کە شاعیر خۆی لە مانیفێستەکەیدا باسی خۆی دەکات،، ئەمەوێ بە ووردی لەو دنیایە بکۆڵمەوە کە رۆح سووکێکی وەکو ئەمی کرد بەو هونەرمەندەی لە دەرەوەی یاسا باوەکانی شیعری کوردیدا بە ئارامی و بە دەر لە پەیوەندیە چروپڕەکاندا حیکایەتی بەشیعروشاعیربوونی خۆی بگێڕێتەوە. گێڕانەوەی شیعر گێڕانەوەی باسێکە دەکرێ لەبەردەمیدا ئیستێک بکەین، گێڕانەوەی شیعر نە مێژووە نە سیاسەت و نە جوگرافیا، گێڕانەوەیەک زاراوەکان لە باوەش دەگرێ و بە ناو دەریای مانادا دەڕوا.

سەباح رەنجدەر لە هەناسە درێژەکانی شیعری هاوچەرخی کوردییە، بەڵام هەناسەیەکە لە گەرووی زەمەنێک پێش زەمەنی خۆیدا هاتوچۆ دەکات. ئەگەر تەماشای مانیفێستی شیعری، لە خەون واخۆی دەگێڕایەوە بکەین، پێموایە دەسپێکردنێکی نوێیە، دەسپێکردنێکە بە شیعر دەست پێ ناکات، بە راگەیاندنی شیعر دەست پێ دەکات، شیعر ناکاتە ئاڵا، سیمبولەکان شی دەکاتەوە. سەرەتای کتێبی شیعری خەون، گێڕانەوەی ژیانە، کاتێ کە شاعیر بڕیاردەدات لەبارەێ شتەکانەوە بنووسی نەک لەسەر خودی شتەکان، بڕیاردانێکە بۆ دابڕان، دابڕان لە هەموو ئەو شتانەی توخنی پیرۆزی و ریتوێڵ دەکەون، خەون کەس نایگێڕێتەوە، ئەوەندە پیرۆزە دەبێ کەسێکی دی لە دەرەوەی

سوجدەی پەرستن، تەفسیری حەقیقەتەکانی بۆ بکات، یەکەم رستە لە مانیفێستی خەونەکانی شاعیر بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە شکاندنی حورمەتی شتە ناسکەکان، دوورکەوتنەوە لە کفری بێ دەستنوێژی هەست و خەون و پێکەنین.

لە مانیفێستدا زۆر شت هەن، شاعیر لەوێدا شایەد نییە خۆی ئەو شتەیە کە هەیە، خۆی ئامادەبوونە، مافوورێکی پیرۆز نییە لە پەرستگای شتە پیرۆژەکاندا، بەڵکو حورمەت و سوجدەو پاڕانەوەیە، دووبارە بوونەوەی شتە دانسقەکانە، رەنگدانەوەی ئەو سێبەرانەیە کە بەر زەردە تیشکی دەمەو ئێواران دەکەون، لە مانیفێستی شیعری کە سەری دیوانەکەیەتی، چوون خوودی ئەم کتێبە لە چواربەش و مانیفیستێک پێکدێ، لە دواین بەرهەمی درێژی (سەباح رەنجدەر)ە، دەبێ سەرەتا ئەوە بڵێم کە شیعریەتی ئەم مانیڤێستە لە شیعریەتی بەشەکانی تر کەمتر نییە، لێرەدا ئەگەر دانپێنانێک هەبێت بەراستی بوون و سەرەتایی شیعری خۆی، ئەوەش هەیە کە چەند نهێنییەکی تێدایە دەکرێ ئاماژە بێت بە مێژووی نهێنی شاعیر، شاعیر بە ناهۆشمەندی لە ناو ئەم پەخشانەدا دەری دەخات، یان دەتوانین بڵێین لە دوو توێی ئەم پەخشانە شیعرییەدا ،کە شیعریەتی تێدایە، یان بە زاری کۆهین شێوازی شیعری کە بابەتەکەی شیعرە. زۆربەی زۆری وشەکانی ئەم بەشە بە دوو شێوە زمان نووسراون، یەکەم: زمانێکی گێڕانەوە، دووەم: زمانی دانپێنان و باسکردن. چیرۆک نییە، بەڵام باس لە بەسەرهاتی بەشیعربوونی ژیان دەکات، بە گێڕانەوە دەست پێ دەکات و بە شیعر کۆتایی دێت، سەرەتای زمانی گێڕانەوەیە، بەڵام هێدی هێدی بەرەو ناو شیعر کێشمان دەکات.

بەشیعربوونی ئەم دەقە بەشیعربوونێکی ناوکۆییە، بۆیە خوێندنەوەی ناوکۆیی دەوێ. ریفاتیر پێی وایە کە شیعر شتەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەردەبڕێ، بۆیە لەم دەقەی سەرەتادا بە پێچەوانەوە پەخشان راستەوخۆ شتەکان بە زمانی شیعر دەردەبڕێ. جان کۆهین پێی وایە کە شێوازی هەڵگری بەهایەکی ئیستاتیکیە، ئەم بەهایەش ئێمە لەم پێشەکییەدا دەیبینین.

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە بڕگەکانی ئەم پێشەکییە زمانی گێڕانەوەن، بۆیە ئێمە تەنیا روو دەکەینە بەشە شیعرییەکانی. پاش ئەوەی لە خۆ دەدوێ، باس لە بنچینەی خۆشەویستی دەکات، ئەوەش بە پێی بۆچوونی ئەو خۆشەویستی شیعرە:

(مرۆڤ ئێستای لە نەماندایە. رابردوو و دواهاتووی هەیە. شیعرێک لەسەر بنەما و جیهانبینی روون بنیاد نەنرابێت نە بە کەڵکی ئەمڕۆ دێت، نە هیچ سەردەمێکی تریش وەک دەقی پتەو و پەتی ئەدەبی قبووڵی دەکات.)

پێم وایە ئەمە سەرەتای دانپێنانی شاعیرە بە ژیان، سەرەتای دۆزینەوەی ئەو کلیلانەیە کە شاعیر ونی کردوون، هەوڵکە بەرەو دووبارە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتانەی کە خودی شاعیر

زەمەنێکی زۆر بەدوایاندا وێڵە پرسیاری سەرەتاو هەمیشەیی ژیانن، ئەو هەرگیز حەزی نەکردووە لە کەس بچێ، بەڵام حەزی کردووە بەدوای جوانییەکانی کەسانی تردا بگەڕێ، هەرگیز بەم شێوەیە بیر ناکاتەوە تەنیا ئەو کاتانە نەبێت کە لە داهێنان دادەبڕێ و لە گەشەکردندا پەکی دەکەوێت.
لێرەدا حەز دەکەم بە کۆمەڵێ سەرەتا، دەست پێ بکەم، کە بریتین لە شیکردنەوەو دانپێنان و وتنی راستییەکان. مەسەلەیەکی زۆر گرینگ لەم پێشەکییەدا هەیە کە دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم مەسەلەی دانپێنان و نەفیکردنە، ئەم پێشەکییە نەفی ئەوە دەکات کە ئەو شتە لەو بارەیەوە دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا دان بەوەدا دەنێ کە ئەو سەرقاڵی ئەو کارەیە، لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەینە بەرچاو، ئەو نموونانە تەعبیر لەم دانپێنان و نەفیکردنە دەکەن.

**(من ژیان دەنووسم لە بارەی ژیانەوە نانووسم**
**من خەون دەنووسم لە بارەی خەونەوە نانووسم**
**من چارەنووس دەنووسم لە بارەی چارەنووسەوە نانووسم**
**من جوانی دەنووسم لە بارەی جوانییەوە نانووسم**
**من دامەزراندن دەنووسم لە بارەی دامەزراندنەوە نانووسم**
**من فانتازیا دەنووسم لە بارەی فەنتازیاوە نانووسم**
**من هەست دەنووسم لە بارەی هەستەوە نانووسم**
**من زمان دەنووسم لە بارەی زمانەوە نانووسم)**

دووبارەبوونەوەیەکن بۆ تەئکیدکردن، لەسەر ئەرکەکانی خودی شاعیر نا، بەڵکو ئەرکی شیعر خۆی، شیعر وەکو مرۆڤ، لەدایکبوون و مەرگی هەیە، شیعر لە خودی شاعیر کە جیا دەبێتەوە، سەمفۆنیایەکی سەربەستەو ژەنیارەکانی خۆی ناناسێت، شیعر لە دەرەوەی شاعیر وێسگەی پشوودانی رۆحە. ئەگەر شیعر لە هەموو جێگایە بۆ ئەوە نووسرابێت کە شتێک بگێڕێتەوە، ئەوا لێرەدا باس لە شتەکان دەکات و هیچیان لە بارەوە ناڵێ، خودی شیعر دەبێتە شتەکان و شتەکانیش دەبنە خودی شیعر. ئەمەش هاوکێشە پۆست مۆدێرنیزەکانی شیعرە.

ژیان، خەون، چارەنووس، جوانی، دامەزراندن، فانتازیا، هەست، زمان هەر هەموویان پێکەوە سەرچاوەی دەسپێکردنی پەیوەندین لەگەڵ مێژووی نووسینەوە دەربارەی ئەو شتەی کە نانووسرێ، هەموو شتەکان بە باسکردنی خۆیان دەست پێ دەکەن، ناکۆکییە شیعرییەکە لەوێدایە، ئەوە دەکەم و ئەمە ناکەم، کردەی کردن و نەکردن سەرەتاو کۆتایی دەسپێکردنی ئەو خەونەیە کە ئەم نایگێڕێتەوە بەڵکو خۆی خۆی دەگێڕێتەوە.

ئەگەر تەماشایەکی وردی ئەو رستانەی سەرەوە بکەین جیاکارییەک لە ناوان دەربڕینەکان دەبینین، بەڵام لە هەمان کاتدا پەیوەندییەک هەیە، سەرەتا زۆربەی رووداوەکان باس لە کردنی

کارێک دەکەن کە لە هەمان کاتدا شێوەی کردنەکە نەفیکردنی کردەی یەکەمە، بەڵکو دەیەوێ لە خودی شتەکانەوە دەست پێ بکات، لە هەموو ئەو کرداری نووسینانەدا شاعیر دەربارەی خودی مرۆڤ و شتە رۆحدارەکان نانووسێ، بەڵکو دەربارەی ئەو شتانە دەنووسێ،کە پەیوەندیان بە مرۆڤەوە هەیە، ئەوەی بەلای ئەوەوە گرنگە، خودی مرۆڤە، بەڵام ئەوەی مرۆڤ بەرەو جوانی دەبات، ئەو کۆمەڵە پێویستیانەن کە پێویستن بۆ بەردەوامی مرۆڤ و جوانییەکانی مرۆڤ، (ژیان، خەون، چارەنووس، جوانی، دامەزراندن، فانتازیا، هەست، زمان)، لە نووسینی دەربارەی ئەو شتانە دوو هێڵی هاوبەش هەن، یەکەم شاعیر لە دوو هێڵەوە دەنووسێ، هێڵی شتە هەستیەکان و هێڵی بنیادنان، ئەو فانتازیاو دامەزراندن بەکاردێنێ تا بتوانێ ژیان و هەست و چارەنووس و خەون و جوانییەکانی مرۆڤ جوانتربکات. ئەوەی کە نەفیکردنی دانپێنانە، ئەوەیە لەم نووسینی پەخشانە شیعریەدا یەکەم رەفزکردنە لەبارەی شتێکەوە قسە بکات کە خۆشی قسەی لەسەر دەکات، لە کاتێکدا لە خەون نادوێ ولەبارەی خەونەوە نانووسێ کە چی دەیاننووسێتەوە، ئایا نووسین لەبارەی شتێک و نووسینی شتێک یەکناگەیەنێ، لەرووی لێکدانەوەی رۆحیەوە نووسین دەربارەی شتێک خۆدانانە لەدەرەوە ئەو شتە، کاتێ دەربارەی ژیان دەدوێی خۆت لەدەرەوەی ژیان دادەنێیت و ژیان شتێکی نامۆیە بە تۆو تۆش وەکو نامۆیەک بەچاوەکانت دەیپشکنی، بەڵام کاتێ کە تۆ لەژیان دەدوێی و دەنووسی مانای وایە تۆ لە سنووری ناوەوە باس لە شتەکان دەکەیت و خۆشت بەشێکی ئەو رووداو هەست و دیمەنەی. بۆیە شاعیر نەفیکردنێکی جوانی بەکارهێناوە بۆ نەفیکردنی ئەو حەقیقەتانەی دەیانووسێتەوە، نەفیکردنەکەی پشت راستکردنەوەی دژە نەفیکردنەکانەن.

لەو مووچڕکە و تەزوانەی کە هەموو رووبەری ئەم پێشەکییە دادەگیرسێنێ، راگەیاندنەکانێتی لەمەڕ شیعرو داهێنان، ئەمەش خەسڵەتی مانیفێستە کە دەبێ، بڕیاردان و دانپێنانی تێدا بێت، کاتێ شاعیر دەڵێ رۆشنبیری کوردی رۆشنبیرییەکی شیعرییە، ئەمە ووتنی حەقیقەتێکە بنیادی مانیفێستەکە تەواو دەکات. چییەتی نووسین و دەسەڵاتی وشە و گفتوگۆکردن لەگەڵ ژیان، خەسڵەتێکە نووسەری ئاگردز ئەنجامی دەدا، ئەفسانەیەکی گریکیەو خواوەندێکی پڕ نادیارییە، لە هەموو ئان و ساتەکاندا دەردەکەوێ.

مانیفێستی خەونەکان، توولە رێگایەکە بۆ گەیشتن بەو خەزنەیەی سەرشارە لە نهێنی و جوانی سەرزەمین و شازادەی ناو ئەفسانەکان، ئەم مانیفێستە دەرگای کردنەی ئەو گرێکوێرانەن سەردەم پاش سەردەم پێمانگەیشتوون و دەیانەوێ لێرەوە بچنە ناو ژیانەوە، دەیانەوێ لێرەوە لە ماناکانی لەدایکبوون بگەن، ئەم سەرەتایە سەرەتایی ئەو دەرگایانەن کە هەرگیز بە کراوەیی نەماونەتەوە، ئەم دەرگایە هەڵماڵینی هەموو ئەو روخسارە شاردراوانەیە، هەڵماڵینی نهێنی و درۆو ناپاکی و ئاشکراکردنی جوانییەکانی ناو دنیای شیعرە.

**(سرووش)**

هونەری شیعری لە سرووشدا، لە سنووری شیعرێتی دەردەچێت، دەکەوێتە ناو پێکهێنانی وێنەی شیعری پچڕ پچڕ، لێرە وێنەیەک لەوێش وێنەیەک، هەر هەموویان تێکەڵ بە یەکتری دەبن لە هارمۆنیایەکی تایبەتدا دەچنە پاڵ یەک و وەکو چەندین کۆلاژی هەڵپچڕاو لێرەو لەوێ، وێنەیەک پێکدێنن، ئەو وێنەیەش لەگەڵ کۆمەڵێ وێنەی دیکە یەکتری دەگرن و دەبنە پرسیارێک و ریتمێک لە ناو فەزای شیعرەکەدا بەجێدێڵن، سرووش وەکو بنیادو پێکهاتە لە هەموو بەشەکانیدا شێوازی مونتاجی شیعری تێدا دەردەکەوێ، واتە دیمەنە شیعریەکان لە جێگای جیاواز جیاوازدا دەردەکەون، لە ناوان ئەو وێنەو دیمەنە شیعریانەدا بۆشایی هەن، بۆشاییەکان وەکو زنجیرەیەک بەردەوام دەڕۆن، دەڕۆن، تا دەگەنە ئەوەی  پەیوەندیەکە لە ناوان تێکست و دیمەنەکان بۆ پەیوەندی ناوان تێکست و وەرگر دەگۆڕێ، واتە خوێنەر، یان گوێگر دەبێ ئەو بۆشاییانەی ناوان دیمەنەکان پڕکاتەوەو مانایەکی گشتگیری چنگکەوێ.

**(ئاسمانی سەرگەردانی بە ئاسوودەیی پێوا**
**تۆی تێکەڵ بە نازو مەنزڵ و نیازم**
**بۆچی بوو ئەی ئاسمان**
**رێبواری ماندوو بە هەموو رێگاکانی تێپەڕی**
**خوای دڵکەش و ئارام بە جوانیی**
**لە دەموچاوی روون و بە بەزەیی کتێب هاتە دەرێ**
**ددانەکانی گوشی**
**ئاگری داهێنا**
**گەڵاکانی درەختی ناوبانگ شادو پەسەندن**
**دەبن بە کاغەزی بەرەکەت و بێتەگەرەیی)**

هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر لێرەوە بمانەوێ، جوان لە ناوەڕۆکەکانی زمانی شیعری ئەم شیعرە بکۆڵینەوە، دەبینین زمانێکی شیعرییەو لە قاڵبی پەخشاندا وێنەکانمان پێشکەش دەکات، یان بە پێی بۆچوونی (جان کۆهین) بە پەخشان رووبەڕووی شیعر دەبینەوە، ماتەریالەکان هەموو کۆمەڵێ ماتەریالی زمانەوانینی، بەڵام لە پشتیانەوە، توانایەکی ئیستاتیکی زاڵە. ئەگەر وەکو کۆلاژ و مونتاژیش تەماشای بکەین دەکرێ بڵێین، کۆمەڵێ وێنەن، بە ئەنقەست خوێنەر دەخەنە بەردەم کۆمەڵێ بۆشاییەوە، بڕوانە ئەم وێنانە:

**( بازێک  ئاسمانی پێوا**

**ڕێبواری ماندوو تێئەپەڕێ بە هەموو ڕێگاکاندا**

**خوا بە شێوەیەکی جوان لە دەموچاوی کتێبەوە دێتەدەرێ**

**ددانی خۆی دەگوشێ**

**ئاگردادەهێنێ**

**گەڵاکان ئەبن بە کاغەزی بەرەکەت )**

ئەگەر ئەم دیمەنانە وەک مانا تەماشایان بکەین هەریەکەیان بە سەربەخۆ مانایەکن بۆ کۆمەڵی کردار، ئەرک، جووڵە، ئەنجامدان، لە ئاسمانەوە دەست پێ دەکات، دێتە سەر زەوی و لەوێشەوە دەچێتە ناو کتێب و لە کتێبیشەوە دێتە دەرێ و پاشان هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی کۆمەڵێ چالاکی خۆبەخۆیی لە دانی خۆیەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە خوڵقاندنی ئاگر، پاشان وێنەی گەڵا دەبینین کە دەبێ بە کاغەزو ددان دەبینین دەگوشرێت. لە هەموو وێنەکان بزواندن و لە دایکبوون بەرچاو دەکەوێ، جووڵەی باز، ڕۆیشتنی ڕێبوارو هاتنەدەرەوەی خوا لە کتێبەوە، پاشان داهێنان دەبینین ئاگرو گەڵا.

شاعیر (ئیستاتیکیای بۆشایی لە ناوان ئەو دیمەنانە بەکاردەهێنێ بۆ خوڵقاندنی جوانکاری جیاوازی، هەروەها جوانکاری تێکەڵکردن بەکاردەهێنێ بە مەبەستی کورتکردنەوەی زەمەن.). مونتاژی شیعری یەکێکە لەو بەشە ڕەخنەییەی کە زۆر گرنگی بە لێکدانەوەی پەیوەندیەکانی ناوان ڕستەو وشەو مانا دەدات لە ناو بنیادی شیعریدا، شوبهاندنی شیعر بە وێنەو دیمەنی شانۆیی، یان سینەمایی هونەرێکە لەگەڵ پەیدابوونی سیمیۆلۆژیدا پەرەی سەند. بەهەرحاڵ ئەم شێوە مونتاژە بە ئاشکرا لە ناو ڕستەو وێنە شیعری و کارەکانی (سەباح ڕەنجدەر)دا دەبینرێ.

ئەگەر بەم چاوە تەماشای بنیاتی مونتاژی ئەو وێنەیەی سەرەوە بکەین ئێمە لەبەردەم دوو دیمەنی تایبەتین، دیمەنێکی ڕاوەستاوو دیمەنێکی جووڵاوە، شتەکان لە جووڵەن خواو مرۆڤ و باز دێنە دەرێ و هەڵدەفڕن و ڕێ دەکەن، وەستاوەکانیش کتێب و زەوی و ئاسمانن. ئەگەر ئەمانە لە چاوێکی نمایشسیەوە تەماشا بکرێن، ئاماژەن بۆ پێکهێنان و بڕینەوەی ئەو پەیوەندیانەی کەشیعریەتی سرووش دەیەوێ خۆی ئاوێتە بکات، لەگەڵ مەبەستە گشتیەکاندا.

ئەگەر شیعر شێوەیەک بۆ نمایش کردن و پێشکەشکردنی دیمەنەکان، بەڵام ئەو هەستە بەدی دەکرێت کە سرووش کۆمەڵێ بابەتی پچڕاوی پەیوەستدارن، بۆشاییەکانی ناوان ئەو پارچەو دیمەنانە خوێنەر پڕیان دەکاتەوە، بارت وتەنی وشە لە ناو شیعری سرووشدا تەنیا ئاماژەیە، بەڵام بە هاوپەیمانی لەگەڵ وشەو ڕستەکان لەگەڵ یەکتریدا شیعریەتمان دەست دەکەوێ.

سرووش نایەوێ ببێتە تێکستێک بۆ مانای ڕووت، ئەگەر بەو ئەرکە هەستێ ئەوە ئەرکی شیعریەتی خۆی لە دەست دەدات، جوانکاریەکانی شیعر لە شیعریەتدایە نەک لە مانا، زۆربەی

هەرەسی شیعری بەرگری و ئایدیۆلۆژی لەوەدایە کە خۆئامادەکردنێک لە پشتەوەی ماناکانە، خۆ ئامادەکردنێک پاڵ بە شتەکانەوە دەنێت، ئەم خۆئامادەکردنانە ئەو پەیوەندیانە دەشێوێنن کە وشەکان دەیانەوێ لە ناوان خۆیاندا دایمەزرێنن.

## *لینزی شیعری*

دەبێ ئەوەش بووترێ کە تەماشاکردن بەچاوی لینزی بۆ دیمەن و بەسەرهاتەکان، سەرەتاکەی لە ناو شیعری کوردی بۆ شیعری کلاسیکی دەگەڕێتەوە، واتە شیعری کوردی تەنیا چاوێک نەبووە، کە لینزی بەکارهێنابێت بۆ وردبوونەوە لە دیمەن و شتەکان، بەڵکو شیعری جیهانی و بەتایبەت شیعری فەرەنسی لەم بوارەدا گەلێ نموونەی زیندووی تێدایە، هەر لە (ڤرلین)ەوە تا (بۆدلێر) دەیان گەورەکردنەوەی دیمەنە وردەکان بەدی دەکرێن، لە گوڵەکانی دۆزەخ ئەم نموونانە بەزەقی و جوانی دەردەکەون، بەو ئاستەی کە زۆربەی دیمەنەکان لەبەردەممان‌دا بە سانایی دەبینرێت و پێویستمان بەوە نابێت لەدەست نابینایی و چاوکزی بناڵێنین، نەخێر، هەروەها لەلای (رامبۆ)ش ئەم حەقیقەتانە گەورەتر دەبنەوە، لە شیعری کلاسیکی کوردی نموونەی ئەم شێوە لینزانە زۆرن، کە بەپێی چاوی تایبەت ناڕوانرێتە دیمەنەکان بەڵکو بە پێی بیرکردنەوە تایبەت لە هەموو ئەو وردەکاریانەی کە پەیوەستن بە هێزو توانای تێڕوانینی دیمەنەکان. کاتێ وردەکاریەکانی شیعری کلاسیکی دەخەینە ژێر وردبینەرو بە شێوەیەکی قووڵ تێی دەڕوانین، دەتوانین ئەو ساتانەی تێدا ببینین کە ساتی وردی بیرکردنەوەو تێڕوانین و ڕامان و ژیانن، لە ناویاندا وردەکاریەکانی هەست و تێڕامان دەبینین. ئەم دەردی وردبینینە بە درێژایی سەقاڵبوونی شیعر بە هەستەکانی بیری ئەشق و ئایین و مەرگ بەردەوام بووە، چاوەکانی ئەوان، بەراستی لینزی وردکەرەوەو پشکنین بووە، بڕوانە ئەم لینزەی نالی مەزن، چۆن مەزنی بە شیعر دەبەخشێ:

**(ڕۆژ سەری کوڵمتە رووناکی نووری بەصەرم**

**شەو خەمی زوڵفتە تاریکیی گوڵێ ئەمەلم**

**یان دەڵێ:**

**لە دوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان**

**بەیانی دا سفیدەی باخی سێوان**

**لە خەوفی تەلعەتی ڕۆژ هەروەکو شێت**

**بە رووزەردی هەڵات و کەوتە کێوان)**

ئەمەی سەرەوە نموونەیەک بوو لە وردوکاری و لینزەکانی شیعری کلاسیکی، ئەو نموونەیە هەر خۆی شایەدی لەسەر توانای چاو و بینینی وردی شاعیرانەی ئەو سەردەمە دەدەن.

وەسفکردن بەشێکە لە باڵای شیعر، وەسفکردن ئاوڕدانەوەیە لە هەموو ئەو هەستانەی کە شیعر دەیەوێ ماناکان لە دیوی خۆیەوە ببینێ، کاتێ کە بیری شیعری لە بازنەی خۆیدا دەسووڕێتەوە، تایبەتمەندیەکە دەکرێ تەنیا بە زمانی شیعر دایەلۆگی لەگەڵدا بکرێ، زۆربەی زۆری گرفتەکانی زمان لەوەدایە کە تۆ چۆن دەڕوانیتە واژەیەک و کەسێک تر چۆن دەڕوانێ، ئەم مەسەلەیەش لە سیمیۆلۆژیادا پێی دەوترێ پەیوەندی ناوان دال و مەدلوول، ئەگەر رۆژ دال بێت بۆ رووناکی، گەرمی، رۆژ و ساڵ و مانگ، ئەوا مەدلوولەکانیشی بە پێی کەسێک بۆ کەسێک تر دەگۆڕێ، رەنگە لە مانای واقیعی خۆی لاداو ببێتە شتێکی ئێجگار جیاواز، دەکرێ رۆژ ببێ بە ئازادی بە کۆچ، بە هیوا، و.. تاد، لێرەدا مەدلوولەکان بە پێی پەیوەندیەکانیان دەگۆڕێن، ئەم ئەرکە لە ناو بنیادی شیعریدا گەلێک بە زەقی دەبینرێ، بەڵام ئەوەی کە گرنگە پەیوەندی نییە لە ناوان دال و مەدلوول و وردبوونەوە نییە لە ناکۆکی و دژەکان و لێکدانەوەی دوولایەنەی بنیادگەریانە نییە، بەڵکو روانینە بە چاوێکی لینزی بۆ وشەو رستەو برگەکان، لێرەدا ماناکە ئەوە نییە کە ئێمە بێین یەک بە یەکی وشەکان بە چاوی لینزی شیعری گەورە بکەینەوەو لێی بڕوانین، بەڵکو مەبەستەکە چۆنییەتی گەڕانە بە چاوی لینزی بە دوای وشە و مانا شاراوەکان.

چاوی لینزی لە (خەون وا خۆی گێڕایەوە) چاوێکە بەردەوام دەگەڕێ و لەم دیمەنەوە بۆ ئەو دیمەن بازمان پێ دەداو جار جارێ لە ئاستی دیمەنەکان ئەوەستێ و بە زوم ئێن بەرەو ناخ پەلکێشمان دەکات، ئەم سەخڵەتە لە زۆربەی زۆری بەشەکانی ناو ئەم کتێبەدا دەبینرێ، سیمایەکە لە سیمایەکانی نامەئلوفیەتی شیعری، واتە شیعر جەستەیەکە بەسەر یەک رێگادا دەروا. پاشان وەک گیانلەبەرێ دەبێ بە چەندین جەستە، هەر جەستەیەکیش رێگایەک دەگرێتە بەر، چاوێک دەبینین لە شەوەزەنگی تەنیاییدا بە دوای شتە ونەکاندا دەگەڕێ، لە پڕ دەبێتە دەیان چاوو لە هەموو کون کەلەبەرێکدا بەدوای پرسیاردا دەگەڕێ، شیعر ئەگەر لێرەدا پرسیار بێت لەسەر تەنیایی ئەوا لێرەدا پرسیارە دەربارەی گەڕان بە دوای تەنیاییدا.

**(بازیش هێزو هۆش دەگەیەنێتە گەڵا**

**دەبێتە هونەرمەند وێنەی ئەو لکانە دەکێشێ دەکرێنە زەمبیلەو سەبەتە**

**دەشتایی ڕووت و ئاسمانی نائومێد دەبن بە نێچیری لاواز**

**ڕووباری کەنار پڕ مرواری و ماسیگرە**

**باوەشی دەکاتەوە جگەرگۆشەکانی دەژمێرێت**

**سێبەری بەسەر بەردو درەختە ئارەزوو بەرزەکان درێژ دەبووەوە)**

لەم کۆپلەیەدا میکانیزمی شیعری لە پونتێکدایە کە چاوێک هەیەو بەرانبەری دیمەنەکان روو دەدەن، ئەم رووداوانە لە ناو عەقڵی لینزیدا جار جار گەورە دەبن و جار جار دووردەکەونەوە، بە

جۆرێک خۆمان لەبەردەم دیمەنێک لە دروستبوون و ژیان و دووبارەبوونەوە دەبینین. پێش ئەم کۆپلەیەو دوای ئەم کۆپلەیەش پەیوەندیەکان بۆ شێوەیەک لە گۆڕانی ئەرک دەگۆڕێن، بەڵام لێنزەکان هەموو شتەکان بە گەورەیی دەبینن، ئەم لێنزە تەنیا دیمەنەکان گەورە ناکاتەوە، بەڵکوهەڵدەستێ بە تێکەڵکردنی ئەو دیمەنانەی لە چوارچێوەی بازنەیەکی گەورەکردنەوەکەدا.

(باز دەبینرێ کە شتێکی مەعنەوی بە گەڵا دەبەخشێ، لەولاشەوە هونەرمەندێ خەریکی کارێکی هونەریە، لە لایەکی دیکەوە شتێک روو دەدات گۆڕانی سروشتیە و تێکەڵ بە فەنتازیا دەبێ، لەولاشەوە دیسان بە مرۆڤبوونی رووبار دەبینین دەبێتە باوەشێکی پڕ سۆزو ئەمەک....تاد) هەموو ئەمانە لە چاوی ئەو لێنزەوە دەبینرێ کە هەندێ جار وێنەکان گەورە دەکاتەوە، هەندێ جار وێنە دەگرێ ، لە هەندێ جێگای دیکەش دەبێتە مایکرۆسکۆبێک و ناخ و رۆح و خەیاڵ دەخوێنێتەوە. چاوی لێنزئاسای (سرووش)، بەشە بە بەشی بە ناو چوار مەودای گرنگدا قووڵدەبێتەوە، یەکەم: مەودای ناخ، دووەم: خەیاڵ، و سێیەم: سروشت، چوارەم: ئەودیوی وێنەکان)، مەودایی ئاسایی سێ مەودایی مرۆڤیش دەخوێنێتەوە:

**(خەونم لە تۆدا کەسە دوورەکانی بینی**

**قسەم لە تۆدا بووە گۆرانی**

**هەنگاوم لە تۆدا جۆگەلەی دەرەوەی پەرژینی هێنا ناو ڕەز)**

ئەگەر بە لینزی روانین تەماشای ئەم کۆپلە بچووکە بکەین، مەودای ناخ و خەیاڵ لێرەدا بەرجەستەبوون، تێکستەکە، یان زمانی تێکستە لە (من) ەوە دەست پێ دەکات بۆ (تۆ) و دواجار لای (ئەوان) دەنیشێتەوە، ئەمە جووڵەی سێ مەودایی شیعرییەتی (خەونە کاتێ خۆی دەگێڕێتەوە)، واتە خەون و قسە و هەنگاو هی (من) ە، لە (تۆ) دا واتە لە لایە کەسی دووەم دەبێ بە کەسی دورووگۆرانی و جووڵە، ئەمەش نیشتنەوە لای (ئەوان). ئەم شێوە سێ ئامرازو سێ مەودایە زمانی زاڵە لە سەرتاپای شیعری (سەباح رەنجدەر). لێنز لێرەدا بە چاوی کەس شتەکان نابینێ بەڵکو خۆیەتی خەون و قسەو هەنگاوی ئەوە لە بەرانبەریدا شتەکانی (ئەو) دەبینێ. هەر بۆیە دەبینین بەرجەستەبوونی ناخ لەو شتانەن کە لە هەستکردن بە کەسی دەرەوەی خودا بەرجەستە دەبێ.

هەروەها جووڵەیەک بەدی دەکەین، بەم شێوەیە دەست پێ دەکات لە خەونەوە بۆ قسە پاشان بۆ هەنگاو، واتە خەون ئەو مەودا قووڵەی هەستی شاعیرە تەنیا لە حاڵەتی قسەدا دەردەکەوێ چی بووەو چی روویداوە، پاشان دەبێتە کردار، کە ئەویش ئەنجامدانی کاری هەنگاو هەڵهێنانە.

مەودایی سروشت و ئەدیوی وێنەکانیش دیسانەوە، وەک شێوەیەک لە بەمرۆڤبوون هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانیان، زمان لای شاعیر زمانی یاخیبوون و دووبارە تێکشکانی بنیادە باوەکانی سروشتە، رووبار لای ئەو رێ ناکات، بەڵکو پشتی زەوی دەخورێنێ، ئاسمان

هەروا لەو بەرزییەوە تەوز بە مرۆڤ ناکات، بەڵکو باوەش بە سنگماندا دەکات، هەرچی شتە سروشتیەکان هەن لەودیوی وێنەی رووداوەکانەوە فرمانی خۆیان بەجێ دەگەیەنن:

**( ساماڵەو جۆگەڵە خامۆشەکانی ناو دارستانی سنەوبەر**

**پەنجەیان خستوەتە ناو پەنجەی تریفەی شەیدا**

**کۆڕنیشی سەر دارستان چپەیەکی مەردانەی دا بە گوێییان**

**ئاگری نەجیبزادە لە چارەنووس هەڵنەهات**

**هەور بیر دەکاتەوەو سەرەڕۆ دەڕوا**

**یان بەدوای دەنگی کێڵگەیەکەوە دەچێ)**

تەنیا ئەوەی لێرەدا مەبەستە مامەڵەکردنە لەگەڵ مەودا سروشتیەکان بە شێوەی ئەرکبەخشین بە سروشت کە ئەمەش هەر هەموو لە چاوی لێنزی شیعرییەوە بە گوێگر دەگات، وەرگر لەبەردەم وێنەیەکە نەک تەنیا دەیخوێنێتەوە، بەڵکو دەشیبینێ و چاوی ناوە بە دووربینەوەو لە رێگای نزیککردنەوەی وێنەکانی ناخەوە هەموو ئەو ساماڵ و جۆگەلانە دەبینێ کە پەنجەیان خستووەتە ناو پەنجەی تریفەی شەیدا، یان چرپەکان بە چاو دەبینن کە چۆن لە پەناگوێی ئەواندا چرپەی خۆی بە گوێیان دەدا.

چاوی لینزی ئەم شیعرە تەنیا لەمەوداوا وێنەگرتن و گەورەو بچووککردنەوەدا ناوەستێ، بەڵکو وێنەکانمان جارێک بۆ گەورە دەکاتەوە و جارێکیش بچووک، لەمەش بترازێ زاکیرەی ئەو لێنزە لە ناخی خۆیدا هەندێ یادگاری تۆمار دەکات، ئەو یادگاریانە دەبنە سەرەتای دەسپێکردنی مێژووی هەڵکۆڵینی شیعرەکە، کە ئەمەش تەنیا بەوە دەردەکەوێ کە بتوانرێ بە ناو چینەکانی ئەو زاکیرەیەدا شۆڕببینەوە، کتێبێک هەیە کە ئێمە دێنێ، لەودا خەونەکانی کەسە دوورەکان دەبینێ، خەون تەنیا بە چاوی وردو زاکیرە نەبێت کەسە دوورەکان نابینێ:

**( کتێبی چی ئێمەی هێنا**

**خەونم لە تۆدا کەسە دوورەکانی بینی**

**قسەک لە تۆدا بووە گۆرانی**

**هەنگاوم لە تۆدا جۆگەلەی دەرەوەی پەرژینی هێنا ناو رەز**

**ئالام لە تۆدا ئارمی رۆژی چاپکرد)**

هۆڵەندا

کەوانەی کتێب


لێکۆڵینەوە



ئەدیب نادر

# لۆرکا.. ئەو یاخییەی ڕەنگەکانی تری به مێژووی ئەدەبی ئیسپانی بەخشی

(دەنگت هەیە، شـێـوازت هەیە، بەڵام ڕێکەوتی سـەرکـەوتن ناکـەیت چونکە ڕۆحێکی داهێنەرانەت نییە)
مانوێڵ تۆریس بە گۆرانیبێژێک دەڵێت



لۆرکا

ئەوکاتانەی کە منالّ بوو، نامەکانی بەوێنەی ئاوی و هێلکارییە دانسقەکانی خۆی دەڕازاندەوە، ڕەنگبێ ویستبێتی لەو ڕوانگەیەوە ئەوە دەربخات کە وێنە و شێوەکاری لە هۆنراوەدا دوو خاڵی پێکداچووی سەر هێڵێکن و بێ جودایی پێکەوە لە نێو هەمیشەدا کۆتایان پێ دێت. بۆیە سیلڤادۆر دالی هاوڕێی ئەوەمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە هەوڵدانەکانی لۆرکا بۆ ئەوە بووە کە کارە هونەرییەکان مۆرکێکی دیار بەسەر شیعرەکانییەوە جێبهێڵن..

لۆرکا شاعیرێکی میللی بەهرەمەند و داهێنەر بوو، هۆنراوە پڕ جۆش و زیندووەکانی سەرتاپای سروشتی ئەندەلووسیان بە تێکچڕژان و بۆن و بەرامەی مەستکەرانەیانەوە دەگرتە دوو توێی خۆیان و بەو گوڵە مێخەکە

بۆن خـۆشـانەی ئەندەلووس چێـژێکی زیـاتریان لە قـووڵایی خـۆیاندا کـۆدەکـردەوە و دەبوون بە خـودانی ناوەڕۆکێکی جـیاواز. بێجگە لەوەی کە زوبانی ساکاری ئەو وەرزێڕە ئیسپانییانەی کە وەکو خـۆی لە کەشـوهەوای سـاکاریدا پێگەیشـتبـوو ببـووە هـەوێـنی تەواوکردنی هۆنراوەکانی و بیـرۆکـە و ترس و بیـمـی ئەو مـەرگـە جـاویدەیش کـە هیچ کـاتێک دەسـتی لە هزر و هـۆشی هەڵنەدەگرت، کارێکی ڕاستەوخۆتریان کردە سەر بەرهەمە ڕەسەنەکانی.

کەسێکی تر نەبوو بەڵکو هەر ئەو لۆرکایە بوو کە قۆڵی جورئەتی لێ هەڵماڵی بوو و دوای ئەوەی کە نەیاندەتوانی سەر نوێشتی گۆرانییە میللییە پێشینییەکان دیاری بکەن کە فەرامۆش کرابوو بۆ ئەوەی ببێتە خۆراکی بەربادی و لەناوچوون، بەشێکی فرەی لێیان کۆکردەوە و بەشێکی تریشیان بەشداری دانانی بناخەی زۆربەی کارە شیعرییەکانی ئەویان کرد و بوونە دراماییەکی سەرزیندەی تەواوی دەفتەری شیعر و شانۆنامەکانی. لۆرکای عاشق بە مەرگ و سەرکێش بە هەموو بارێکدا مردنی بە تەواوکەرێکی خواسایی و سروشتیی زیندەگی دەزانی و هێند بیری لە مردن دەکردەوە تا ڕادەی ئەوەی کە غوربەت و دوورییەکی بێسەروشوێن دەستیان دەنایە بینی:

(شاری کورتووبەی بە تەنیا/ ئەڵێی وا لەوسەری دونیا...)

لێرەدا مەحاڵیی و سەختی چوونە ناو کورتووبەی پیرۆز، مردنێکی ترە، چونکە کاتێ کە ئەم کەوشەنی شارەکە دەبڕێت مردن کە مێردەزمەیەکی جوداوازە، دێتە وێزەیی و بە سانایی لە کۆڵی نابێتەوە:

(بەر لەوەی من بچمە ناوشار/ ئەگاتە وێزەم بە هاوار...)

ئەم تەنیاییەی لۆرکا لە هۆنراوەی (بەسەرهاتی پەستبووەکە) دا پتر خۆی دەنوێنێ و بە دیار دەکەوێت چونکە لێرەدا تەنیاییەکەی بە ڕاڕاییەکی بێئامانەوە دەلکێنێ و لەگەڵ داستانێکی خۆماڵییانەی ئیسپانیدا متووربەی دەکات و دەیکات بە مێژوویەکی زیندووی شیعر و خۆبەخت کردن، چونکە هەر وەکو شاعیرێکی بەهێز و چاونەترس دەڵێت: (ئەوەی لە مردن بترسێت لە دواییدا بە کۆڵی خۆی هەڵیدەگرێت). کە ئەم گوزارەیەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر مردنەکە حەتمییەتێکی بەڵگەنەویستی ژیان بێت ئیتر بۆچی دەبێت مرۆڤ لێی بترسێت و لە تەقەلا و کۆششی خۆی بکەوێت و دۆش دابمێنێ؟! بەو سۆنگەیەوەی کە خەون بە مەرگەوە دەبینێت!

لۆرکا ئەو هەقیقەتەی لەلادا ڕوون ببووەوە بەڵام لە هەوڵدانێکی بێووچان دا بوو تەنانەت ئەگەر هۆنراوەیەک یاخود شانۆنامەیەکی دەست پێ بکردایە ئەوا ئارامی نەدەگرت و هەدادانی لێ دەبڕا تا ئەو دەمەی بە کەماڵەوە گرێی دەدا، چونکە لە هەر ساتێکەوە بۆ ساتێکی تر پاشخانی

تێفکرینی مردن مۆنۆپۆڵی دەکرد، حسێبێکی ورد و دانسقەشی بۆ دەکرد نەبا لە پڕێکا بەرۆکی بگرێت و کارەکەی پێ تەواو نەکرێ.

لەگەڵ سەرجەمی ئەمانەیشدا لۆرکا دژ بە نیشاندانی کەموکورتی و لاوازی دەوەستا و قینی لێ دەبووەوە:

(بانێژەکەی خۆمم داخست/ لەبەر ئەوەی نامەوێ گوێم لە گریان بێت/ بەڵام لەودیوو دیوارە ژیلەمۆییەکان/ لە گریان بەولاوە شتێکی تر نابیسترێ...)

لۆرکا گریانی دەکردە هاوشان و هاوتای گەلێک شت، بەڵام قەتاوقەت نەیدەکردە هاوتای مەرگ:

(بێجگە لەوەی گریان سەگێکی گەورەیە،/ گریان شایەکی گەورەیە/ گریان کەمانچەیەکی گەورەیە...)

لەودا هەستی بە ئاوازی کەمانێکی گەورە دەکرد و هاوکات بە هاوچوونێکی ئەوی دادەنا، چونکێ ئاوازەکەی ئاوازی بێتاوانیی تێدا دەبینییەوە و ئاوازی گوناهباریشی تێدا دەژنەفت. گشت ساتێکیش چاوەڕوانی ئەو کۆتاییە حەتمییە بوو، بەڵام بە گەشبینییەکی بێپایانەوە، چونکە دەیزانی مەرگ خولگەیەکە و هەموو مرۆڤێک لە دەوروبەریدا دەخولێتەوە، بەڵام مەرج ئەوەیە ئەو مرۆڤەی کە خاوەن هەڵوێستێکی مرۆڤانەیە ببێتە قوربانی مەسەلەیەکی پیرۆز و لە سنووری ئەو خولگە بەرتەسکەش دەرچێت کە بووەتە مۆتەکەی ترس و بەسەرسنگی زۆربەی خەڵکەوەیە. تەنانەت لۆرکا لە ماڵئاواییکردنیشیدا ئارەزووی لەوەیە کەوا هەر بەو شێوەیەی کە تێیدا گیانی سپاردووە و لە جەستەی جیابووەتەوە وازی لێ بهێنرێت تاکو منداڵان و جووتیارانی وڵاتەکەی ببینێت و هەموو چرکەساتێکی ژیانی ئاشنایان بێت،

(ئەگەر مردم/ بانێژەکە بە کراوەیی بهێڵنەوە/ مناڵەکە پرتەقاڵ دەخوات/ (لە بانێژەکەمەوە دەیبینم)/ جووتیارەکە دانەوێڵە درەو دەکات/ (لە بانێژەکەمەوە دەیبیسم/ ئەگەر مردم/ بانێژەکە بە کراوەیی بهێڵنەوە.)

ئەوا ئەگەری چوونە دونیایەکی نەبوو دەکات و دەیەوێت دیسانەوە بانێژەکەی لە ڕووی دانەخرێت و لە منداڵ و ڕەنجدەران و ڕووناکی بێبەری نەکرێت. ئەم هۆنراوەیە چاوەڕوانییەکی بێسوود ڕاناگەیەنێت، بەڵکو وانەیەک ڕادەگەیەنێت و وەرەیەک دەخاتەوە بەر ئەو دۆشداماوانەی کە وشەی مەرگ ئەژنۆیان وردوخاش دەکات. هاوکات دڵ و دەروون پاکە و پڕاوپڕە لە خۆشەویستی، هەستێکی ئەمەندە خاوێنی لەناخی بێبنی خۆیدا هەڵگرتووە دەیکاتە خاوەنی ئەو بەها زانستییەی کە مەرگ و ژیان دەکاتە هاوجمک و تەواوکەری یەکدی.

(زانیم کەوا من کوژراوم/ چاخانە و، گۆڕستان و، کڵێسەکان گەڕان/ بەرمیل و خەزێنەکانیان هەڵپچڕی../ سێ پەیکەری ئێسقانینیان دزی تا دانە زێڕینەکانیان لێبکەنەوە،/ بەڵام نەیاندۆزیمەوە!/ ئەرێ نەیاندۆزیمەوە؟/ بەڵێ نەیاندۆزیمەوە!)

ڕاستی دەکرد، ئیدی نەیاندۆزییەوە. کە بە دەستی چەپەڵی تاقمێکی نادیاری فاشییەوە لە یەکەمین ڕۆژەکانی جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیادا کوژرا ئیدی نەدۆزرایەوە. چۆن ڕۆژێک لە ڕۆژان لە لاپاڵە سەوزەکانی شاری گرانادای دڵپەسەندا چاوی بە بەفر و بارانەکانی ئەندەلووسدا هەڵهاتبوو، هەر ئاوا لەو دەوروبەرەشدا لە (ڤیسنار) بە دەستڕێژی ئەو تاقمە کوژرا و سەری لە شوێنێکدا نایەوە کە بۆ هەمیشە جەستە ڕیوەڵەکەی لە ونبوونێکی ڕازائامێزدا ڕەوییەوە. گومان لەوەدا نییە کە هۆنراوە چاخ و سەروبەندێک دەنوێنێت کە تیایدا دەخرێتە قاڵبی داهێنانێکی نایاب و دەبێتە ئاوێنەیەک و واقیعی ئەو سەردەمە عەکس دەکاتەوە کە شاعیری تیادا دەژێت. لێرەدا دەکرێ بووترێ لۆرکا بە هەموو مانایەکی وشە شاعیرێکە پاڵەوانی سەردەمە جەنجاڵەکەی خۆیەتی. بێشک هیچ یەکێ لە شاعیرە هاوچەرخەکانی ئیسپانیا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاست و پایەیەی کە لۆرکا لە جیهانی ئەدەبیاندا دەستەبەری کردووە. ئەمەش بە هۆی ئەوەوە بوو کە بەر لە شەڕی دووەمی جیهانی کارە وێژەییەکانی پەرچڤە کرانە سەر زوبانە گرنگەکانی دنیا و ناوبانگێکی بێ وێنەی بەتایبەتی لە ئینگلتەرا و هەردوو ئەمەریکای باکوور و باشوور بە دەست هێنا، کە ئەم زوو ناوو شۆرت پەیدا کردنە بە جۆرێکی نائاسایی بۆ ڕوودانی لە ناکاوی شەڕی ناوخۆیی ئیسپانیا دەگەڕێتەوە.

فیدریکۆ گارسیا لۆرکا لە (فوێنتا- ڤاکیرۆس) کە بە مانای (کانی مانگاوانەکان) دێت و گوندێکی بچکۆلانەی لاپاڵەکانی دەوروبەری گرانادایە، لە پێنجی یۆنیۆی ساڵی ١٨٩٨ دا لەدایکبووە. خۆی وتەنی: (باوکم جووتیارێکی دەوڵەمەند بوو، دایکیشم لە بنەماڵەیەکی ناوداردا پەروەردە ببوو). کە لۆرکا خۆی کوڕی گەورەی ئەو خێزانە بوو کە لە دوو کوڕ و دوو کچ پێکهاتبوو. ساڵە سەرەتاییەکانی لە کێڵگەکەیاندا لەگەڵ خێزانەکەی خۆیدا گوزەراند، بەڵام تا تەمەنی گەیشتە چوار ساڵان توانای ڕۆیشتنی نەبوو، چونکە کاتێ کە لەدایک ببوو دووچاری بیمارییەکی کوشندە ببوو و کارگەرییەکەشی ببووە هۆی ئەوەی کە تۆزە شەلییەکی پێوە بمێنێ کە لە دواییدا هێندە هەستی پێ نەدەکرا، گەرچی کارێکی فرەشی کردە سەر کەسایەتییەکەی، بەڵام کاری نەکردبووە سەر مەشرەفخۆشی و گاڵتەچێتییەکەی. ئەو کاتانە لەگەڵ منداڵاندا گەمەی نەدەکرد و توانای ئەوەی نەبوو خۆی لەگەڵیاندا بگونجێنێ، چونکە ئەو هەر زوو هێزی بیرکردنەوە و هەستکردن بەشتە گرنگەکان لە ژیانیدا دەستیان پێ کردبوو، جیهانێکی تایبەتی

لە شانۆ و شانۆی بووکانی بۆ خۆی داهێنابوو و خۆی پێوە خەریک کردبوو.

ئەوەیش کە زیاتر ئەم ئارەزووەی دەسەلمێنێ ئەوەیە کە بە یەکەمین کۆمەڵە پارەیەک کە پاشەکەوتی کردبوو شانۆیەکی بووکانی لە گرانادادا کڕی. لەو کاتانەدا شانۆگەری چاپکراوی گیرنەدەکەوت بۆیە بە نووسینی شانۆنامە تایبەتییەکانی خۆی، خۆی سەرقاڵ دەکرد، هەر لەو کاتەوە شانۆ بوو بە گرنگترین بەشێک لە کارە ئەدەبییەکانی و کەوتە هەژاندنی هزر و ناخی.

هەر لە منداڵییەوە، لەبەر ئەوەی کە دایکی مامۆستا بوو هەڵدەستا بە فێرکردنی فیدریکۆ و لێی سەرومڕ بوو هەتاکو فێری ئەلفوبێ و ئەبجەدییەتی کرد، لەبەر ئەوەی کە ژیانیش لەو کێڵگەیەدا و لەناو ئەو خێزانەدا زۆر ئارامبوو، یەکەم چاو کردنەوەی لەم لادێیەدا بوو کە پەیوەندییەکی زۆر پتەوی لەگەڵ ژیانی گوندنشینی دەوڵەمەند بە چەردەیەک خووخدەی ئەندەلووسییەوە هەبوو. لۆرکا کە تەمەنی ڕێگای ئەوەی دا بخرێتە بەر خوێندن، خانەوادەکەی بۆ گرانادا باری کرد. لەوێدا خرایە بەر خوێندن و وەکو هەر یەکێکی تری ئاسایی فێری زانست کرا هەتا گەیشتە ئەو تەمەنەی کە تێیدا زانکۆ وەریدەگرت. ئەوسا لە زانکۆی گرانادادا دەستی بە خوێندن کرد، بەڵام بێ ئەوەی بەردەوام بێ و تەواوی بکات. پاشان خۆی گەیاندە زانکۆی مەدرید و لەوەیشدا هەر خوێندنی پێ تەواو نەکرا چونکە هیچ حەزی لە خۆپاند کردن نەبوو بە خوێندنی ئەکادیمییەوە. هەموو دەمێک بە تەنگ دەرەوەی زانکۆوە بوو، هەر بە تەنها لە چایخانەکاندا دانیشتن و وتووێژکردن لەگەڵ هاوڕێیان و گەڕان بە ئاواییەکانی گرانادا و دارستانە چڕ و نزیکەکانی، دڵ و ناخیان دەدایەوە و خۆشگوزەرانییان پێ دەبەخشی.

هەروەها گەڕان و دۆزینەوەی گەلێ دامەزراوەی ڕۆشنبیری و لاسایی کردنەوەی ئەو کۆمەڵانەی کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و پێشکەوتوو ئەندەلووسیان پێکدەهێنا، هەروەها ئاشنایەتی لەگەڵ قەرەجەکاندا کە لە دواییدا بوونە ئیلهامبەخشی گرنگترین ناوەڕۆک و دراما و بابەتی کارە هونەرییە مەزنەکانی و خۆیان بە سامانی بەنرخی گۆرانییەکان قاڵ کردەوە.

هەر لەم تەمەنەیدا فێری پیانۆ و گیتار ژەنین بوو، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت دەستی لێیان هەڵگرت. پاشان لەگەڵ (مانوێل دی ڤالا) دا بوونە هاوڕێ، کە شاعیرێکی تولاز و تازە پێگەیشتوو بوو بۆ ئەوەیش پاڵی پێوەنا هەتا کەلەپووری گۆرانییە میللییەکان کۆبکاتەوە و ئاوازەکانیشیان بنووسێتەوە و لە ونبوون ڕزگاریان بکات. بەمجۆرە بەشێکی هەرە زۆری خوێندنەوەکانی لە کتێبەکانی زانکۆی مەودایان وەرگرت و دوور کەوتنەوە، سەرجەم ئەو کارە کلاسیکییانەی خوێندنەوە کە بۆ سەر زوبانی ئیسپانی پەرچڤە کرابوون، بەتایبەتی شانۆی

گریکی و شانۆنامەکانی شەکسپیر و ئیپسن و ڤیکتۆر هۆگۆ و ماتەرلینگ، هەروەها ئەدەبیاتی کلاسیزمی ئیسپانی و کارەکانی ئەوانەی کە سەر بە نەوەی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بوون وەکو ئەنتۆنیۆ ماچادۆ و ئۆنامونۆ و ئاسۆرین و شاعیرە ڕۆمانتیکەکانی ئیسپانیا و هاوچەرخەکانیش هەر لە ڕۆبین داریۆوە هەتا خوان ڕامۆن خیمینیز.

زۆربەی زۆری ئاواڵەکانی گرانادای پەیکەرتاش و شێوەکار و مۆسیقار و شاعیر و نووسەر بوون، هەر لەو کاتەشەوە کە لەگەڵ (دی ڤالا) دا کەرنەڤالی (ئەل کانتی خوندۆ) ی بۆ گۆرانییە میللییە قووڵ و کاریگەرەکانی باشووری ئیسپانیا ڕێکخست، پتر پەیوەندی بە جیهانی خۆشخوان و سەماکارە قەرەجەکانەوە پەیدا کرد. یەکەمین بەرهەمی لۆرکا لەساڵی ١٩١٧ دا بڵاو کرایەوە و بریتی بوو لە پارچە نووسینێکی پەخشان ئامێز کە بەبۆنەی یادی سەد ساڵەی (سۆریا) دا دایناbوو کە شاعیرێکی ڕۆمانتیکی ئیسپانی بوو، بەم نووسینەی بەرهەمە وێژەییەکانی دەست پێکرد و کەوتە نێو گێتی جەنجاڵ و هەستەوەری هۆنراوە بە پلەی یەکەم و شانۆنامەیش بە پلەی دووەم. ئا لەم دوو هونەرەی نووسیندا کە زۆر بە قووڵی پێکەوە یەکانگیرن گەلێ داهێنانی مەزن و گرنگی هێنایە کایەوە، کە جێگای ڕێز و سەرسوڕمانێکی بێ وێنەن، چونکە شێوازێکی نوێ و دوور لەو ستایلە بەکار هاتووە بیستەکانی سەدەی بیستەمی گرتە بەر و کارێکی زۆر باڵای کردە سەر شاعیر و شانۆنامەنووسەکان و کاراکتەرە ئەدەبییەکانی ئەو سەروبەندەی ئیسپانیا و دواتریش.

کاتێک کە لۆرکا هێشتا هەر لە گرانادادا بوو یەکەمین کتێبی کە (سەرنجەکان و دیمەنەکان) بوو چاپ و بڵاو کردەوە کە بریتی بوو لە چەردەیەک پەخشانی تێروتەسەل بە ئیحای ناسکی شیعریی کە لە دەستپێکی پارچە پەخشانی یەکەمەوە دەردەکەوت کە ئاوا دەستی پێ دەکرد: (گرانادا بە ڕووی زۆر کەسدا بەهەشتێکی داخراوە). ئەم کتێبە نۆبەرەیەی ئەوەی بە دیار دەخست کە چەنێ هەستی بۆ قۆزتنەوە و هەڵمشتنی زوبانی ڕەسەنی گەلەکەی ناسک بوو: (گرانادا عاشقی هەموو ئەو شتانە ئەبێت کە بچووک و بێهێزن، هەروەها بە بێپایانی عاشقی هەموو ئەندەلووسیش ئەبێت، زوبانی گەل کردار و ناوەکان و وەسپەکان دەخاتە شێوەیەکی بچووک کارەوە.)

خولاسە ئەم کتێبە کەسێتی شاعیر ڕاڤە دەکاتەوە و سنوورێک بۆ کۆتایی پێهاتنی هەرزەکارییە کورتەکەی دەستنیشان دەکات. لەساڵی دواتردا ڕاستەوخۆ بەرەو مەدرید کەوتە ڕێ تاکو لەوێدا خوێندن تەواو بکات، بەڵام هەر ئارەزووی ئەوەی نەدەکرد بە خوێندنی ئەکادیمییەوە شەتەک بدرێت و پابەند بێت بۆیە لەتەک (خانەی قوتابیان) دا پەیوەندی بەرقەرار کرد، کە لە هەڵسوکەوت

و پەیوەندییەکانیدا دەزگایەکی سەربەخۆ بوو و داڵدەی زۆربەی شاعیرە بەرزەکانی وەکو ئەنتۆنیۆ ماچادۆ و خوان ڕامۆن خیمینیز و ڕافائێل ئەلبێرتی و گەلێکی تریشی دابوو. لەم هەلومەرجە گونجاوەدا لۆرکا پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ ڕۆشنفکرانی ئەوێدا پەیدا کردبوو، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ گەلێک لە پێشەوایانی فیکر و ئەدەب و بە شۆرەتەکانی وەکو بێرگسۆن و پۆل ڤالێری و کلۆدێل و لویس ئەراگۆن و دی ئێچ لۆرەنس و هەندێکی تریشدا بەستبوو.

چەند ساڵێک لە مەدریددا مایەوە بەڵام بەبێ ئەوەی خوێندنەکەی بهێنێتە کۆتا، لەگەڵ ئەوەیشدا پێبەپێ زۆربەی کات سەرقاڵی دانان و هۆنینەوەی شیعر بوو. ئەو دەمانە ڕێبازی فیووچەریزم و دادایزم و گەلێک لە ڕێبازە ئەدەبییەکانی دیکەی ئەورووپا دوای شەڕی یەکەمی جیهانی شەقڵیان گرتبوو کارێکی فرەیشیان کردبووە سەر گەلێک لە شاعیر و نووسەرە هاوچەرخەکانی ئەو دەورانە، لۆرکایش بەبێ ئەوەی ڕێگا بدات کاریگەرییەکی زۆری بەسەرەوە دیار بێت و حەز بەوە بکات خۆی بهاوێتە نێو تەمومژ و شەپۆلی نائاگا و بە ڕێکەوت هەڵبژاردنی پەیڤ و پێکەوە لکاندنیان و دروست کردنی دەقێک کە تەنیا لەگەڵ چەشە و هەوەسی توێژێکی کەمدا هاوگونجان پێکبهێنێت، هاوتەبایی ڕەتدەکردەوە و هەردەم لە هاودژیدا دەژیا و ئەم ڕەفتارەیش هەتا ئەو کاتە درێژەی کێشا کە لەگەڵ سیلڤادۆر دالی وێنەکێش و پێشەوای سوریالیزمدا بەو سۆنگەیەوەی کە چەند ڕۆژێکی کەمی لە خانەی قوتابیاندا بەسەربردبوو هاوڕێیەتییەکی پتەوی دامەزراند بوو، پاش ئەم هاوڕێیەتییەیش لۆرکا پەرەیەکی زۆری بە ڕێبازە هاوچەرخەکانی ئەدەبدا و کەڵکێکی زۆری لێ هەڵگوێزتنەوە.

لەساڵی ١٩١٩ دا یەکەمین شانۆنامەی لەژێر ناوی (ئەفسوونی پەپوولە) وە نووسی و ساڵی دواتر لە یەکێک لە شانۆکانی مەدریدا نوێنرا، ئەم شانۆنامەیە بە زوبانێکی شیعری پاراو و دیودیار نووسرابووەوە و بەڵام لە ڕوانگەی هونەرییەوە هێشتاکێ بەنێو دونیای کامڵیی و داهێناندا قووڵ نەببووەوە.

هەردوا بە دوای ئەمیش شانۆنامەی (پاڵەوانبازییەکانی کاتشیبۆرا) ی نووسی کە لە شەش دیمەن و پێشەکییەک پێکهاتبوو. یەکەمین کۆمەڵە شیعریشی لەساڵی ١٩٢١ دا بەناوی (کتێبی هۆنراوەکان) ەوە لە چاپدرا، بەڵام کۆمەڵەی دووەمینی ٠گۆرانییەکان) هەتا ساڵی ١٩٢٧ نەکەوتە ژێر چاپ. لەو ماوەیەیشدا توانی بە کەسێتییە سەرنج ڕاکێش و بەهێزەکەی کارێکی فرە بکاتە سەر شاعیرەکانی تر، ئەگەرچیش هێشتاکێ کارە هەرە جوان و ناوازەکانی نەهاتبوونە دی. ئەو هەمیشە حەزی لەوە دەکرد کە هۆنراوەکانی بکرێنە گۆرانی و مەودای ئەوە بخوڵقێت کە جەماوەرێکی بێشوومار چێژی لێ وەربگرن. بۆیە لە وتاری (گیانی داهێنەر و ئەرکەکەی) دا

دەڵێت: (هۆنراوە پێداویستی بە گەیەنەرێک هەیە. پێداویستی بە بوونەوەرێکی زیندوو هەیە.) کە بەلای ئەویشەوە بوونەوەری زیندوو گۆرانیبێژ بوو.

بەڵام یەکەمین سەرکەوتن کە لە شانۆدا وەدەستی هێنا لە شانۆنامەی (ماریانا پینیدا) ی مێژوویی بوو کە لەساڵی ١٩٢٥ دا نووسی و لەساڵی ١٩٢٧ دا لە مەدرید نومایشکرا. بەم پێیەیش بۆمان ئاشکرا دەبێت کە چۆن پەرەلێڵ و هاوشان بە شاعیرێتییەکەی لە شانۆیشدا ئەزموونی خۆی بەرەو پێش برد و هەنگاوی بەلەز و گرنگی بەرەو هەرمانیی و پێشکەوتن نا.

لۆرکا لە شانۆگەرییەکانیدا چەند خاڵێکی گرنگ و بنەڕەتی ڕەچاو کرد بۆیە دەیگوت پێویستە شاعیر (لەمکاتە شانۆییەی جیهاندا لەگەڵ خەڵکدا پێبکەنێت و بیش گریەت.) ئەو لەو جیهانە تێکچڕژاو و ئاڵۆزەی ئیسپانیاوە سەرانسەری جیهانی دەبینی و وەکو چۆن هەستێکی پتەوی بە مەرگ دەکرد هەر ئاوایش هەستێکی پتەوی بەو زوڵم و ستەمە دەکرد لە سەرتاسەری جیهاندا باڵادەست بوو. لەساڵی دواتردا مەزنترین کۆمەڵە شیعرە ناسیۆنالییەکانی ڕووناکی چاپی کەوتە سەر، کە ئەویش (سەرهاتە قەرەجییەکان) بوو کە لە ئیسپانیا و ئەو وڵاتانەی بە زمانی ئیسپانی دەدوێن، سەرکەوتنێکی بێپایانی وەدەست هێنا. بێگومان ئەم دیوانە شیعرەی بریتی بوو لە کۆمەڵە سەرهاتێکی شیعری کە زۆربەی فیکرەکانی لە حیکایەتی قەرەجەکانەوە دەدوێن. لۆرکا وەکو هیچ یەکێ لە شاعیرە هاوچەرخەکانی خۆی نەیدەنووسی بەڵکو دەیووت: (دەمەوێ ئەو وێنانەی کە لە کەسێتییەکانمەوە وەریان دەگرم هەر خودی ئەو کەسێتییانە خۆیان لێی حاڵی بن.) ئارەزووی ئەوەی دەکرد هەموو مرۆڤێک لێی تێبگات و لەمیانە و ڕوانگەی هۆنراوەکانییەوە خۆشیان بوێت. بێگومان ئەم ویستەشی بۆ چووە سەر چونکە تەنانەت ئەو کەسانەیش کە مەیلی ئەدەبیاتیان نەبوو لێی حاڵی نەبوون و لەزەت و چێژیان لێی دەبرد، ئەگەر چیش بە تەواوەتی لێی حاڵی نەبوونایە ئەوا هەستیان بەو شتە دەکرد کە شاعیر دەیویست بیگەیەنێت.

لەدوای ئەوەی ساڵی ١٩٢٧ (ماریاناپینیدا) نومایشکرا، دەستی بە نووسینی چەند کورتە شانۆنامەیەک کرد و لەساڵی ١٩٢٨ دا کۆمەڵێکیانی تەواو کرد کە بریتی بوون لە وێنە و دیمەنی شیعریی گەلێ کاریگەر و لە ڕاستیشدا لۆرکا لە داهێنانیاندا گەیشتبووە چڵە پۆپەی هونەرمەندی و تەردەستی و سەرکەوتنی بێوێنەی تیایاندا دەستەبەر کردبوو، ئەوانەیش: (کیژۆڵەکە، دەریاوان، قوتابی....) و (گیانلەبەری ئەفسانەیی) و هەورەها: (سەیرانی- بۆستێر کیاتۆن) بوون کە لەم کورتە شانۆگەرییانەدا بە تەواوەتی وەسفەکانی لە وتووێژێکی تازە و بنچینەداری کەسایەتییەک پێکهاتبوو کە شایستەی ئەوە بێت گوێی لێ بگیرێت.

لۆرکا قبووڵی ئەوەی دەکرد نازناوی لێ بنێن بەڵام ئەوەی پەسەند نەبوو کە پێی بڵێن: (شاعیری قەرەجەکان) بۆیە دەیووت: (قەرەج بێجگە لە بیرۆکە و ئایدیا شتێکی تر نییە. پێشم دەکرێت بە خودی هەمان کارامەییەوە ببم بە شاعیری دەرزی و دروومان یاخود ئەو تاقگانەی کە ئەلەکتریک وەبەر دێنن.) هیچ دوو دڵیش نەبوو لەو ڕێکەوتەی کە لەساڵی ١٩٢٩ دا بۆی ڕەخسا و بەرەو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕۆیشت. کە لە هاوینی ئەو ساڵەدا لەسایەی قوتابییە هاوڕێکانی (خانەی قوتابیان)یدا گەیشتە نیویۆرک و لە زانکۆی کۆڵۆمبیادا وەرگیرا و پەیوەندی بەو ڕێکخراوەوە کرد کە بیانییەکان لەوێدا فێری زمانی ئینگلیزی دەکەن. بەڵام پاش هەفتەیەک دەستی لێ کێشایەوە چونکە لەو قەناعەتەدا بوو کە لە توانایدا نییە فێری زمان بێت، هەتا بەهاری ساڵی دواتریش هەر لەوێدا مایەوە و لەو ماوەیەشدا بە لادێکانی (فێرمۆنت) دا چەند گەڕانێکی ئەنجامدا و دەستی کرد بە نووسینی ئەو قەسیدانەی کە دواتر لەژێر سەردێڕی (شاعیرێک لە نیویۆرک) دا کۆکرانەوە و پاش کۆژرانی لەساڵی ١٩٤٠ دا لە چاپدران. ئەم شیعرانەی بە شێوازێکی ئەوتۆ نووسیبوو کە چاوگەی هەندێکیانی لە سوریالیزمە فەڕەنسییەکانەوە وەرگرتبوو و بۆ بەرجەستە کردنی تەنیایی و توندوتیژی و جەنجاڵییە تراژیدییەکانی جیهانی تازەیش بەکاری هێنابوون. کە ئەمەش سەدای قووڵی تەنیاییەکەی دەداتەوە و لە بێزارییەکەی و سۆزی خاوێنی بۆ وڵات و خەڵکەکەی دا دەریدەخات. بەڵام لێرەدا لۆرکا ئەوە دەرنابڕێت کە بە چاوێکی نەگەتیڤانەوە تەماشای نیویۆرکی کردووە، نەخێر، چونکە ئەگەر وابوایە ئەو ماوە زۆرە تیایدا نەدەمایەوە.

لۆرکا نەدەبوایە هەر بەو شێوازەی کە (گۆرانییەکان) و (سەرهاتی قەرەجان) ی پێ نووسیبووەوە هۆنراوە دواترەکانی پێ بنووسێتەوە، حەوجەی بەوە بوو شێوازێکی نوێ ئافەریدە بکات، ستایلێک دابهێنێت کە گوزارە لە هەستە ئاڵۆزەکانی ئەو کاتەی نیویۆرکی خۆی پێ بکات. بۆیە لە وێنە سوریالیئامێزەکاندا بۆی دەرکەوت کە ئەمە لەگەڵ ئەو قۆناخەی دوای ئەو کۆمەڵە شیعرانەی پێشووتریدا یەکدەگرێتەوە، چونکە لەوە و پێش بە تاقیکردنەوەیەکی لەو چەشنەدا گوزەری کردبوو کە لەو بوارەدا ئەنجامی دابوو بەر لەوەی مەدرید بەجێ بهێڵێت. ئەوکارە ئەزموون کارانانەیشی بریتی بوون لە (چامەیەک بۆ سانتیسمۆ ساکەر ئامێنتۆ دی ئەڵتار) و (چامەیەک بۆ سیلڤادۆر دالی) و چەند پارچە پەخشانێکی بە ڕۆحی سوریالییانە مۆرکدار، چونکە ئەو دەمانە پەیوەندییەکی پتەو و بەتینی لەگەڵ دالی و سوریالیستەکانی ئیسپانیادا بەرقەرار کردبوو. بۆیە ئەم دیوانەی لەوەکانی دیکەی جوداوازتر و ناڕوون و لێڵ تر بوو بەتایبەتیش لەو وڵاتانەدا هەستی پێکرا کە بە زوبانی ئیسپانی دەدوان. ئەم چەردە هۆنراوانەی

بێشک سوریالی بوون بەڵام ملکەچی شێوازە تایبەتمەندەکەی خۆی بوون، کە تیایدا هەندێ تایبەتمەندێتی گرتبووەخۆ کە لە شاعیرە سوریالیستەکانی دیکەدا بە دی نەدەکران، بۆیە لەلایەکەوە بە دیوانێکی تەواو ڕیالیزمییانە لە قەڵەم دەدرێت و لەلایەکی دیشەوە خاوەن بەهایەکی شاعیرانە و شانۆکارانەی جەنجاڵ و ئاڵۆزە.

لە بەهاری ١٩٣٠ دا دەرکی بەوە کرد کە ئاتاج و پێداویستی بەوە هەیە کە گەشت و گوزارێک بکات و هەندێ دیمەنی جوانی بەرچاو بکەوێت و تۆزێک لە جەنجاڵی و تێکچڕژانی ئەو سەردەمە خۆی دوور بخاتەوە، لەو کاتەی هەست کردنی بە پێداویستی گەڕانیشدا داوەتنامەیەکی لە (هاڤانا) وە پێگەیشت، تاکو بچێت و چەند لێکچەرێک لەوێدا پێشکەش بکات، بۆیە بەوە زۆر شادمان بوو هەر زوویش بەرەو (کووبا) کەوتە ڕێ و دوو مانگی لەو (دوورگە خاوەن هەتاوە سووتێنەرە) دا بە خۆشحاڵییەوە بەسەر برد و ئەوەشی بۆ ڕوونبووەوە کە هاوئاهەنگی و هارمۆنی گۆرانییە کووبییەکان سەر بەو کەلەپوورە ئیسپانییەن کە ئەو گەلێ چاک شارەزایانە و دەیانناسێتەوە، ڕەنگە هەر ئەمەیش بووبێتە هۆی ئەوەی کارێکی وای لێ بکات تاکو بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی سروشتە ڕاستەقینەکەی جارانی، ئەو دوو موحازەرەیەیش کە لەوێ بە ئەنجامی گەیاندن یەکێکی دەربارەی گۆرانی منداڵان بوو، ئەوی تریشیان لە بارەی (گیانی داهێنەر و ئەرکەکەی) یەوە بوو، کە هەموو هونەرمەند و شاعیرێکی ئەندەلووسی بە دڵ ئاشنای بوو بە ڕۆحیش دەرکی پێ دەکرد.

لەگەڵ گەڕانەوەشیدا بۆ ئیسسپانیا ماوەیەک لە لادێ لە ماڵی باوکیدا مایەوە و ئەو ماوەیەش لە ژیانی سەنعەت و داهێنانی ئەودا بە پڕ بەرهەمترین کات دادەنرێت. بەر لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٠ یش لە مەدریددا شانۆگەرییەکی شیعریی بە ناونیشانی (ژنی سەیر و سەمەرەی پینەدۆزەکە) نومایشکرا کە هەر لە نیویۆرکەوە کەوتبووە نووسینی، ئینجا شیعرەکانی نیویۆرکی پەیتا پەیتا دەستیان بە سەرهەڵدان کرد، بەتایبەتی لە گۆڤاری (ڕۆژئاوا) دا کە (ئۆرنیگا و گاسێت) بەڕێوەیان دەبرد. هەر لەو ماوەیەی گەڕانەوەیدا بە شێوەیەکی وا کاری نووسینی ئەنجامدەدا کە تەنانەت چالاکییە بێهاوتاکەی بەدەر بوو لەوەی کە بە ئاوەز قبووڵ بکرێت. سەرەنجامی ئەمەیش چەند شانۆنامەیەکی لێکەوتەوە، لەوانە (خۆشەویستی دۆن پیرلیمپلین) و (لە پەروازی دۆن کریستۆباڵ) دا بوون کە دووەمیان شانۆگەرییەکی گاڵتەجاڕانە بوو لە وێنەی شانۆنامەی بووکان، کە خۆی لە سەرەتاکەیدا دەڵێت گەلێ سوودی لە پەند و قسەی خەڵکان بینیووە و کردوێتی بە پێگە و شیرازەی شانۆگەرییەکە. لەساڵی ١٩٣١ یشدا دیوانە نوێکەی (چەکامەی گۆرانییە قووڵەکە) ی بڵاوکردەوە کە لەو میهرەجانەی لەگەڵ (دی ڤالا) دا سازیان کردبوو،

قۆزتبوویەوە و ڕەگەزەکانی هونەری میللی تیادا بەکار بردبوو. هەر لەم ساڵەیشدا لۆرکا شانۆگەری (دوای تێپەڕینی پێنج ساڵ) ی بڵاوکردەوە، کە داستانی زەمانە ئاڵۆزاوەکەی پاش جەنگی یەکەمە لە سێ بەشدا و بە ناوەڕۆکێکی سوریالیزمییانەی قووڵ دای ڕشتبوو و هاوئاهەنگییەکی شیعریی بەرزیشی پێ بەخشیبوو، ئەم وردەکارییانە و ئەو سوریالییەتە قووڵ و دانسقەیەی کارێکی وایان کردووە کە تا ئێستایش لەسەر هیچ یەکێ لە شانۆکانی ئیسپانیادا پێشکەش نەکرێت.

پاش ئەوەی وڵاتەکەی بوو بە کۆماری، هەستا بە داواکردنی مۆڵەت بۆ ئەوەی ڕێگای پێ بدرێت شانۆیەکی گەڕۆک دابمەزرێنێت، کە ئەکتەرەکانی بریتی بن لە کۆمەڵە قوتابییەکی زانکۆ. دواجار ئەم خەونەشی هاتە دی و ڕێی پێ درا، ئەویش لەگەڵ ئەکتەرەکاندا بۆ دوورترین گوندەکانی ئیسپانیا دەچوو تاکو شانۆگەرییەکانی (لوبی دی فیگا) و (کاڵدیرۆن) و گەلێکی تریش لە کلاسیکەکانی ئیسپان پێشکەش بکات و هەندێ جار بە ئاوازیش بەشداری تێدا دەکرد کە لە کۆمپۆزی لۆرکا خۆی بوو، چونکە ئەو خۆی بەڕێوبەری گشتی و دەرهێنەری شانۆگەرییەکانیش بوو. ئا لەم گەڕانانەشدا کە چاوی بەو جووتیارە پێخاوس و هەژارانە دەکەوت کە بۆ یەکەمجار شانۆ و شانۆگەرییان دەبینی و پێی ئاشنا دەبوون، گوێیان بۆ ڕادەدێرا و وەکو بەهایەکی بە نرخیش پێی قایلبوون، زۆر کەڵکی لێوەردەگرتن بۆ ئەو کارانەی کە لە دواییدا دەینووسین. هەر ئەم گەشتەیش بوو کە وای لێکرد پەرە بە گەڕان و پشکنین بدات بە دوای سامان و کەلەپووری نەتەوەیی و گەلێک گۆرانی میللیش تۆمار بکات.

لەساڵی ١٩٣٣ دا شانۆنامەی (جەماوەر)ی پێشکەش کرد کە بریتی بوو لە مەرگەساتێک کە لە پێنج بەش پێکهاتبوو. لە هەمان ساڵیشدا یەکێک لە مەزنترین تراجیدیاکانی خۆی بەرهەمهێنا ئەویش (شایی خوێن) بوو کە لە مەدریددا نومایشکرا. ئەم شانۆگەرییە سەرکەوتنێکی بیرادەی دەستەبەر کرد، بۆیە گوێزرایەوە بۆ (بۆینس ئایرس) و هەمان سەرکەوتنی لەوێشدا وەدەست هێنا، چونکە خودی نەتەوەیی بە شێوەیەکی بێخەوش و پەتیی لە بۆتەی زوبانێکی شیعریی پاراودا تواندبووەوە و لە قاڵبی هونەرێکی باڵادا مەیاندبووی. ئەم شانۆگەرییە پێچەوانە کردنەوەی دژایەتییە جاویدانەکەی مرۆڤ بوو لەنێوانی شەهوەتی بەدەنی و ڕەنجەڕۆیی شەهوەت لەنێوان ئارەزوویەکی دێوانەوار بۆ ژیان و چارەنووسە حەتمییەکەی، کە ئەویش مردنە. تا بەهاری هەمان ساڵیش لە (بۆینس ئایرس) دا مایەوە و یارمەتی ئامادەکردنی شانۆگەرییەکەی دا و چەند موحازەرەیەکیشی دادا و شانۆگەرییەکی سەرکەوتووی (لوبی دی فیگا) یشی پێشکەش کرد. دوای گەڕانەوەیشی، شانۆگەرییە تراجیدییەکەی دووەمینی لەساڵی ١٩٣٤ دا لە مەدرید

پێشکەش کرد کە بەناوی (پیرما) وە بوو واتە (نەزۆک) و ئەمیش وەکو پێشینەکانی لە بارەی لادێوە دەدوا و بیرۆکەی نەزۆرکیی کردبووە بابەتی سەرەکی دراماکەی، دوای ئەوەیش سییانەی (ماڵی بەرناردا ئالبا) ی تەواو کرد کە دوای کوژرانی خۆی لە چاپدرا و لەسەر شانۆدا نومایشکرا. ئەم شانۆنامەیەیش ڕەوتێکی ڕیالیزمییانەی گرتبووەبەر و زۆربەی دەقەکە پەخشانئامێز بوو لە بارەی کۆژان و پەژارەکانی ئەوسای ئافرەتی ئاواییەکانی ئیسپانیاوە دەئاخاوت، ئەمەیش بێگومان پاش چاوکەوتنی بە ئافرەتی ئەمەریکی و بەراوورد کردنی لەگەڵ هینەکانی وڵاتەکەی خۆی دا بوو کە هەستی بەو پاشکەوتوویییەی ئافرەتە کەساس و خەمبارەکانی ئیسپانیا کرد و کردنی بە بابەتی سەرەکی ئەم شانۆگەرییەی کە لە ڕاستیدا ئەو پەڕی پێگەیشتنی دەستەبەر کرد و بوو بە یەکێک لە دەقە جوان و کامڵەکانی ئەو کە باس لە پێنج ئافرەت دەکات کەوتوونەتە نێو بەرداشی عەشقی خۆیانەوە بۆ پیاوێکی ستەمکار و دایکێکی بێبەزەیی و زاڵم.

هەروەها شانۆنامەی (دۆنا ڕۆسیتای قەیرە یاخود زوبانی گوڵەکان) کە لەساڵی ١٩٣٥ دا داینا و بریتی بوو لە کۆمیدییەکی گەپجاڕی سەرگەرمکەر هەروەکو چۆن خۆی وەسپی دەدایەوە. ئەو مەینەت و موعاناتە مرۆییانەی لە شانۆنامەکانی تری دا چارەسەریان دەکات لێرەدا گەلێک ڕوون و ئاشکراتر و هەستەوەرتر دەردەکەون، لەبەر ئەوەی بەرەو پەژارەیەکی کوشندەتر مل دەنێن، هەروەکو لە دیمەنی ماڵئاواییەکەی ڕۆسیتا و ئامۆزاکەیدا بە دیار دەکەوێت. بێگومان لەم ماوە سەرسامکەرەیدا لە جیهانی شیعر دەستی هەر بەرنەدابوو، سەرومڕ خەریکی تەرتیب دان و ڕێکخستنی کۆمەڵە شیعری نێو (دیوانی تەماریت) بوو کە ڕووبەڕووی کوشتنی هاوڕێی خۆشەویستی (ئینگاسیۆ سانشێز میگیاس) بووەوە کە گابەزێنێکی ناودار و بە شۆرەت بوو، بەبێ وەستان و یەکنەفەسانە ئەم شین و لاواندنەوە نایابەی لە چوار جووڵانەوەدا نووسییەوە کە بەبێ سێ و دوو یەکێکە لە بێهاوتاترین و نایابترین شیعری هاوچەرخی ئیسپانی کە بۆ بەهێزکردنی کاریگەرییە دراماتیکیی و شانۆییەکەی کێشێکی تایبەتی پێ بەخشیبوو:

(لە کۆتایی دا مەرگ سەرکەوتووە/ گاکەیش هەر خۆی دڵی شادە...)

لەم چامەی لاواندنەوەیەدا کە بەرهەمێکی پێگەیشتووی لۆرکایە، یەکێتییەکی پتە و هەیە و هەموو پیت و فەڕی ئاوەزە شاعیرانەکەی خۆی تێدا تۆخدەکاتەوە و ئەوەیش کە لە بارەی ئاواڵەکەیەوە ڕایگەیاندبوو لە بارەی ژیانی خۆیەوە پێشبینییەکی ڕاستەقینە بێت:

(زەمانێکی دوورودرێژ تێدەپەڕێت، بۆ ئەوەی لەدایک ببێ، جا ئەگەر لەدایک ببێ

ئەندەلووسییەکە ئابەم سافی و بێخەوشییە و ئابەم سەرکێشییەیش...)

لە کاتێکیشا کە خەریکی تەواو کردنی بەشی سێیەمی سییانەی (ماڵی بەرناردا ئالبا) بوو لە کۆمەڵە شیعری (ڕازی خۆشەویستییەکی حوزنئاوەر) یشدا دەست بەکار بوو، بەڵام پاشان دەست نووسەکەی لە جەنجاڵی و هەراوهوریای شەڕی ناوخۆدا لە کیس چوو، کە ئەفسووس وێدەچوو ئەوە تاقە دەستنووس بووبێت و چووبێتە دونیای بزرییەکی هەمیشەییەوە.

شانۆنامەی (ماڵی بەرناردا ئەلبا) لەو ماوەیەدا تەواو بوو کە هەر یەکە لە ئەکتەرەکان یاخود کەسێتییەکانی شانۆگەرییەکە خۆی لە خۆیدا وەکو مەخلووقێکی سنووردیار و جیاواز وێنەی کێشرا بوو. لەم دەقەدا زوبان و وێنەی شیعریی لەگەڵ یەکتردا تێهەڵکێش و یەکانگیر دەبن و هارمۆنییەکی تەواو لە میان وێنەکان و زوبانی هەر یەکێ لە کەسەکاندا بەرقەرار دەبێت بەبێ ئەوەی کەموکورتی و لاوازی پێوە دەربکەوێت. ئەم شانۆنامەیە دواکەوتوویی و چەوساندنەوەی ئافرەتی کۆمەڵگای ئیسپانی دەردەبڕێت، خۆشەویستی کیژە بچکۆلانەکەی بەرناردا بۆ (بیبێی ئەلرۆمانۆ) ئاشکرا دەبێت و بە ناچاری دەیەوێت لەگەڵیدا هەڵبێت، لە کاتێکدا کە دایکی تەقەیەک دەکات ئەم وای بۆ دەچێت کە دەزگیرانەکەی پێوە بووە بۆیە دەچێتە ژوورەکەی و دەرگاکە لە خۆی کڵۆم دەدات و خۆی دەکوژێت.

بێ شک لۆرکا بە شیعرەکانی ئەزموونێکی دەوڵەمەندی بە جیهانی هەستەکان بەخشی و بە شانۆنامە دانسقەکانیشی شانۆکانی جیهانی تێروتەسەل تر کرد، سەربارەی ئەمەیش هیچ یەکێ لە درامای نووسینەکانی ناتوانێ شانبدات لە شانی بەسەرهاتی کوشتنەکەی کە بووە جێی سەرسوڕمانی ئینسان دۆستان و درامایەک کە هەمیشە و لە هەموو بەرهەم و دەقێکی ئەدەبی زیندووتر و نەمرتر دەمێنێتەوە.

* نووسینی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ شوباتی ١٩٨٢، بە دەستکارییەکی کەمەوە دەیخەمە بەردەستی خوێنەرانی بەڕێزەوە بەو قەناعەتەوە کە شاعیرێکی وەکو لۆرکا هێشتا لای ئێمە بەو کیشوەرە ونانە دەچێت کە پێداویستیان بە کەشف و دۆزینەوە هەیە.

* سەرچاوەکان:
١- نمازج من المسرح الاسبانى المعاصر: ترجمه محمود صبح- بغداد ١٩٨٠.
٢- لورکا- مجموعه مقالات نقدیه- اعداد وتحریر مانویل دوران- ترجمه: د. عناد غزوان اسماعیل وجعفر صادق الخلیلی- بغداد ١٩٨٠.

٣- لورکا- مختارات من شعرهـ- ترجمه: عدنان بغجاتی- بیروت ١٩٨٠.
٤- الادب الاسبانی- تألیف: جان کامب- ترجمه: بهیج شعبان- بیروت ١٩٥٦.
٥- لورکا- شاعر مجنون بالألوان- لویس باروت- مجله الاقلام- العدد الاول- السنه العاشره- تشرین الاول ١٩٧٤.
٦- قمم فی الادب العالمی- الدکتور: بدیع حقی- دمشق ١٩٧٣.
* چەند نموونەیەک لە شیعرەکانی فیدریکۆ گارسیا لۆرکا.. ئەو سەرەچاوەیەی کە ئەم نموونانەی لێوە وەرگێڕدراون:
* لورکا- مختارات من شعره- ترجمه: عدنان بغجاتی- بیروت ١٩٨٠.

**گۆرانییە تازەکان**

زەردەپەڕ دەڵێ: (من تینووی سێبەرم!)
مانگیش دەڵێ: (منیش تینووی ئەستێرەکانم)
کانییە بلوورینەکە بەرلێوەکان دەکەوێت و
بایش داوای هەناسە دەکات.
من تینووی بۆنی خۆش و پێکەنینم،
تینووی ئەو گۆرانییە تازانەم
کە نە مانگ و نە زەمبەقەکان و
نە خۆشەویستییەکی مردوویشی تێدا هەیە.
گۆرانی ئەو سبەینێیەی
کە ئاوە مەنگەکانی هاتوو دەورووژێنێ و
شەپۆل و قوڕ و لیتەکەی
لێوانلێوی هیوا دەکات.
گۆرانییەکی ناسکی پرشنگدار و
بە بیرکردنەوە دەوڵەمەند
پاکوخاوێن بێت لە حوزن و پەشیمانی
پاقژیش بێت لە وەهمەکان.
گۆرانییەک بێجەستەی گۆرانی ئامێز

هەواڵنامەی کتێب

بێدەنگی پڕاوپڕ بکات لە پێکەنین
(ڕەوە کۆترێک بێت نابینا
بەرەو مەجهوول تووڕدرا بێ)
گۆرانییەک بگات بە ڕۆحی شتەکان و
بگات بە ڕۆحی باکان و
دواجار لەنێو شادی دڵێکی نەمردا سەقامگیر بێت.

**چامەی گریان**

بانێژەکەی خۆمم داخست
لەبەر ئەوەی نامەوێ گوێم لە گریان بێت
بەڵام لەودیو دیوارە ژیلەمۆییەکان
لە گریان بەولاوە شتێکی دی نابیسترێ.
چەند کەمن فریشتە خۆشخوانەکان،
چەند کەمن سەگە وەڕیووەکان،
هەزار کەمانچە لەنێو لەپی دەستمدا دەلەرێنەوە
بێجگە لەوەی گریان سەگێکی گەورەیە،
گریان شایەکی گەورەیە
گریان کەمانچەیەکی گەورەیە
فرمێسکەکان با دەپۆشن و
لە گریانیش بەولاوە شتێکی تر نابیسترێ.

**گۆرانی پرتەقاڵە پەژموردەکە**

هۆ دارەوان!
سێبەرەکەم ببڕەوە
لە مەینەتی ڕزگارمکە
من بێبەرم.
بۆچی بە ئاوێنە تەنراو لە دایکبووم

هەواڵنامەی کتێب

ڕۆژ بە سەرما ڕادەبووریّ و
شەویش بە گشت ئەستێرەیەک لە ئەستێرەکانی خۆی
دەمدوێنیّ.
بەبیّ ئەوەی خۆم ببینم
دەمەویّ هەڵبکەم و
خەون بەوەوە ببینم کە مێرووله و
شەهێنەکان
گەڵا و پاساریيەکانمن.
هۆ دارەوان!
سێبەرەکەم ببڕەوە
لە مەینەتی ڕزگارمکە
من بێبەرم.

**مالاگینیا**

مەرگ لە مەیخانەکەوە
دێت و دەڕوات.
چارەوییە ڕەشەکان و
خەڵکێکی شەڕانگێزیش
بە قووڵایی ڕێگاکانی گیتاردا هاتوچۆیانە
ئا لەوێدا بۆنی خویّ و
خوێنی ئافرەتێک
لە تای ناریدینی
کەناری دەریاوە دێت.
مەرگ
دێت و دەڕوات و
دەڕوات و دێت
مەرگی مەیخانەکە.



هەواڵنامەی کتێب

**تۆ بڵێی!**

ئەی هاوار! چەند ئەستەمە
ئەم خۆشەویستییە خۆشم بوێیت!
لە خۆشەویستیت دا هەوا و
دڵ و
شەپقەکەیشم
ئازارم پێ دەگەیەنن.
کێ پشتێنەکەم و
خەمی ئەم پەتە سپییەم لێ دەکرێت
تا دەسرِی لێ بچنێت؟
ئەی هاوار! چەند ئەستەمە
ئەم خۆشەویستییە خۆشم بوێیت!

هەواڵنامەی کتێب

**مناڵە لاڵەکە**

منداڵەکە بە دووی دەنگی خۆی عەوداڵە.
(قەرِاڵی شێرەکوولەکان هەڵیدەگرت)
لەنێو دڵۆپە ئاوێکدا
منداڵەکە بە دووی دەنگی خۆی دەگەرِا
نامەوێ تا گۆی پێبکەم
بۆیە ئەنگوستیلەیەکی لێ چێدەکەم
بێدەنگییەکەم
دەیخاتە قامکی بچکۆلەی
لەنێو دڵۆپە ئاوێکدا
منداڵەکە بە دووی دەنگی خۆی دەگەرِا
دەنگە دیلەکەیش، لەنێو مەوداکەدا
لەسەر پشتی شێرە کوولەیەکدا بوو.

## ماڵئاوا

ئەگەر مردم
بانێژەکە بە کراوەیی بهێڵنەوە
مناڵەکە پرتەقاڵ دەخوات
(لە بانێژەکەمەوە دەیبینم)
جووتیارەکە دانەوێڵە درەو دەکات
(لە بانێژەکەمەوە دەیبیسم)
ئەگەر مردم
بانێژەکە بە کراوەیی بهێڵنەوە

## گیتار

شینی گیتار دەستپێدەکات
قەدەحەکانی نەوشەفەق ورد دەبن و
شینی گیتار دەستپێدەکات
تاساندنی بێفایدەیە،
بێدەنگ کردنی مەحاڵە.
بە یەکنەوایی دەگریەت
هەروەکو خۆیان ئاو دەگریەت،
هەروەکو چۆن با دەگریەت،
لەسەر بەفرا.
بێدەنگ کردنی مەحاڵە.
بۆ شتە دوورەکان دەگریەت،
بۆ لە گەرمەکانی باشوور
کە هەواڵی زەمبەقە سپییەکان دەپرسن،
بۆ تیرێکی بێ ئامانج دەگریەت
بۆ شەو کردنەوە بێ بەیانییەکان و
یەکەمین چۆلەکەیش دەگریەت

هەواڵنامەی کتێب

کە بەسەر چڵێکەوە مرد،
ئەی گیتار
دڵ پێنج شمشێر
زامداریان کرد.

## چەکامەی گوڵ

گوڵەکە
بە دوای گزنگدا نەگەڕا و
ئەویش وا خەریکە
بەسەر چڵەکەیەوە پشوو دەدات،
بە دوای شتێکی دیدا گەڕا.
گوڵەکە
بە دوای مەعریفە یان سایەیەکدا نەگەڕا
چونکە هەردووک سنووری جەستە و خەونێکن
بە دوای شتێکی دیدا گەڕا.
گوڵەکە
بە دوای گوڵەکەدا نەگەڕا
ئەو لە ئاسماندا جێگیر بوو
بە دوای شتێکی دیدا گەڕا.

## گۆرانی ئاوی دەریا

دەریا
بەسەر مەوداکەدا زەردە دەکات
ددانەکانی کەفچەڕین،
لێوەکانی ئاسمانە.
– ئەی کیژۆڵە نەوجەوانە خەمگینەکە
بەو مەمکۆڵە ڕووتانەوە چی دەفرۆشیت؟

هەواڵنامەی کتێب

– گەورەم، ئاوی دەریاکان، دەفرۆشم.
– ئەی کیژۆڵە تولاَزە گەنمڕەنگەکە
ئالوودە بەو خوێنەتەوە چی هەڵدەگری؟
– گەورەم، ئاوی دەریاکان هەڵدەگرم.
– هۆ دایکە،
ئا ئەم فرمێسکە سوێرانە
لە کوێوە دێن؟
– گەورەم، ئاوی دەریاکان دەگریەم.
– هۆ دڵەکە، ئەی ئەم تالاَوە خەمگینە
لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟
– ئای چەند تیژە تالاَوی ئاوی دەریاکان.
دەریا بەسەر مەوداکەدا زەردە دەکات
ددانەکانی کەفچەڕین،
لێوەکانی ئاسمانە.

**هەموو گۆرانییەک**

هەموو گۆرانییەک بێدەنگیی ئەوینە
هەموو ئەستێرەیەک
بێدەنگیی کاتە
ملوانکەی زەمەنە
هەموو هەنیسکێکیش
بێدەنگیی قیژەو هاوارە.

هەوالنامەی کتێب


شیعر



سـەباح ڕەنجدەر

# سەد و یەکشەوە

هەواڵنامەی کتێب



**داوا**

تکایە ئەم داوایەم لێ وەربگرن
نازانم چاوم بە بینینی چی
گەرم بکەم و لە پێناو چیدا بمرم
وەلی دێوانە بۆ ئەوەی چاوی
بە بینینی کۆچی خێڵەسات گەرمدا بێت
پێوستی بە درەختێکی
چوار وەرزە بەردار هەیە
کاروانچی لە سەر گەڵاکانی نان بخۆن

**پەڕەمووچ**

کە بەدیع باباجان لە دایک بوو
بۆ ئەوەی خەونبینینی بەهێز بێت
پەڕەمووچ بە سەر لانکیدا ڕژا

شاعیرانی کلاسیک
له خەونێکیدا کە ئاوی شەوی
پێشکێش بە مێوانەکان دەکرد
خۆیان پێناساند
سەیرانی زۆر و پیاسەی لەگەڵدا کردن
له ڕووباری زەڵم
ڕاوە ماسی و مەلەکردن بووە خولیایان
قولاب و داویان بەو تریفەیە سپارد
کە له ناو ئاودا دەمێنێتەوە
کۆمەڵێک یادگاریان
له گوێچکە ماسی شاردەوە
من ئەو گوێچکە ماسییانەم بینیوەتەوە
یادگارییەکانیان
وەک گردێکی ئەفسووناوی
له ژیاندا دەهێڵمەوە

واقوڕمان
ئاگر له دەست و پەنجەی شیرینەوە
مەشخەڵی بەرزبووەوە
وەفایی له سەر پەیژە
ڕوخساری ڕەنگی تێدا مرد
قەڵەمی دەست و پێی شکا
سەرکەوتن و دابەزینی له بیرچووەوە
خەون بەوەوە دەبینێ
له سەر پەیژە نەمێنێتەوە
بۆ ئەوەی ئەوە له بیر خۆی بباتەوە
کە ئاگر کۆچی پێکردووە
شیعرێکی کردە ئازار


هەواڵنامەی کتێب

## پەراسوو

مەولەوی لە گەڕانەوەی ڕێوڕەسمی
ئیجازەدانی فەقێیەکی
لە سێبەری قۆزاخەیەکی ئاوریشم
ئەسپە گوێڕایەڵەکەی ئامۆژگاری کرد و خەوت
خودا یەک دوو پەراسووی دەرهێنا و چاندی
ژن و گوێزی هەورامان
بە بای پەڵە وا ناسک و پڕبوونە

## سادەبوونەوە

مەوداکان لە شادمانی دیداری کێ
دەستیان پێکردووە و بۆ کێ جوانن
گۆران هەندێک
نۆکی برژاو و قەلەخەرمان و باوی
خستە گیرفانییەوە و لە پڕمەی گریانی دا
لکی ئاڵۆزی دارمازوو سادەبوونەوە
با سادەیی ببێتە
چاوساغی کاروان و شادمانی دیدار



## ئاشنایی

بەیانییەکی زیوینە و ئاوی نەمریی بەم و بەو دەدا
هەڵمی نانی گەرمیش
بەختەوەری خێزان و ڕۆژە
لە ناو گوڵەکاندا چەند ڕستەیەکی شیعرم
بەخەبەر هێنا
لەگەڵیان دانیشتم
دیوانەکەمیان لە باوەش گرت
تیشکی ئەوەی پێوستە بکرێت درەوشایەوە

هەواڵنامەی کتێب

هەموو بانگ کردنێک بۆ ئاشنابوون بە گوڵ
هی خۆشەویستییە
خۆشەویستی گوڵی لە بیرنەچوونەوە دەڕوێنێ

## ئاوریشم

ئێمە هەموو گۆڕانی زەمین و ئاسمانمان ناسی
کوڵمی پڕ و ئاڵت
کە بەرەو تۆ و دەرگایەکم دەبات
بە سەر زەمین و ئاسماندا کراوەتەوە
لە دەمی باشدواوم نزیک بکەرەوە
گەزەم لە میوە دا
لە شوێنی ددانم ئاوریشم
بۆ جل و بەرگی ئادەم و حەوا پەیدا بوو
تاج دانێ و چاوم گەرم بکە
چاوەڕوانی بۆ دوای مردن خامۆشییە
گەرمایی هەست و ختووکەی بەهرە و فڕین
دەمی خۆم بە تۆ دەسپێرم
گەرووم شیعرێکی خەمناکی تێدایە
ئەم شیعرە بهێنە ناو دیوان
مانگ دێتە ژوانی زەوی

## دەست

مانگ دەستی خستە ناو دەستم
پەیمانی ڕوانینمان مۆر کرد
قاوەی ئاسوودەیی دوای بڕیارمان خواردەوە
تا پێڵووم خوناوی لێکەوت
بێ پاشماوە ونبوو
دەبێ تا دەرکەوتنێکی دیکە ئۆقرە بگرم
ڕۆبۆت و منداڵ لە ناو گوڵاندا



کەواڵنامەی کتێب

شۆڕشێک بەرپا دەکەن
دەستەکان وەک دەستی خدری زیندە
پاک دەکەنەوە و پاشان
چلچرا و ترپەی دڵ
دەکەنە پەیام و بوونی پێ کۆدەکەنەوە

## مەشخەڵ

دەموچاوی ژنی دوو گیان
ئاگای لە گەشەی گەڵا و گوڵ هەیە
بەهار گەنجینەی گەورە و مەشخەڵی
دەستی دایە زەمینە
مراوی کێوی کە گیرۆدەی ئاوە
حەزی خۆنقومکردن و مەلەوانی نییە
خۆی دەشوات و بە سەر چارۆگەی پاپۆڕ
دەنیشێتەوە و خۆی دەداتە بەر خۆر
هاوەڵی ڕاوچییەکان دەکات
چاوەڕێی کەسێکە
ناونیشانی هەموو کەسێک دەزانێ



هەوڵنامەی کتێب

## کۆشک

پیاوێک بە ناوی نالی چووە
کۆشکی ئەمارەتی بابان
کەس لەوێ نەبوو
لە پێناوی خەونبینینێک مایەوە
سەری لە ناو پەنجەرەیەک دانا و خەوت
بەیانی وەک هەموو بەیانییە ڕوو لە خێرەکان
زوو لە خەو هەستا
لە سەر گردی بەرانبەر ماڵان
درەختێکی ڕوواند

به سالی گوت زۆربەی ژیانم
لە رواندنی ئەم درەختەدا سەرف کرد
بە چی دەچێ و دەبێتە چی
کە یاداشتی بزربووی
دوازدە سوارەی مەریوان
لە سێبەریدا نەدۆزرێتەوە

## پەلە

بەیانی چاوم لە ناو چاکەکاری دەسوورێتەوە
فریای سروەی نەرم دەکەوێت
بە ئارەزووی گەرمەوە باسی ژیان
لەگەڵ ئەو هەڵمە دەهێنمە گۆڕێ
لە گوڵەکانی باخچەی ماڵم بۆن دەفڕێنێت
کەس هێندەی هەڵم
هەڵپە و پەلەی نییە بۆ بەرزبوونەوە
خودا ئاسمانی پڕ کردووە لە سەرسامی
گەنجینەی ئەوینی خۆشی دەدات
بە هەموو کەسێک

## بەخشین

ژیانی خۆم کردە چەند وشەیەک
زایەڵە
نوێژ
پەنجەرە
خۆری بەخت گەشیم شیعر
کێڵگەی خۆزگەخوازی دۆزییەوە
هێزی بەخشییە ڕووەکەکان
لە سەر کورسی خۆی دانیشت
بەر پێی هەموو تاج بوون

ئەوالنامەی کتێب

پاشاكان له‌ به‌ر پێی نزیک بوونه‌وه
تاج له‌ گه‌روویان گیربوو
بووه‌ خاچ و پاچ

## په‌ڕاندنه‌وه

شێر دارستانی ئه‌وبه‌ری
به‌ پڕ ئاسكێ گۆشتن و كه‌روێشكی خرپن زانی
هه‌وڵی په‌ڕینه‌وه‌ی دا
فیل وه‌ک یارمه‌تی
لووتی خۆی بۆ درێژ كرد
له‌ سه‌ری دانیشت و ده‌سته‌كانی به‌ گوێیه‌وه‌ گرت
له‌ رووباری بێ بوار په‌ڕاندیه‌وه
ئه‌سپی باڵدار حیله‌یه‌كی كرد
گرێ ئه‌م په‌ڕاندنه‌وه‌یه‌ چه‌ند به‌دفه‌ڕه



## مێرووله

مێرووله‌ به‌ نینۆكی پێم به‌رزبووه‌وه
له‌ ناوچه‌وانم پشووی دا
ده‌مامكی كرده‌وه‌ و ته‌ماشای چیای كرد
مامز فه‌رمووی لێكرد
گوتی ده‌توانی شارت بهێنیته‌ ناو شاخه‌كانم
كه‌و ڕایسپارد
گوتی ئه‌گه‌ر بته‌وێت له‌گه‌ڵ هێلكه‌كانم
له‌ گه‌رمی و ساردی ده‌تپارێزم
پڵینگ برِوای به‌ هێزی مێرووله‌ هێنا
گوتی ئایین و ویژدانم
ده‌هێنمه‌ سه‌ر ئایین و ویژدانت
مێرووله‌ دڵی به‌وه‌ خۆشه
خۆی به‌ چی بچووێنێت

خاوەن شکۆ خۆیەتی

## زەلیل

کۆمەڵێک درەخت
دەستیان خستووەتە سەرشانی دیوار
میوەیان بە هاتوچۆکەران بەخشی
پەرژین بووە زەلیلی دەستیان
لە پێشبڕکێ لەگەڵ بەرانبەر
نەرمی نواند
زووش بە نیشانەکانی پاڵەوانی گەیشت
ئیدی شێوەیەکە لە ناو باران
پیاوێک لە هەموو شوێنێک
پێک لە دەستی دایکە زەمین وەردەگرێت
مەست بە جوانییەکانی خوا کرد

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی

## دەف

ئەمشەو کەم خەو بووم
چاوم لە ئاسماندا لە ناو یار و دیارەکانی
دەسووڕایەوە
بازنەی بە دەوری ئەستێرەی بەرەبەیاندا
دەکێشا
دڵ ئارام و ئاسوودە دەنگی هەڵبڕی
ئەی خودا دەنگێک لە دەف هەستێنە
چەترێک بە سەر خەوخۆشەکان بکەرەوە
دەف و چەتر لە شێوەی نانن
نێوان دەف و چەتر
کێڵگەی قامیشی شەکرە

### سۆما

بنیشەوە لافاو ئەی دیکتاتۆری سەر لێتێکدەر
بە لەرزە و مووچڕکی دڵ هەست پێدەکەم
چایخانە هاوینییەکانی شار و گوڵدانی
پێش دوکانی زیو فرۆشەکان هەڵدەگرێت
لە دڵ لێدانێکدا
درەوشاوەترین ئەستێرەم لە ڕێگادا لا دەدا
ئیدی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ناتوانم
لە لێواری شەقام دانیشم و بە ئومێدەوە چاوم
بە کیژە چاوبازەکانی شار ڕوون بکەمەوە
نێرگز چاوی پڕ سۆما و ڕوونە
تیشکی گڵۆپیش لە ڕۆژدا مردووە

هەواڵنامەی کتێب


### قەتماغە نەگرتن

سەرچاوە دڵ و چاوی لە دوای ئەو پارچەیە
لێی جیادەبێتەوە
بۆیە وەک ژنێکی بە بەزەیی
چاوی دوور هەڵخستووە
بێپشوو دەگری و بەردەوام برینی تێدەکەوێت
خان و مانە بە هەزاران جۆگەلەی باڵندە لە لێوار
تەماشای بەژنی باریکی خۆی کرد
پێویستە
بیر لە دەوروبەر بکەمەوە
بریقەی ڕوخساری بۆ دەوروبەر
گرینگ و بە هانا هاتنە

### ڕۆڵ

ئەو هەموو ئەفسوونانە چین

ڕژاونەتە سەر تەختەی شانۆ
داوای ڕۆڵیانە و بەکامی دڵ بیگێڕن
هاوارێکی هەڕەشە ئامێز
لە چاڵێکی تاریکەوە سەری هەڵدا
ڕەنگی ئەم زەوییەم بۆ ناگۆڕدرێت
ڕەنگی ژیان
لە دوو باڵی تەنکدا نهێنییە
نهێنی باڵندەیەک بوایە
ئێوارەیەک هەر بە سەر سەرمدا
جووکەیەکی دەکرد و ڕەت دەبوو




## پاککردنەوە

درووود بۆ باڵندەی گۆشتخۆر
دەنووکی پرشنگدارە
ناهێڵێت زەوی بۆگەن بکات
مرۆڤ ئەو پرشنگەی لە خۆ ئالاند
کۆمەڵێک وێنەی بە سەر زەوییەوە
پەرشوبڵاو کردەوە
مەشخەڵی ئاگرێکی کردە دیاری ئاسمان
بە دیاریەوە
سڵاو لە ڕێبواران وەردەگرێتەوە
دڵخۆشە بە ئاو و هەوا
عەوداڵیشە ئەوە بزانێت
چ شتێک وا لە تەمەن دەکا
ئاوا بێباک بڕوات
کۆشکیش زۆر بەرز بێتەوە بزر دەبێت

هەواڵنامەی کتێب

شیعر

# شێعرێكی شێت

یوونس ڕەزایی

چ ئەڕیتمێكی عاشقانەی هەیە مەرگی باخ
چ شێعرێكی(دەبارێ خەفەتی باخەوانی پاییز)
كێ منەتباری تابوتە كە دارستان كتێبێكە لە وەرز
چ شێعرێكی مەرگاوی هەیە عەشق
باخێكی چەند عاشقانەیە خەفەت لە باران
لە ڕاستیدا... عاشق، مەرگی تابووتی بە منەتی عەشقەوە
باخ، شیعری خەفەتی بە وەرزێكی كاغەزییەوە
دارستان، رادەژێ بە چ ڕیتمێكی
كە تەنیا گۆڕ....
گۆڕ
گۆڕ....
چ ڕوانگەیەكی مێرانەی هەیە گۆڕ
كە عاشقانە دەلوێ بۆ دوێنێ و ئەمڕۆ و
گۆڕیچەی سبەی لە چ ڕیتمێكی سادەدا.



دەلوێم.... دەلوێم...

تا نەبانی و نامۆیی شار.... تک...تک

لە وەرزی کاغەزی کتێبا

لە ڕستەی تابووتە عاشقەکانا

دووپاتە...

چ شێعرێکی شەلاڵی خۆمم هەیە...

کە مەرگ پێدەشتی هەموو زەمانەکانم

ڕستەی تێکڕی بایەکی بە شەپۆل یاخی

شەکەتە لەم سەفەرە لێڵەدا... تا

ڕوونترین تابووت کە عاشقانە بۆم دەلوێ....

کەی لە تابووتەوە بەشی دووهەمی ئەم شیعرە...

لە باخەوە – کەمەرگ شەپۆلێکە لە زەمان–

دەگەمە.... عاشقانەترین نهێنی ڕیتمی داگیرسان...

عاشقانە... عاشقانە... عاشقانە...

داگیرساوە تابووتێ لە شیعری بۆ تۆ

کوا – با – یەک زولاڵترین دوێنێو

قووڵترین پەنجەرە

لێڵترین خەفەتی باخێکی پاییزیم... هەتاکوو

کوا... باران.

لەمەرگەوە عاشقانەترین شەقام بۆ لەیلی


دەهۆنمەوە ڕستەی تابووتێکی غەریب

کە ڕاژدەژێ بە لووتکەی ئەم ڕستانەوە...

کە رادەژێ بە ئێستەوە...


کە لە ئێستاوە تا لووتکەی دوورترین نهێنی نامەکانم دەلوێ

بۆ دووری...



نا... نا... نا... مەرگ کە عاشقانەترین نامەی...
دەخوێنمەوە ڕابردووی دیوار
هەڵچوو
لە مابەین تابووتی عاشق – کەمن دەینووسم–
هەتا باخی پاییزیت – کە تۆ دەیخوێنییەوە–
میوە بە میوە.
کەی لە خەفەتەوە بەشی سێهەمی ئەو شیعرە
لە دیوارەوە – کە ڕوونترین دوێنێمانە –
دەگەمە ڕستەی عاشقانەترین دابڕان...
نا... نا... نا... درێژەی هەیە ڕاژانم (کە دەلوێ لە زەماندا)
درێژەی هەیە تابووتم (کە باخ منەتباری گۆڕیچەیەکە)
درێژەی هەیە بەشی سێهەمی ئەم شیعرە
تا تابووت عاشقانە بۆ گۆڕم دەلوێ.
چ ڕیتمێکی شێتانەی هەیە زەمان
من ڕادەکەم
ڕادەکەم
تا
دیوار ڕوونترین دوێنێم بێ.

هاوینی ٨٠ /بۆکان




هەواڵنامەی کتێب

شیعر



ڕووزار ئەحمەد

# لە باخچەکەماندا پەپوولەکان دەگرین

هەواڵنامەی کتێب



لە باخچەکەماندا
پەپوولەکان هەموو سورەتەکانی
پاڕانەوەیان هێنا
چیتر منداڵەکانتان فێری
بینینی گوڵەکان کەن
گەورەکان دەستەکانیان
توانای زوو ئەزبەرکردنی
حیکمەتەکانی شەیتان و
قرتاندنی گوڵەکانە
با منداڵەکانمان فێری بینین کەین
لە ماڵەکەماندا
هەموو شتەکان
خۆڵ و دار و بەرد و
ئینسانەکانی پێدەکەنن

گوێیەک نییە
لە دەرگای ناخیان بداو
بزانێ بۆچی دەگرین
چاوێک نییە... ببینێ
چەندە بەریئانە
بیرەکانی یەکتریمان
پڕ دەکرد لە گوناه و
حەزەکانمان سەردەبڕی
قاچێک نەبوو
بەو سەرابانە بێتەوە و
شوێن پێیەکان هەڵگرێ و
مۆمێک لەو ژووانانە داگیرسینێ
کە چاوەڕوانی حەسرەتی
تێدا دەرچوو
لە باخچەکەماندا
"با"یەک دێ و
خێرا دەڕوا
چەند حەرفێک
لە لاپەڕەکانی باران و
چەند نۆتەیەک
لەلایە... لایەی لانکێکی لەیادکراو و
چەندا "مەردانێک"
لە تەپەکەی مەلا عەبدوڵا و
چاخانەکەی "گوڵناز" دەکا
بە ملوانەکەی ڕۆمانێکی نەبڕاوە و



هەواڵنامەی کتێب

"حەسیرە"کەش دەکاتە چەتر و
تۆزقاڵێک چای تێدا دەخواتەوە
دەیەوێ بەرەو ژوور بڕوا و
ئاخ.. دەنگی تەقەیەک
بە ئاگای دەهێنێ و
جارێکی دی دەگەڕێتەوە
دەبێت لەگەڵ خۆمدا
ژمارەی تابلۆکانی ئەم شارەم
بە دیاری بەرەم بۆ...
بۆ کوێ؟
دەڵێن لە گەرمیانا
"ڕۆخانەیەک" هەیە
ئەمەندەی "ئارارات"و ئەزمەڕ
نهێنی لە "سەر"دایە
لەژێر "ئاوماڵکە"ی ئەودا
سەدان خەون و
سەدان "یار غەزال"و
سەدان "ئای ئای" تێدایە
دەگەڕێمەوە
ناوی وەچەکانی دەم شۆڕش و
چیرۆکەکانی دەم کچەکانی سەراو
سەگەکانی "ئسپارتە"ی خۆمان
هەر لەو ڕۆمانە نەبڕاوەدا
بۆ عەردێک دەگەڕێم
لاپەڕەیەکی تێدا ڕاخەم



هەواڵنامەی کتێب

دەمەوێ بزانم "ئاڵا"کەم
دەتوانێ ساتێک ئەملا و ئەولا
بە کەیف و ماشای خۆی بکا
من نارۆم تاوەکو بە زللەیەک
لەو خەوەت ڕانەهێنم
"مەنفا"ت وەبیر دێنمەوە
ئەی دێوەرەی
هەموو بەیانییەکانی من
چەندە بەسامەوە هەڵم دەگرتی و
لە زمستانە "زمهەریرەکاندا" دەمشاردییەوە
ئەوان بەردەوام پڕیان دەکردین
لە برین و دڵەڕاوکێ و حەسرەت و سەرما و ئەشکەوت و هات هات و
ئەوان بەردەوام دەیانگوت
برین بۆ کرێکار و
ئەشکەوت بۆ هەژار و...
ئەی زەوی نەورەسەکانی برسی و..
ژیانی سووتاو
لەو شوێنانەوە هاتم کە
ئاگر لەوانەکانی سووتان ناگا
لەو حەرفانەوە کە لە زاری
"با"یەکەوە هیچ
لە وەرزەکانی سۆڵە و
"توو لە ڕادۆ"نازانی
ئەی زەوی
پیری دەریا وا



هەواڵنامەی کتێب

له پاش خۆی خوێنێکی پاکیزەیی
دەم ئەو وەعدانەی
که گیانەکان مەرەخەس بوون بۆ ژیان و
ئەو بۆ گەڕانەوەی
کورسییەکانی سەرەتایی
حەرفێک لەوێ دوور دوور
له گیرفانی جانتایەکدا دەگرێ
مامۆستایەک
که پەپوولەیەک هات
هەمووتان وریابن
پەپووله گوڵ نییه ملی بقرتێنن
پەپوولەتان خۆش بوێ
له بەهاردا دێن و باسی
هەستانەوە و زیندووبوونەوەی
ژیانمان فێر دەکەن
گوناهن گوڵەکان
شەریعەتەکان درۆ دەکەن
که فێری ناردنی گوڵیان کردین و
کرانه بەری خۆشەویستی و
بەشێک له میراتی باخچەکان




"مەردان" مەبەست له گۆرانیبێژی خوالێخۆشبوو (عەلی مەردانه).

"گوڵناز" چاخانەیەکه له شۆریجەی کەرکووک.

هەواڵنامەی کتێب

شیعری وەرگێڕدراو



جوبڕان خەلیل جوبڕان

# هاووڵاتیان

وەرگێڕ: لەیلا ساڵحی

هەواڵنامەی کتێب



به شوێن چییه‌وه هاووڵاتیان؟
ده‌تانه‌وێ من چێ بکه‌م
کۆشک گه‌لێکی ڕازاوه
نه‌خشاو به وشه‌ی بێ مانا؟
یان په‌رستگه‌ی وا که میچی
له خه‌یاڵێکی ورشه‌دار داتاشرابێ؟

یان ده‌فه‌رموون بڕووخێنم
ئه‌وه‌ی درۆزن و خوێنخۆر بینایان کرد؟
ئه‌رێ چۆنه به ده‌ستی خۆم له بن بێنم
ئه‌وانه‌ی که دووزمان و گوناح باران دایان چاندووه؟
ده ئاواتی گه‌مژانه‌تان بدرکێنن!
هاووڵاتیان چیتات ده‌وێ؟

ئەرێ چۆنە وەکو بێچووە پشیلەیەک بپرخێنم
هەتاکوو ئێوە دڵخۆش بن؟
یان وەک شێرێک بنەڕێنم
تا دڵخۆشی لە هەناوی خۆم بگەڕێ؟
ئەمن سترانم بۆ خوێندن
بەڵام ئێوە هەڵنەپەڕین
بەرەو ئێوە فرمێسکم ڕشت
بەڵام ئێوە قەت نەگریان
ئەرێ دەبێ من بۆ ساتێک
ستران بڵێم و فرمێسکیش داوەرێنم؟
لەشی ئێوە لە ئێش دایە لە ژانی سەختی برسێتی
لەگەڵ ئەوەش میوەی زانست یەکجار زۆر دڵڕفێن ترە
دڵەکانتان هەڵدەپرووکێ لە تینوێتی
لەگەڵ ئەوەش سەرچاوەی ژین لە لای ماڵەکانتان زیندوو
لەبەر چی لێی ناخۆوە؟
زەریا هەر وا لە هەڵکشان و داکشان دایە
مانگ دەبێتە بەدری تەواو
دیسان هیلال دەبێتەوە و
زەمان
زستان و هاوین یەک بە دوای یەکدا دێنێ.
هەموو شتێک لە گۆڕانە
وەک نسێی خودایەکی لە دایک نەبوو
کە ناسرەوێ لە نێوان زەوی و هەتاودا
بەڵام ناکرێ ڕاستەقینە بگۆڕدرێ
یان لە ناوچێ.
کەوابوو بۆ تێدەکۆشن تاکوو ڕوخساری درێو کەن؟
ئەمن

له بێ دەنگی شەودا بانگم کردن
تا شکۆی مانگ و گەورەیی ئەستێرەکانتان نیشان دەم
بەڵام لە خەو ڕاپەڕین و
بە ترسەوە
پڕتان دا شمشێرەکان و هاوارتان کرد
کوانێ دوژمن
با لە پێشدا ئەو بکووژین.
بەرەبەیان
لەو کاتەدا کە دوژمن هات
هەمیسان بانگم لێ کردن
بەڵام هیچ کامتان ڕانەبوون
چوون بە ترس گۆش کرابوون
لەگەڵ تاقمێک لە ڕووحەکان
لە خەیاڵدا... لە زۆراندا.



هەواڵنامەی کتێب

من پێم گوتن
وەرن هەتاسەر دوندی چیا بڕۆین و
بڕوانینە جوانی دونیا
لە وەڵامدا ئێوە وتتان
لە قووڵایی ئەم دۆڵەدا باوکانمان ژیاون و
لە بێدەنگی وێدا مردوون
لە ئەشکەوتیشا نێژراون.
چۆن دەتوانین لێرە بڕۆین بەرەو جێیەک
کە ئەوان نەیان دەتوانی هیچ ڕێزێکی بۆ دابنێن؟
من پێم گوتن
وەرن بچینە پێدەشتێک
کە بەرهەمی بە دەریا دەبەخشێتەوە
بە شەرمەوە ئێوە وتتان

هاژەی گۆلاو
ڕووحەکانمان دەترسێنێ
ترس لە قوولاییەکان
جەستەکانمان سڕسڕ دەکا

هاوولاتیان
خۆشم و ویستوون
بەلام ئەوینداری ئێوەم بۆ چەتوونەو
بۆ ئێوەش ئەمە بێ حاسلّ
ئەوڕۆ کە لێتان بێزارم و
بێزاریش ئەو تۆفانەیە
لقی ویشک و خانووی لەرزۆک
ڕادەماڵێ و وێکڕا دەیبا
سووتاوم بۆ لاوازیتان
هاوولاتیان
بەلام ڕەحم و بەزەیی من
لاوازی ئێوەی پتر کرد
کە بۆ ژیان بێ بایەخەو
ئەوڕۆش بۆ من
بێ دەسەلاتیتان ڕوونە،
کە گەیانم لێی بێزراوە و لێی دەترسێ.
من بۆ نزمی و خۆ بە دەستەوەدانی ئێوە گریاوم و
فرمێسکەکان وەک کانی ڕوون چاوەیان بەست
بەلام دیسان نەیان توانی
ئەو لاوازییە سڕەی ئێوە لە ناوبەرن.
دەمامکی چاویان لابردووم
فرمێسکی من



هەواڵنامەی کتێب

هەرگیز دڵی بەردینی ئێوەی نەبزواند
بەڵام تاریکی دەروونیان سترپیمەوە
ئەوڕۆکە من
پێدەکەنم بە رەنج و چەرمەسەریتان
چوون پێکەنین تریشقەیەکی تووڕەیە
کە بەر لە تۆفانە و هەرگیز
لە پاش تۆفانەوە نایە.



هاوولاتیان
بۆ ئارەزووی و حەزەکانتان نادرکێنن؟
دەتانەوێ لەسەر ئاستی ئاوێکی شین
رووحی ڕوخسارتان بنوێنم؟
ئێستا وەرن و
بڕوانن چەند ناشیرینن
بڕوانن و بیرکەنەوە.
ترس
قژەکانی ئێوەی وەک خۆڵەمێش رەنگ کردووەو
بیناییتانی بە تێکڕا ڕۆڕشتوە و
کردوویە دوو کونی تاریک
ترس
دەستی بە ڕوخسارتان داهێناوە
وا کە ئێستا وەک قووڵکەی شووم لە دەربەندێکا دەنوێنێ.
مەرگ
لێوی سرِی ئێوەی ڕاموسیوەو
وەکوو گەڵاکانی پاییز زەردی کردوون
هاوولاتیان بە شوێن چییەوەن؟
چیتان لە ژیان گەرەکە؟



هەواڵنامەی کتێب

ژیانێک کە ئیتر ئێوە بە منداڵی خۆی نازانێ؟
گیانتان خەریکە دەیبەستێ
لە ژێر دەستی قەشە و ساحیر
لە ناو پەنجەی خوێنخۆران و زاڵماندا
وڵاتەکەشتان دەبزوێ
لە ژێر هەنگاوی ئەرتەشی سەرکەوتوودا
ئەگەر کوو بە غوروورە و ڕوو بە هەتاو ڕابوەستی
نازانی چاوەڕوانی چی؟
شمشیرتان لە کالآنی ژەنگ
نێزەکانتان هەموو شکاو
مەتاڵەکانتان تێک چرژاو
کەوابوو بۆ ڕاوەستاون لە ناو گۆڕەپانی شەڕدا؟
ئایینتان دوو زمانییەوە و
ژیانتان هەموو درۆیەو
کۆتاییتان هەر هیچییە
ئەگەر وایە بۆچی دەژین؟
ئەرێ مەرگ ئارامشی چارەڕەشەکانە یان نا؟

ژیان
بڕیارێکە ئاوێتەی لاوەتی و
کۆششێکە گەشە دەکاو
ئاوەزێکە کە پیر دەبێ
بەڵام ئێوە هاووڵاتیان
پیر و لاواز لو دایک بوون
پێستەکانتان هەموو چرچ
سەریشتان شۆڕ
لە پاشانیش وەک منداڵان

کەواڵنامەی کتێب

هەڵاتنە ناو زەلکاوەوە و
یەکترتان بەردەباران کرد.

زانست
ئەو چرایەیە وا
تینی ژین قورس تر دەکا و
هەر کەسیش بە شوێنەوەی بێ
هەر پێی دەگا
بەڵام ئێوە هاووڵاتیان
بە شوێن تاریکیەوەن و
لەبەر رووناکایی هەڵدێن
چاوەڕوانن لە کاشەبەردەوە ئاو بێ و
ڕۆژەڕەشی خەڵکەکەتان
تاوانتانە.
من نابوورێم لە ئێوە و تاوانەکانتان
چوون ئاگاتان لە ئاکاری خۆتان هەیە.

مرۆڤایەتی
رووبارێکی پڕ ورشەیە
لەبەر خۆیەوە دەخوێنێ و
نهێنییەکانی کوێستان لەگەڵ خۆی تا دەریا دەبا
بەڵام ئێوە هاووڵاتیان
گۆلاوێکی مەند و ماتن
پڕن لە ئەفعی و بوونەوەر.
مەشخەڵێکی پیرۆزە رۆح
وشکەڵانی دەسووتێنێ و قووتی دەداو
لەگەڵ تۆفان زۆرتر دەبێ



ھەواڵنامەی کتێب

ڕەنگ و ڕوخساری خوداکان ڕوونتر دەکا
بەڵام ئێوە هاووڵاتیان
گیانتان وەک خۆڵەمێشێکە
کەبا
بەسەر بەفردا دابەشی دەکا و
تۆفانیش وابۆ هەمیشە
دەیپرژێنێتە دۆڵەکان



هاووڵاتیان
مەترسن لە خەیاڵی مەرگ
چوون گەورەیی و ڕەحمەتی ئەو
خۆ دەپارێزێ لە جەستەی چکۆلەتان
لە خەنجەریش مەترسن چوون
جێ ناگرێ لە دڵی تەسکی ئێوەدا

هاووڵاتیان
ئەمن لەئێوە بێزراوم
چونکە ئێوە بێزراون لە گەورەیی و گەشە و شکۆ
من پێم وایە ئێوە نزمن
چونکە خۆتان پێ نزم بوو
من دوژمنی هەموو ئێوەم
چوون نەتان هەویست بزانن
ئێوەن دوژمنی خوداکان.


سەرچاوەی: راز دل، جبران خەلیل جبران، ترجمە، پریدخت عظیما، انتشارات آبگینة، تهران 1377

چیرۆک



سالار ئیسماعیل سەمین

# کاولستانی ژمارە دوو



زۆرجار، ڕەگە وردیلەکانی غیرەت. لەنێو شادەمارەکانی غیرەتدا دێنە چرۆدان. بکەر کاتێک ئامادەگی دەبینێ. هەنگاوەکانی چڕتر دەکاتەوە. بەرەو ئەو کارەی کە مێشک ئەنجامی ئەدا. زەمەنێک وەک ئازیز مردوویەک. لەگەڵ نەخۆشی دەروونیدا یەکترتان لە ئامێز گرتووە. زۆرجاریش بە شێت ناوزەد دەکرای. بەڵام هەتا بڵێی مێشکت لە جێدایە و جار جارێک لە چایخانەی سەر شەقامەکەی گەڕەکی خۆتاندا، بەسەر کورسییەکی شەق و شۆقەوە ئۆقرەگیر دەبووی. ئەو ڕۆژە زۆر سارد بوو. بە تەنها لەنێو چایخانەکەدا. دانیشتبووی لە چایخانەکەوە تەماشای دەرەوەت دەکرد. لەگەڵ هەڵمژینی جگەرەکەی دەستتدا. لە هەردوو کونە لوتتەوە دووکەڵێکی تیژ بەرەو سمێڵە چڕ و پڕەکەت

دەهاتە خوارێ. هەر لەو کاتەدا نزیک بە چایخانەکە پیکابێکی سەوز ڕاوەستا. شۆفێرەکە و دوو پۆلیس لە پێشەوە دانیشتبوون دابەزین. لە چایخانەکە هاتنە ژوورەوە. پشتی پیکابەکە قەفەسێکی ئاسینیی موحکەم بوو. قفڵێکی گەورە بە دەرگاکەی قەفەسەکەوە بوو. ڕەنگی شیشەکانی قەفەسەکە ڕەشێکی تۆخ بوون. دوو بازنەی لە شیش دروستکراو بە ڕەنگێکی سوور بە دەرگای قەفەسەکەوە دەبینران. پاڵتاو لە بەرێکی لاواز لەنێو قەفەسەکەدا لەسەر لا کەوتبوو. زۆری پێنەچوو چوارمشقی دانیشت. لەنێوان شیشەکانی قەفەسەکەوە. تەماشای دەرەوەی دەکرد. زۆرتریش تەماشای چایخانەکەی دەکرد. تۆ لە مێژەوە ئولفەتگیری ئەوە بووی. لەگەڵ هەموو مژێکی جگەرەکەتدا. بزەیەک دەکەوتە سەر لێوەکانت. ئەو کاتەی تەماشای پاڵتاو ڕەشەکەی نێو قەفەسەکەت دەکرد. بزەیەک کەوتە سەر قەیتانەی لێوەکانت. هەمان بزە لای ئەویش لە دایکبوو. وایلێهات لە یەک کاتدا دوو بزە لەدایک دەبوون. بزەیەکی تۆ و بزەیەکی ئەو. تۆ ڕۆژی وا هەبوو سەدان بزە دەنیشتە سەر لێوەکانت. یەکێ لە پۆلیسەکان زۆر ماندوو بوو. پێڵوی چاوەکانی بە تەواوی قورس بوون. ئەیویست چاوێ گەرم بکا. پاڵتاو ڕەشەکە زۆرجار لەگەڵ بزەکەی تۆدا پێدەکەنی. پاڵتاو ڕەشەکە تەنها دوو مەتر لە تۆوە دوور بوو. هەستی ئەوەت کرد. خۆی لەگەڵ خۆیدا دەدوێ. ئەو وا بۆی دەرکەوت تۆ دەیناسیتەوە. پۆلیسەکان بە تەواوی ئاگایان لە بەنکراوەکەی نێو قەفەسەکە نەما. تۆیش وەک هەڵۆیەکی ڕاوکەر چاوەکانت لە پاڵتاو ڕەشەکە نەدەگوێزایەوە. زنجیری نێوان هەردوو کەلەپچەی دەستەکانی نیو مەترێک دەبوو. چەند جارێک چاوی لێ قرپاندم. دەستی ڕاستی ئاخنییە گیرفانی ڕاستییەوە. پارچە کاغەزێکی نوشتاوەی دەرهێنا. چەند جارێک ئاماژەی بۆ کردم لێی وەرگرم. هەر چەندێکیش پۆلیسەکان بێ خەبەر بوون. نەموێرا. لە شوێنەکەی خۆم هەستم. لەنێوان شیشەکانی قەفەسەکەوە خستییە خوارەوە. ئاماژەی بۆ کردم دواجار هەڵیگرم. زۆری پێ نەچوو پۆلیسەکان کەوتنە ئامادەگی و چایخانەکەیان بەجێ هێلا. بەرەو ئۆتۆمبیلەکەیان کەوتنە ڕێ. زۆر بە ئاستەم لەسەر خۆ ڕۆیشت. نامەکەی هەڵگرتوو ئاخنییە گیرفانییەوە. گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی.

* تۆ بڵێی ناوەڕۆکی ئەم نامەیە چی تێدابێ...؟

من ئەڵێم ئەو پاڵتاو ڕەشە شتێک لە ناخیدایە. دوور نییە بڵێ:

* من لە فلان بەندیخانەوە گوێزرامەوە فلان بەندیخانە. یا لە فلان شارەوە بۆ فلان شار. ڕۆژی لە سێدارەدانم نزیک بووەتەوە. ئەگەر هەوڵێکی باشم بۆ نەدەن ڕزگاربوونم مەحاڵە.

دوور نییە بە هیچ شێوەیەک داوای هەوڵدان و ڕزگاربوون بکا. لەوەیە وەسیەتنامەیەکی بۆ

خێزانەکەی ناردبێ و بڵێ:

* ئەگـــــەر مـن لـە ســـــێـــــدارە درام، جگەرگۆشەکانم، دڵنیاکەن ڕووحم بە زندوویەتی دەمــێنێــتــەوە، ڕێبــازەکــەی خــۆم بگرنـە بەر و کـۆڵنەدەن، ئەگـەر وەسـیـەتنامـەکەم جـێبـەجێ نەکەن ڕووحە سەرابییەکەم چنگاوشیان دەبێ.

کێ دەڵێ بۆچوونـەکـانی مـن ڕاسـتــە..؟ کێ دەڵێ گـرتنەکـەی لەسـەر شـەرەف نیـیـە..؟ یا زەلامێکی نەکوشتبێ..؟ تۆ بڵێی پەیوەندییەکی سیاسی نەبێ لەگەڵ لایەنێکدا..؟

چەند جارێک دەستت ئاخنییە گیرفانتەوە، دەتویست نامــە نوشـــتـــاوەکـــە دەربێنێ و ناونیشـانەکەی بخوێنیتـەوە، زۆر دەترسای، ئەو ڕۆژەت هاتەوە یاد کە لە پۆلی چواری ئامادەیی بووی، پاش وانەی چوارەم بوو، بە چ ترسێکەوە نامـەکەت دا بە دەزگیرانـەکەت، چەند جـارێک تەماشای دەور و پشتی خۆت کرد، بە هەر حاڵ نامەکەت دەرهێنا، بەسەر نامەکەوە نووسرابوو:

* کاولستانی ژمارە (٢) باوکی مەغدور

ژمارەی شەقام ... سفر

ژمارەی کۆڵان ... سفر

ژمارەی دەرگا ... سفر

جارێکی تر نـامـەکەی ئاخنییە باخـەڵییەوە، پاش ئەوەی بە تەواوی ناونیشـانەکەی خوێندەوە هیچ شتێکی بۆ دەرنەکەوت.

* من چیم داوە لەم سـەرێشـەیە، نامـەکە لەت و پەت دەکەم و ڕزگارم دەبێ، ئەم کردارە لە من



ناوەشێتەوە. ئەبێ ئەم نامەیە بگاتە خاوەنی.

ئەم شارە پێشان ناوی کاولستان بوو. شارەکانی دەور و پشتیشی بە کاولستان ناوەزند کرابوون. شارەکە پێش کاولستان بە چروکستان مەشهوور بوو. دانیشتوانەکەی زۆر چڕ و کپ بوون. بەتایبەت ئەو ڕۆژانەی کە بە دەیان لاشەی بێ کەللەیان لە بەرەکانی دۆزەخ دەهێنایەوە. جاری وا هەبوو. لاشەیەکیان دەسپاردە خاک. پاش مانگێکی تر گرووپێکی تر دەهاتن و دەریان دەهێنا کە ئەم مردووە هی ئەوانە. لەگەڵ گرووپەکەی تردا دەهاتنە شەڕ. جارێکیان بە هەردوو لا مردوویەکیان لە یەکتر ڕادەکێشا. هەتا باڵی ڕاستی مردووەکە لە بن هەڵدەکەندری. خەڵکی ئەم شارە ئەمەندە چروک و ترسنۆک بوون. توانای تەنها وشەیەکیان نەبوو بەرامبەر بە دەسەڵات. پاش لەناوچوونی دێوەزمە زەبەلاحەکەش ئەم شارە لە چروکستانەوە بوو بە کاولستان.

* ئەوا گریمان بەرەو کاولستانی ژمارە دوو ڕۆیشتم. ئەو شارە پتر لە سێ هەزار ماڵە. ئەو شارە پێشان بە شاری مێشوولە بەناو بانگ بوو. دێتە یادم جارێکی لەگەڵ باپیرەمدا. چووین بۆ شاری مێشوولە (حەسە) مێشوولە دەوڵەمەندترین زەلامی ئەو شارە بوو. شەوانە پیاوەکانی لە هەر چوار گۆشەی سەربانەکەیانەوە دەیانکردە چەڕە دووکەڵ بۆ ئەوەی مێشوولەکان بڕەوێنەوە. ئەوەی کە ئەو کارەی ساز ئەدا. لچ شۆڕێکی چاو دەرپۆقیو بوو. خەڵکی شار بانگیان دەکرد بە مێشوولە کوژ. شەپۆلەکانی هزر و خەیاڵ هەنگاوەکانی دەپێچایەوە بەرەو شارەکەی حەسە مێشوولە. ئەو شارەی کە تەنها دوو دەروازەی هەبوو دەروازەیەکی بۆچوونەوە ژوورەوە و دەروازەیەکیش بۆ دەرچوون.

چواردەوری شارەکە تێلبەنێکی موحکوم بوو. دەمی هەردوو دەروازەکەت داخستبایە کەس نەیدەتوانی بچێتە ژوورەوە. لە مێشوولە زیاتر. مێشوولەکان زۆر بە ئاسانی لە کونەکانی تەلبەنەکەوە دەچوونە ژوورەوە.


لەو ڕێگایەدا زۆر شەکەت و ماندوو بوویت. ئەو کاتە لەبەر دەروازەی ئوتێلی تاریکی شاری مێشوولەدا ڕاوەستابووی. نامەکەت بە دەستەوە بوو. تەماشای ناونیشانەکەت دەکرد و پێدەکەنیت. زۆری نەمابوو لەنێو تاریکی شەوێکی تازەدا جێگیر بیت. هەر لەو کاتەدا ڕەشە بایەکی بەهێز هەڵی کرد. لە شوێنەکەی خۆتدا تووشی هەلەکە سەمابووی. زۆر بێ ڕەحمانە ڕەشەباکە لوولیدای. بەرەو دەروازەی ئوتێلەکە. کاتێک ڕاچەڵەکای. تەماشات کرد لە چایخانەکەدای چاوەکانیشت بەرەو جامخانەکە ئەبڵەق بووە.

چیرۆکی وەرگێڕدراو

نووسینی: گی دو موپاسان

# پۆشلینەری کورسییەکان

وەرگێڕانی: موکری



بانگهێشتکراوان لە خواردنی فراڤین بوونەوە، ئەم دەعوەتە (مارکیز دو برتران) لە قەسرە مەزنەکەی گوندەکەیدا، بەبۆنەی کۆتایی وەرزی هاوین سازی دابوو، لە پشتی مێزە گەورەکەدا یانزە راوچی و هەشت ژنی گەنج و پزیشکی هەرێمەکە دانیشتبوون. مێزەکە بە مۆمی رەنگاورەنگ و گولی گەشی جۆراوجۆر رازابووەوە..

تەوەری قسەکانیان خۆشەویستی بوو، بە پەلەیش ئەم دیالۆگە بەلەززەتە دورودرێژو پەرت و بڵاوە گفتوگۆیەکی بێکۆتایی هێنایە گۆڕێ.

پرسیارەکە ئەمەبوو "ئایە لەتوانای مرۆدایە زیاتر لە جارێ ڕووبەڕووی خۆشەویستییەکی حەقیقی ببێتەوە؟".

رایەکانیان دژ بە یەک بوون، بۆچونەکانیشیان جیاواز، هەریەکەو بەڵگەیێکی هەبوو، رای ئەوی دێی پوچەڵ دەکردەوە.. بەڵام ئایە بەراستی وەڵامێکی قەتعی هەیە بۆ ئەم پرسیارە؟

نمونەی ئەو کەسانەیان هینایەوە کە لەژیانیاندا بۆ جارێ ڕووبەڕووی خۆشەویستی ڕاستگۆیانە بوونەتەوە بە تاڵەموو لایان نەداوە..

هەروەها نموونەی ئەو کەسانەیش هێنرانەوە کە ئیکتفایان بەمجۆرە خۆشەویستییە نەکردووە، بەڵکو چەند جارێ ڕووبەڕوووی خۆشەویستی بوونەتەوە، بەخەستی ئەویندار بوون.

پیاوانی ئامادەبوو، گوتیان: خۆشەویستی وەکو نەخۆشی وایە، مرۆ لە جارێ زیاتر خۆی توش دەکات زۆر جاریش دەبێتە کوشندە، گەر کۆسپی بێتەڕێ..

بەڵام ڕای ژنان لە خۆشەویستی، پشت ئەستور بوون بە شیعرو خەیاڵ نەک تاقیکردنەوە یا واقیع، جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە خۆشەویستی _بەتایبەتی خۆشەویستی حەقیقی و بێگەرد– تەنها جارێ لە ژیاندا تیرەکانی بەر مرۆ دەکەوی. هەروەها جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کاریگەرییەکەی وەک کاریگەری هەورەبروسکەیە، تەنانەت ئەو دڵەی دەبێتە نێچیری ئەمجۆرە خۆشەویستییە، دەبیتە دلێکی بەتالی داهەزاو، هەر سۆزێک هەرچەندە بەهێزبێت، بەبێتوانا دەمێنێتەوە بەرانبەر بە کرانەوەی سەرلەنوێی ژیان..

ئا لەم کاتەدا (مارکیز) کە پێشینەیێکی سەختی لە مەیدانی سۆزو خۆشەویستیا هەبوو هاتە قسە بۆئەوەی هەڵەی سەرنجەکانی ژنان بخاتەرووو، گوتی:

– بۆ هەمووتانی دووپات دەکەمەوە، مرۆ دەتوانی لە جارێ زیاتر بکەویتە نێو داوی خۆشەویستیەوە، جەستەیشی پڕاوپڕبێ لە عەشق، ئێوەی ژنان نمونەی ئەوەتان هینایەوە کەسانی خۆشەویستی لەنیوی بردوون، بۆئەوەی بیسەلمێن بۆچوونی هاوڕێکانم هەڵەی تێدایە. بەڵام وەڵامی من بۆ ئەمجۆرە قسانەو بۆ ئەوکەسانەی خۆشەویستی لەنێوی بردوون ئەوەیە، ئەگەر پەنایان بۆ خۆکوژی نەبردبا کە بووە ڕێگری نێوانیان بۆ ئەوینێکی دی، دەیانتوانی خۆشەویستی دووبارە بکەنەوە، ئەوینی دووهەم و سێهەمیان تاقی دەکردەوە،

تا ئەم ژیانەیان جێدەهێشت.. بەردەوام دەبوون حالی ئەویندارانی وەک حالی مەستان وایە، ئەوەی بخواتەوە، بەردەوام دەبێ لە خواردنەوە، ئەوەی عاشق بووە، بەردەوامی بە عەشق دەدات، ئەمە کارێکی حەتمییە. ئەم مەسئەلەیە بە رای من تەنها مەسئەلەی میزاجەو بەس!

لیرەدا هەموویان ڕوویان بۆ ئەو پزیشکە پیرە وەرچەرخاند، کە لە گوندەکەدا دەژیا داوایان لێ کرد باری سەرنجی خۆی لەمەڕ ئەو ڕایانەی بیستبووی بخاتەڕووو. لە حەقیقەتدا لە مەسئەلەکەدا ڕەئیکی تایبەتی نەبوو، بەڵام گوتی:

– وا زەن دەکەم قەزیەکە وەک (مارکیز)ی هاوڕێم ئاماژەی پێکرد قەزیەی میزاج بێت هەر بەو موناسەبەتەوە ئەوەتان بۆ دەگێڕمەوە ئاگام لە عەشقی دوو کەسە، پەنجاوپێنج ساڵ بێئەوەێ ساردییەک بکەوێتە نێوانیانەوە، بەردەوام بوو، ئەنجامنیش کۆتاییەکەی تێری مەرگ بوو و کوشتی.

ژنەکەی (مارکیز) دەستی بە دەستا کێشاو، گەشی نیشتە سەر ڕوخساری و گوتی:

– ڕاتان چییە بەرانبەر ئەم خۆشەویستییە؟ چ گلەییەکتان لەمجۆرە خۆشەویستییە حەقیقییە هەیە؟ بەڕاستی ئەوەی خۆشویستراوە بەختەوەرترین بوونەوەر بووە، خۆشەویستییێکی بەردەوامی پەنجاوپینج ساڵەی بەرکەوتووە!

بزەیێکی ناسک کەوتە سەر لیوانی پزیشکەکەو گوتی:

– بەلێ خانمی گەورەم، ئەمە واقیعە.. خۆشەویستراوەکە پیاوەکە بوو، بێگومان دەیشیناسی (شۆکە)ی سەیدەلییەو لەم گوندەدا دەژی. بەڵام ژنەکە پیرێژنە پوشلینەرەکەی کورسییەکانە، کە هەموو سالیک بیرەدا تیدەپەڕی و سەردانی قەسریشی دەکرد.. ئەگەر گوێم بۆ شلکەن زیاتر بەڕونی قسەتان بۆ دەکەم.

بە ڕوخساری ژنەکانەوە نیشانەی بێزاری و هەناسەدانەوەی خەمئامیز دەرکەوت وەک ئەوەی ئەوین تایبەت بە چینی بێ. بۆ خەڵکی دیش نەبێ! بەپێی عورفیان چینەکەی خواروو شایستەی ئەهمیەتی ئەوە نین قسەیان لەسەر بکرێ ئەگەر بەر تیری (کیۆبید) بکەون وەک چۆن کەسانی چینەکەی بالی بەردەکەون.

پزیشکەکە گوتی: سی مانگ لەمەوبەر بانگکرام تا فەحسی ئەو پیرێژنە بکەم کە لە حاڵەتی گیانەلی بوو، بەر لە ڕۆژی بەو گالیسکەیەی کە تیایدا دەژیا گەیشتبووە گوند، گالیسکەکە ماینێکی مەیلەوسوور ڕایدەکیشا، دوو سەگی ڕەشی زلیش هاوڕێ و حەرەسی ئەمینیان بوون کاهینەکە لە تەنیشتیدا دانیشتبوو، پیرێژنەکە دوا وەسیەت و

چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ دەگێڕاینەوە، باوەڕتان هەبێ پێشتر گوێم لە چیرۆکی ئاوها نەبوو.

داک و بابی پوشیان دەخستە نێو کورسیەکانەوە، چ ڕۆژێکیش شوێنی نیشتەجێی دیاریکراویان نەبوو، ژیانی ئەو خانەوادەیە وەک ژیانی ڕەوەندەکان وابوو بەسەر زەویدا دەسوڕانەوە، جارێ لیرەو جاریکی دیش لە شوێنیکی دیکە.

بەمشیوەیە لەنێو کۆنەو پەڕۆوپاتاڵدا لەگەڵ داک و بابیا دەژیا بە گالیسکەکە لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی دیکە دەچوون، سەگەکەیش حەرەسیان، بوو لە گوندێکدا لادەدەن، گالیسکەکە هەڵدەوەشێننەوە، ماینەکە ڕوو لە کێڵگەیێک دەکات دەوەنی سەوز دەخوات، سەگەکەیش سەری دەخاتە نێوانی هەردوو دەستی و دەخەوی، کچۆڵەکەیش دەست بە گەمان دەکات لە داک و بابی کە خەریکی چاککردنەوەو پوشتێگرتنی کورسیە کۆنەکانی هەرێمەکەن دووردەکەوێتەوە، داک و بابی لەژێر سێبەری دارێکی گەورەدا مژولی کارکردن دەبوون، زۆرجار کچە کچۆڵەکە لەو شوێنە دووردەکەوتەوە هەوڵیدەدا شەڕ بەو منالینە بفرۆشی کە بەو ناوەدا تێپەڕین دەنگی باوکی بەرزدەبووەوە هەڕەشەی لێدەکرد تا بگەڕێتەوە.

ئەو کچۆڵەیە گەورەبوو، باوکی دەینارده مالین کورسییە کۆنەکان کۆکاتەوە تا چاکیان کاتەوە، ئەم کارەی ڕێی بۆ خۆشکرد چەند منالێکی ئەم گوندە یا گوندەکانی دی بناسیت، بەلام کەسوکاری ئەو منالینە هەڕەشەیان لە منداڵەکانیان دەکرد چونکە لەگەڵ کچە پێپەتیەکدا گەمە دەکەن!

زۆرجار منداڵەکان بەردیان تێدەگرت، بەلام ژنان بەزەییان پیادەهاتەوە. هەندێجار پارەیان دەدایێ، کچۆڵەکەیش لێیانی وەردەگرت گەلێ بەوریاییەوە لە گیرفانەکانی خۆیدا دەیپاراستن.


ڕۆژێکیان ـتەمەنی ببووە یانزە سالین- هات بۆ ئەم گوندە، بە گۆڕستانەکەدا تێپەڕی، کوڕێکی بینی دەگریی و هەنسک دەدات چونکە یەکێ لە منداڵە هاوڕێکانی پارەکەی دزیبوو، ئەم منداڵەیش (شوکە) بوو..

ئەم دیمەنە کچۆڵەکەی غەمبارکرد، لەناخەوە بۆی موتەئەسیر بوو.. ئەم کچۆڵە مەحرومە گەلێ غەمی بۆ ئەو منداڵە خوارد کە دەیبینی فرمیسکەکانی لەچاوانییەوە بە گۆناکانیا دێتەخوارێ و بەکوڵ دەگرێ، لێی نزیک بووەوە، لە سونگەی گریانەکەی پرسی، سونگەکەی پێگوت، ئیدی هەرچەند پارەیێکی پێبوو، تا ئەم سەعاتە کۆی کردبووەوە، خستیە نیو دەستی منداڵەکە، منداڵەکە لێی وەرگرت، بەسەردەستی کراسەکەی چاوەکانی خۆی

سرِییەوە. کچۆڵەکە تووشی شاگەشکە بوو کە بینیی منداڵەکە کەیفخۆشەو فرمیسک چاوەکانی جێهیشتووە، باوەشی پێاکردو ماچێکی دریژو گەرمی گۆنای کرد، بەڵام منداڵەکە مژولی ژماردنی ئەو پارەیە بوو کە ئەم کچۆڵەیە داویەتی، یا بلێین ئاگای لە ماچەکە نەبوو، کچۆڵەکە سەیری کرد منداڵەکە مومانەعە ناکات جاریکی دی ماچی کردەوە پاشان رایکرد بۆ ئەو شوێنەی لێیەوەی هاتبوو.

بەڵام چ شتی کەوتە بیری ئەم کچۆڵە بەستەزمانە؟ ئایە بەراستی تەعەلوقی بەم مەخلوقە بچوکەوە کرد وا هەرچی سامانی هەیە لەپێناویا بەخشی..

ئەم کچۆڵەیە خەونی بەو گۆشەی گۆڕستانەوە دەبینی کە سودفەی ئەم منداڵەی تیا کرد کە بەر لە چەند مانگی لەویدا دەگریا، گەلێ تامەزرۆ بوو، بۆئەوەی بیبینیتەوە، هەرچۆنێکی بۆ لوابا پارەی کۆدەکردەوە، ئیستغلالی داک و بابی دەکرد، پارەی لێدەدزین، یا دەچووە بازاڕ بۆ پێداویستی کڕین و باقی پارەکەی گل دەدایەوە..



گەڕایەوە بۆ هەمان گوند، ئەمجارەیان دوو فرەنکی لە گیرفان بوو، بەڵام ئەمجارەیان منداڵەکەی بینی بە پۆشاکی پاکەوە لەپشت جامخانەی سەیدەلیەکەی باوکیا دانیشتووە، بینینی ئەو منداڵە بەمشیوەیە، خۆشەویستی

و  شەیدابوونی کچۆڵەکەی زیادکرد، ئەم سەفەرەی لە یادەوەرییدا بەجۆرێ نەخشی بەست تا ڕۆژگارِ نەتوانێ بیسڕێتەوە، لە سالی داهاتوودا گەڕایەوە بۆ گوندەکە منداڵەکەی بینی لە دەرێی قوتابخانە لەگەڵ هاوڕێکانیدا گەمان دەکەن، لێی نزیک بووەوە، باوەشی پیاکرد و ماچی کرد، بەڵام منداڵەکە گەلێ ترسا، تورەبوو ڕایکرد، بۆئەوەی تورەبوونەکەی خاوکاتەوە هەرچەندی پارەی پاشەکەوت کردبوو هەمووی دایێ، سی فرەنگ بەنرخترین خەزنەکەی بوو، منداڵەکە بە چاوە گەورەکانی سەرنجی کچۆڵەکەی دەدا.

هەتا چوار ساڵ بەردەوام هەرچی پارەیێکی کۆدەکردەوە دەیدایە منداڵەکە بەرانبەر بەمەیش هەندێ ماچی لە ژمارە نەهاتی دەکرد و  نەوسەکەی خۆی پی تێر دەکرد.

ئەو کچۆڵەیە جگە لەو منداڵە بیری لە چ شتێکی دی نەدەکردەوە، هەمو سالێکیش بەسەبریکی لەرادەبەدەرەوە چاوەڕێی دەکرد بگەڕێتەوە بۆ گوندەکە، هەرکە چاوی پێدەکەوت منداڵەکە بەبەردەمیا ڕادەکات دلێ کچۆڵەکە زیاتر لێیدەداو دەپەشۆکا.

بەڵام منداڵەکە لە پرِ ون بوو، کەسوکارەکەی ناردبوویانە قوتابخانەیێکی ناوخۆیی نەدەگەڕایەوە بۆ مالێ جگە لە جەژنەکان و  ڕۆژانی پشوو. بە کۆششێکی چاک ئەو کچۆڵەیە توانی داک و  بابی قەناعەت پێبێنێ بەم گوندەدا تێپەڕن تا کورسییەکان چاککەنەوە و پوشیان تێگرن ئەویش لەکاتێ پشووی منداڵەکە تا بتوانێ بیبینێ.

ئەم حیلەبازییەی بەسەر داک و  بابە کالْفامەکەیدا تێپەڕاند، بەپێی نەسیحەتی کچەکەیان رەفتاریان کردو لە حەقیقەتی کارەکەیش بێئاگا بوون..

دوو ساڵی تەواو منداڵەکە لەبەرچاویدا ون بوو، ئیدی نەیدەناسییەوە دڵنیابێ کە خودی (شوکە)یە ئەویش بەهۆی گۆڕانکاری جەستەیی، ببووە گەنجێکی تەواو، بەژن دریژ، شیکپۆش بەتایبەتی لەنێو قاتە تەڵخە دوگمە زێڕینەکانی بەتەنیشتیا تێپەڕی کاتێ کچەکەی بینی لوتی بەرەو سەری بەرزکردەوە، خۆی وا نواند کە نەیبینیوە، یا نەیناسیوە.

ئەو کچە دلی شەقی برد، گەڕایەوە بۆ ئەو جیەی داک و  بابی لێیە، دوو ڕۆژ لە جیبەکەی خۆیدا گۆشەگیر بوو بەکوڵ دەگریاو هەنسکی دەدا، ئا لەوکاتەوە دەینالیندو ئازارێکی بێکۆتایی هەبوو.

کچەکە هەموو سالێ لەهەمان کاتدا دەگەڕایەوە بۆ گوند، بەتەنیشتی کورەکەدا تێدەپەڕی، جورئەتی نەدەکرد، تەنانەت لە دورەوەیش سەلامی لێبکات یا سەیری بکات، بەجۆری ئەو کورەی خۆشەویست، نزیک بوو لە پەرستن لەلای مندا ئیعترافی کردو

پێیگوتم: "باوەڕت هەبی جەنابی دکتۆر، تاکە پیاوێک بووە لەسەر ئەم زەویەدا بینیومە، نەمزانیوە جگە لەو چ پیاوێکی دی هەبی لەسەر ئەم دنیا ژیابێت".

کەسوکارەکەی مردن پوشتێگرتنی کردە پیشەی خۆی، سەگێکی دری دیشی پەیداکرد.

ڕۆژیک هاتە ئەم گوندەی کە لە منداڵییەوە دلێ تیادا جێگیر ببوو، هەرکە نزیکی سەیدەلیەکەی (شوکە) بووەوە -ئای خودایە چی بینی- سەیری کرد شوکە قۆلی لە قۆلی ژنە جوانەکەیەتی.. وابێ ژنی هێناوە! بەجارێ هەموو خەونەکانی داتەپین، ئومنیەتەکانی پەرت بوون، وەک پەرت بوونی گەلیی زەردی خەزان ئێوارەی هەمان ڕۆژ ژیانی لەبەر تەنگ بوو، ئەمیش لە ژیان تەنگ بوو، ملی نایە بەر خۆکوژی خۆی هەڵدایە ئەو دەریاچەی نزیکی شارەوانی، مەستێک لەنیوەشەودا دەگەڕایەوە بۆ مالێ لە دەریاچەکە دەریهێنا، بردی بۆ سەیدەلییەکەی (شوکە) بانگی خاوەن سەیدەلییەکەی کرد، بە پۆشاکی نووستنەوە هاتە هانای بێئەوەی بیناسێتەوە بەدەنگێکی پڕ لە غەزەبەوە هاواری کرد (دیارە تۆ شێتیت دەنا هەولی خۆکوژیت نەدەدا.

ئەم چەند کەلێمە زبرە بەس بوو بۆ لەخۆچوونەکەی وەئاگابێتەوە، ژیان سەرلەنوی بگەڕێتەوە نێو جەستەی. ئای کە خۆشییەکەی چەند مەزن بوو پاش ئەم فیراقە دوورودرێژە قسانی لەگەڵدا کردووە، سەیدەلییەکە رەفزی کرد کرێی ئەو بەهاناچوونەوە وەرگرێ کچەکە گەلێ پێیدادەگرت کە حەقدەستەکەی بداتێ بیسوود بوو.

ئا بەمشێوەیە ژیان بەرەو تەمەنی دەبرد.. خەریکی چاککردنەوەی کورسی و پوشتیگرتنیان بوو، هەمیشە بیری لەلای (شۆکە) بوو.

هەموو سالیک لە پشتی جامخانەی سەیدەلییەکەوە دەیبینی کە مژولی تێکەڵ کردنی دەرمانەکان بوو، دەچووە ژوورێ شتێکی دەکری، پێویستی بەو شتە نەبوو، هەر بۆئەوەی لەنزیکەوە بیبینێ و قسەی لەگەڵدا بکات و پارەیشی بداتێ، بەڵام نرخی ئەو دەرمانانە بوو کە کرێ بووی!

ئا لیرەدا پزیشکەکە هەندی بێدەنگ دەستی بە کۆکین کردو پاشان بەردەوام بوو..

- وەک لەسەرەتای چیرۆکەکە بۆم باسکردن، ئەم خانمە بەرەو جیهانی دووهەم کۆچی کرد.. پاش ئەوەی ئەم خانمە چیرۆکەکەی خۆی گێڕایەوە، داوای لێکردم هەموو ئەو پاڕانەی لەژیانیدا پاشەکەوتی کردوون بیدەمە ئەو پیاوەی کە خۆشیویستووە.. چ کاریکی نەکردووە تەنها بۆ ئەو نەبێ.. چەندین رۆژ، ڕۆژووی گرتووە، هەندێ پارەی خستووەتە سەر

گۆنای و پاڕاوەتەوە جارێک بیر لەم بکاتەوە، تەنانەت یەکجار، کە ژیان جێدێڵێ..

سامانەکەی کە دایە من دوو هەزارو سیسەدوبیست و حەوت فرەنک بوو، بیست و حەوت فرەنکەکم وەک نەفەقەی جەنازەو کفن و دفن دایە کاهینەکە، کاتێ کە گیانی سپارد باقی پارەکەم خستە گیرفانم.

بۆ ڕۆژی پاشتر چوومە سەردانی (شۆکە)ی سەیدەلی، بینیم لەگەڵ ژنەکەیدا تازە لە فراڤین خواردن ببوونەوە، دانیشتم و پێیانمگوت بۆچی هاتووم، دەنگم تەواو نەبوو پێشموابوو ئەم چیرۆکە کار لە ناخیان دەکات و دەگرێن.

هەرکە (شۆکە) زانیی ئەم خانمە پوشلینەری کورسیەکان، خۆشیویستووە، وەک ئەوەی دەستیان لێوەشاندبێ لەشوێنەکەێ خۆیەوە ڕاپەری، پێیوابوو لە شانوشەوکەت و غروری کەمدەبێتەوە ئەگەر ئافرەتێکی حەقیر خۆشیویستبی، ئەوا کبریا و و شەرمی کە بەنرختین شتیەتی لەدەستدەداو کەرامەتی نامێنێ. تورەبوونی ژنەکەیشی کەمتر نەبوو لە تووڕەبوونی مێردەکەی و گوتی:

– چ ئافرەتیکی حەقیرە، حەقیرە!

کابرای سەیدەلی، لە ژوورەکەدا ئەمسەروئەوسەری دەکرد پرتەوبۆڵەو قسەی هەڵدەبزڕکاند، پاشان لیم نزیک بووەوە بە دەنگێکی تێکەڵ و پێکەڵ و ئەعسابێکی شڵەژاوەوە گوتی:

– باوەڕت هەبێ، کاکی پزیشک، لەژیاندابا، ئەمەم زانیبا، بەڕێوەبەری پۆلیسم ئاگاداردەکردەوە، داوام لێدەکرد بیگری و حەپسی کات، دڵنیات دەکەم دەبا هەموو تەمەنی لە زینداندا بەسەربردبا!

کە ئەم قسانەم بیست، وەک کەسی بروسکە لێیدابێ ئاوهام لێهات، نەمدەزانی چ بکم یا چ شتێ بلێم. بەڵام ئەرکێکم لەسەرشان بوو دەبا کۆتایی پێبێنم گوتم:

– لەسەرەمەرگدا داوای لێکردم، ئەو پارانەی توانیویەتی پاشەکەوتی بکات تەسلیمی تۆی بکەم بڕی پارەکەیش دوو هەزاروسێسەد فرەنکە. پێدەچێ ئەوەی بۆم باسکردوون بەدڵتان نەبووبێ، بۆیە پێشنیازدەکەم ئەو برە پارەیە دابەشبکرێتە سەر هەژاران و دەستکورتانی گوندەکە.

(شوکە)و ژنەکەی چاویان تێبڕیم، منیش لە گیرفانم پارەی زێروو زیوی ئەو وڵاتانەی پێیدا تێپەڕیوەو کورسییەکانی چاک کردووەتەوە.. دەرهێنا لێیانم پرسی:

هەواڵنامەی کتێب

– ئێستا چ دەڵێن؟
ژنەکەی (شۆکە) وەڵیمی دایەوە:
– شورەییە ئەگەر ئەم پارەیە ڕەفزکەێن و دەشزانین ئارەزووی ئەو خواڵێخۆشبووە بەستەزمانە چی بووە..
مێردەکەیشی گوتی:
– بەڵێ، دەتوانین بەو پارەیە بۆ منداڵەکانمان جۆرەها شتیان بۆ بکڕین.
گوتم:
– با وابێ.. با ئەوە بێت کە دەتانەوێ!
پارەکەم دانێ، خواحافیزیم لێکردن و هاتمەدەرێ.
بۆ رۆژی دوایی (شوکە)ی سەیدەلی هات و پێیگوتم:
– گالیسکەیێکیشی پاش خۆی جێهێشتووە.. دەتەوێ چی لێبکەی؟
– هیچ شتێ! ئەگەر دەتەوێ بیبە.
– چاکە.. دەیبەم دیکەمە کونجێکی چکۆڵەی نیو باغەکەم.
خواحافیزی کردو رۆیشت، هیشتا چەند هەنگاوی دوورنەکەوتبووەوە بانگم کرد، گەرایەوە پێمگوت:
– ئەسپێک و دوو سەگیشی پاش خۆی جێهێشتووە.
گوتی:
– پێویستم بە ئاژەڵ نییە.
بزەی هاتی و تەوقەی لەگەڵدا کردم و گوتی:
– چت دەوێ؟ پزیشک و سەیدەلی دەبی وەک دوو هاورێی گیانی بەگیانی بمێننەوە..
دوو سەگەکم بۆ خۆم گلدایەوە. ئەسپەکەیش کاهینە پیرەکە بردی، بەڵام (شوکە) بەو پارەیەی کە پوشلینەری کورسییەکان بەمیراتی بۆی جێهێشتبوو پێنج پشکی کۆمپانیای هێلی ئاسنی کری.
ئەمەیە ئەو تاقە خۆشەویستییە حەقیقیەی لەژیانمدا تا ئیستا بینیبێتم.
ژنەکەی (مارکیز) هەناسەیێکی هەڵکێشا، فرمێسکیش لە چاوانیا قەتیس بوو و وتی:
– بەڕاستی ژنان دەزانن چۆن ئەوینداربن. هەر ئەوان بایەخی خۆشەویستی حەقیقی دەزانن.

چیرۆکی وەرگێڕدراو



فرانز کافکا

# یەکەمین پەژارە

و: سابیر مەلوول

هەواڵنامەی کتێب



هونەرمەندی جۆلانەکە ئەم هونەرەی لە شانۆ گەورە هەما بابەتەکاندا لە بەرزاییدا ئەنجام دەدریّ و بە شایەتیی هەمووان سەختترین هونەرێکە کە دەشیّ مرۆڤ پێی هەڵبسیّ، ئەوەی بەردەوام لە هەمان ساختوماندا کاری دەکرد ژیانی خۆی بە جۆرێک رێکخستبوو کە شەو و ڕۆژ بە هیچ جۆرێک لە جۆلانەکەی نەدەهاتە خواریّ، لە هەوەڵەوە چونکە ئارەزووی ئەوەی هەبوو لە ئیشەکەیدا لێهاتوو و کارامە بیّ و حەزی دەکرد سەلیقەکانی بباتە سەریّ. بەڵام دواتر لێی بووە خوویەکی بەهێز و ڕەگاژۆ. هەرچیشی پێویست بایە، کە لە ڕاستیدا پێداویستگەلێکی زۆر ساکار بوون، ئەوە هەندێک لەو نمایشکەرانەی کە لە خوارەوە تەماشایان دەکرد بە نۆرە بە دەمییەوە دەچوون و بۆیان جێبەجیّ دەکرد و لە دەفرگەلێکدا کە بۆ ئەم

مەبەستە چێکرابوون سەردەکەوتن بۆ لای و کارەکەیان ڕایی دەکرد و دەهاتنە خوارێ.

ئەم جۆرە ڕێگایە بۆ ژیان نەدەبووە هۆی بێزارکردنی شانۆکارەکان، جگە لەوەی کاتێک ڕۆڵ و نەخشی تر لەسەر شانۆکە نمایش دەکرا، بوونی ئەو لەو سەرە کە نەدەکرا بشاردرێتەوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان سەرنج و ڕامانی ئەکتەرەکانی پەرت دەکرد، هەروەتر ئەمەش ڕاستە ئەگەر چی لەو ساتانەدا متەقی لە خۆی دەبڕی کەچی نیگای حەپەساوی ئامادەبووان و سەیرکەرانی بۆ خۆی ڕادەکێشا.

لەگەڵ ئەمەشدا ئیدارەکەی خۆی لێڵ نەدەکرد چونکە هونەرمەندێکی دەگمەن و ناوازە بوو، هەڵبەتە دەشیانسەلماند ئەم شێوازی ژیانکردنە تەنها خولیایەک نییە و لە ڕاستیدا هەر بەم شێوەیە دەتوانێ بەردەوام بێ و هونەرەکەی لە لوتکەی داهێناندا ڕابگرێ و بیگەیەنێتە کەماڵی خۆی. سەرباری ئەوەش کاتێک پەنجەرەکانی ئەملا و ئەولای قوبەی شانۆکە لە فێنکترین وەرزەکانی ساڵدا دەکرانەوە و خۆر و هەوای گیانبەخش بێ لەمپەر و نێوبڕ خۆیان دەکرد بەناو ئەو ژێرخانە تاریکەدا ئەو سەرە زۆر سازگار بوو بگرە جوان و خۆشیش بوو. لە ڕاستیدا ژیانی کۆمەڵایەتیی هونەرمەندەکە تا بڵێی بەرتەسک و سنووردار بوو، جگە لە هاوڕێیەکی ئەکرۆبات کە جاروبار بە پەیژەکەدا سەردەکەوتە لای، ئەو کاتە لەسەر جۆلانەکە دادەنیشتن و دەستیان بە گوریسەکانەوە دەگرت و بە ڕاست و چەپدا جۆلانەیان دەکرد، یان ئەو بیناکارانەی کە بنمیچەکەیان چاک دەکردەوە لە پەنجەرەیەکی کراوەوە یەک دوو قسەیان لەگەڵدا دەکرد یان ئاگرکوژێنەرەوەکە لە کاتێکدا لە باڵەخانەکەدا چاوێکی بە ئامێری ڕووناکیی ڕووداوە ناکاوەکاندا دەگێڕا و شتێکی بۆ دەدرکاند. پێدەچوو ئابڕوومەندانی بێ بەڵام زەحمەت و قورس، هیچ شتێکی تر تەنیایی ئەوی نەدەڕەواندەوە، بەڵێ بەدەر لەمانە هیچ شتێک گۆشەگیرییەکەی نەدەشێواند، ڕەنگە ناوبەناویش یەکێک لە شانۆکارەکان ئێوارەیەکیان لە گۆشەکانی شانۆکەدا خەیاڵ هەڵیگرتبێ و لە بەرزایی بنمیچەکە ڕامابێ و بۆ پنتکێکی نادیار و نەدیوی ڕوانیبێ بۆ شوێنی جۆلانەکە بەبێ ئەوەی زانیبێتی کەسێک لەوێوە، لە کاتێکدا خەریک و سەرقاڵی هونەرەکەی بووە یان حەواوەتەوە، هەموو هەڵسوکەوتێکی ئەوی خستووەتە ژێر چاودێری و سەرنجی لەسەر نەگواستووەتەوە.

دەشیا هونەرمەندی جۆلانەکە ئاوا ئارام لە ژیانیدا بەردەوامبایە گەر ئەو گەشتە ناچارییانە نەبایە کە خۆی بینییەوە، دەبوو زۆر جاران لەم شوێنەوە بۆ ئەو شوێن ئەنجامیان بدات هەڵبەتە بەڕێوەبەرەکەی ئەم مەسەلەی زۆر بە هەند گرت، لەبەر ئەوەی ئازارەکانی هونەرمەندەکە لە ڕادەبەدەر درێژی نەدەکێشا ئاخر سەفەری شارەکان بەناو شەقامە چۆڵەکاندا و لای تاقی

بەیانیان و بە خێراییەکی مەترسیدا، خاو دەینواند لە چاو بێزاریی هونەرمەندەکە یانی دەقەی بە سەعاتێک لێ دەگوزەرا. وەلێ بۆ گەشتەکانی شەمەندەفەر کوپە و لۆجێکی تەواو دەگیرا، بە جۆرێک کە بە پێی توانا و لە میانەی دۆزینەوەی بەدیلێکی هاکەزایی بۆ شێوازی ژیانە دەقپێوە گرتووەکەی، هونەرمەندی جۆلانەکە بتوانێ لەسەر ڕەفی شتومەکەکان وەختی خۆی بگوزەرێنێ. لە گەشتەکانیاندا بۆ هەر شارێک، ماوەیەکی درێژ پێش ئەوەی سەروکەللەیان پەیدابێ جۆلانەکە لەسەر شانۆ هەڵدەخرا و هەموو دەرگاکانی بەرەو تەختی شانۆ دەخرانە سەر پشت و هەموو ڕاڕەوەکان جمەیان دەهات لە ئاپۆرەی تامەزرۆیان، لەگەڵ ئەمەشدا جەنابی بەڕێوەبەر بۆ چرکە ساتێکیش چییە سوکنایی نەدەهات هەتا هونەرمەندی جۆلانەکە پێی نەخستایەتە سەر پەیژەکە و دواجار بە چاوترووکانێک لەو بەرزاییە بەسەر جۆلانەکەوە خۆی شۆڕنەکردبایەتەوە.

سەرباری ئەو گەشتانەی کە بەڕێوەبەر یەک لەدوای یەک ڕێکی دەخستن کەچی هەر سەفەرێکی تازە سەر لەنوێ پەرێشان و شپرزەی دەکرد، چونکە گەشتەکان بەدەر ماندوویان دەکرد. جارێکیان دیسانەوە بەیەکەوە سەفەریان دەکرد و هونەرمەندی جۆلانەکە لەسەر ڕەفی خەونی دەبینی، هەرچی بەڕێوەبەرەکەشە پشتی دابوو بە تەختەی پەنجەرەکەی ئەوبەرەوە و کتێبێکی دەخوێندەوە، هونەرمەندەکە بە دەنگێکی کز هاوڕێکەی دوواند بەڕێوەبەر دەسبەجێ هەموو لەشی بووە گوێ. هونەرمەندی جۆلانەکە لە کاتێکدا لێوی خۆی دەگەست، گوتی لەمەودوا دەبێ لەجیاتی جۆلانەیەک دوو جۆلانەی هەبێ کاریان لەسەر بکا، دوو جۆلانەی بەرامبەری یەکتری.

بەڕێوەبەر یەکسەر ڕازی بوو کەچی هونەرمەندی جۆلانەکە وەک ئەوەی دەری بخات کە ڕازیبوون و ڕازینەبوونی بەڕێوەبەر وەک یەک وایە، وتی بارودۆخ هەر چۆنێک بێ ئەم هەر دەبێ لەسەر تاقە جۆلانەیەک بێ و هەرگیز لێیدانەبەزێ... پێدەچوو خودی ئەم بیرۆکەیە بە ڕاست بگەڕێ لەبەر هەندێ لەرزی لێهات.

بەڕێوەبەر جارێکی تر بە لێزانیی ڕەزامەندیی خۆی دەربڕی، گوتی بەڵێ دوو جۆلانە باشترە لە یەکێک و سەرباری ئەوەش تەختێکی بە سوودە و دەکرێ پرۆگرامگەلێکی ڕەنگینتری لەسەر نمایش بکرێ.

لەگەڵ ئەمەشدا هونەرمەندی جۆلانەکە لە پڕمەی گریانی دا. بەڕێوەبەر ڕاستەپێ هەستا، کسپەیەک دای لە هەناوی و پرسی بۆ دەگرێ، کاتێک هیچ وەڵامێکی نەدرایەوە چووە سەر تەختەکە و باوشەی بە هونەرمەندەکەدا کرد، گۆنای خستە سەر گۆنای بە جۆرێک ڕوخساری بە فرمێسکی جۆلانە دارەکە تەڕ بوو.

لەگەڵ ئەمەشدا مەسەلەکە پرسیارێکی زۆر و سەرانسۆی و نەوازش کردنێکی زۆری شانی

هونەرمەندەکەی ویست هەتا لەگەڵ هەنسکداندا گوتی، یەک تەختە هەتا مردن تەنیا یەک تەختە بە دەستمەوە بێ ئاخر ئیتر چۆن چۆنی بژیم.

ئەم قسەیە بە جۆرێک لە جۆرەکان مەسەلەی دڵدانەوەی هونەرمەندەکەی ئاسانتر کرد لەبەر هەندێ گفتی دایە کە لە وێستگەکەی تر بروسکەیەک لێدەدات بۆ ئەوەی لە هەوەڵین شاردا کە لە گەشتەکانیادا پێی تێدەنێن جۆلانەیەکی تر هەڵبواسن. هەروەتر کەوتە لۆمەکردنی خۆی کە ئاوا درێژ ماوەیەک لە هونەرمەندەکە گەڕاوە لەسەر یەک جۆلانە هەڵبسورێ. ئەوجار زۆر بە گەرمی سوپاس و ستایشی هونەر و تواناکانی کرد و وتیشی ئەوە وا هەڵەی دەبێ.

بەمجۆرە لەوەدا سەرکەوت کە وردە وردە سوکنایی بدا بە دڵی هونەرمەندی جۆلانەکە و گەڕایەوە گۆشەکەی خۆی، لەگەڵ ئەمەشدا خۆی ئۆقرەی لێ بڕابوو، خەیاڵی ڕەحەت نەبوو، هەستێکی قووڵی نائارامی چنگی لە ناخی گیر کردبوو، بە دزییەوە لە سەرووی کتێبەکەی دەستییەوە نیگای هونەرمەندی جۆلانەکەی دەکرد و بیری دەکردەوە، ئەگەر ئەم هزرانە داخ بنێنە جەرگیەوە و ئازاری بدەن تۆ بڵێی جارێکی تر دەست لە ئێخەش بکەنەوە و داسەکنێن، مەگەر سەرناکەنە جەرگی، ئایا هەڕەشە لە خودی وجود و بوونی ناکەن؟!

لە ڕاستیدا بەڕێوەبەر پێی وابوو لەو کاتەدا لە میانەی ئەو خەوە شیرینەی کە بە ڕواڵەت دوای تەوژمی گریانەکە، بەسەر هونەرمەندەکەدا باریبوو، دەتوانێ گنج و لۆچەکانی هەوەڵین نیگەرانیی ببینێ کە ناوچاوانی ناسک و منداڵانەی هونەرمەندی جۆلانەکەیان دەکێڵا.

سەرچاوە:

الحزن الاول کافکا- جریده المدی ترجمه: عادل العامل.

کوپە: لۆجی شەمەندەفەر

نەدیو: نادیار

ڕەگاژۆ: ڕەگداکوتاو

هەواڵنامەی کتێب



چیرۆکی وەرگێڕدراو

نەدا ئەلدانا

# شەش چیرۆکی زۆر کورت

و: عەباس عەبدوڵڵا یوسف

هەواڵنامەی کتێب

**سێ هەزار**

لە سایتێکی ئاخاوتنی ئینتەرنێتدا. کچە لە تەنیشت ناوی خۆیدا ژمارەی سێ هەزاری نووسی. زۆر جارە نهێنیی ئەو ژمارەیان لێ دەپرسی. ئەویش هەر جارێ وەڵامێکی جیای دەداوە. جارێک وتی: سێ هەزار دڵگرتەم هەیە، جارێکی تر وتی: دڵی سێ هەزار پیاوم ورد و خاش کردووە. هەروەها وتبووی: سێ هەزار سیسرکەم کوشتووە.

یان: سێ هەزار لیرەم هەیە... تووشی سێ هەزار کارەسات بوومە. سێ هەزار سڵاو دەنێرم...

ئەوان دەسوڕمان، ئەو پێدەکەنێ، تەنیا جارێک و بەس ڕاستەکەی وت:

– مانای ئەم ژمارە، هەزارەی سێیەمە.

**گەمەی ئەڤین**

بەئاخاوتنێکی ناو ئینتەرنێت ئەو کچەی ناسی کە هەردەم بانگی دەکرد:

خۆشەویستەکەم. کوڕە ویستی لە دڵسۆزییەکەی دڵنیا بێت، جا ناوی خۆی گۆڕی و قسەی لەگەڵ کرد، هەمدیسان بانگی کرد: خۆشەویستەکەم... چەند جارێکی تریش ناوی خۆی گۆڕیێ، ڕاستییەکی تاڵ ناکاوداری کرد، بەهەمان شێوە قسە لەگەڵ گشتیان دەکات، دڵبێژی لەگەڵ هەموویان دەکات، کچێکی ئۆینبازی فریودەرە و دەڵی دڵپاک و دڵسۆزم، بەنهێنی دەیڕوانییە پۆستە ئەلکترۆنییەکەی، بۆی دەرکەوت گەلێک نامە بۆ کەسانی دی دەنێرێت و زۆریشی بۆ دێت، چەند جارێک چاوی پێی کەوت، ئەو ڕاستەییەی بۆ ئاشکرا نەکرد، ترسا نەوەک ڕقی لێ هەستێ و مێردی پێنەکات، چونکی ئەو بڕیاری دابوو بیخوازێ تا بۆ خۆی بسەلمێنی لەناو دڵگرتەکانی ئەو کچە، خۆی لە هەموویان باشترە، لەوانەیە درۆ و فێڵیشی پێخۆشبووبێ، کە دەیگوت تۆ تاکە سوارەی منی، کاتێ هاوسەرگیرییەکەی بۆ خستە ڕوو، ڕەتی کردەوە و وتی: لە ئێستادا نامەوێ مێرد بکەم، دەبێ خوێندنی زانکۆییم تەواو بکەم، من لەناو ئینتەرنێت گەمەی ئەڤین دەکەم.

**نائومێدی**

لەناو ئینتەرنێت پاش چەندین گفتوگۆی درێژ و پڕ لە سۆزی گەرم، پاش گۆڕینەوەی چەندین نامەی درێژ بە پۆستی ئەلیکترۆنی، ڕانیا ڕازی بوو لە کافتریا چاوی پێیکەوێ، هەوڵێکی زۆری دا تا بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ بکات. کچە ئەمەی ڕەتکردەوە بەبیانووی دابونەریتی کۆمەڵایەتی، پێشی وت: لەوێ دەمبینێ کراسێکی شین و پانتۆڵێکی جینزم لەبەرە قژم ڕەشە و کورتە، جا کوڕە هاتە ناو کافتریا و نەیبینی، لاوێکی دیت بەچاوێک سەیری دەکات و لێ دێتە پێش و دەڵێ: من ڕانیام.. حەپەسا. بۆ ڕانیا کوڕە لاوە؟ لاوەکە پێیوت : فەرموو لەگەڵم دانیشە، تا باسی ئەو چیرۆکەت بۆ بکەم، هەردووکیان بەدەوری مێزێک دانیشتن، لاوەکە وتی: من ناوم سامییە زۆر حەزم لە سوعبەت و ڕابووردنە. بمبوورە ئەگەر هەست و سۆزتم بریندار کردبێت، بەڵام منیش ناگەهان تۆڵەی لە من کردۆتەوە، لاوێک گۆیا کچە من فریو داوە و پێی ڕابواردم. جا هەستم کرد ئەوەی لەگەڵ تۆی دەکەم قێزەونە، بۆیە ڕازی بووم بتبینم و کۆتایی بەچیرۆکی لە خشتەبردن بێنم.

**کەتن**

بەئینتەرنێت پێی وت: کچێ جوانێ خۆشتم دەوێ، وەڵامی دایەوە: بەچ زانیت من جوانم، خۆ تۆ منت نەبینیوە؟، هەروەها وتی: جارێ تۆ منت نەناسیوە، چۆن خۆشمت دەوێ، کوو

بزانم ڕاستگۆی و فریوم نادەیت؟ دڵگیری کامڵی وزیرەکایەتیەکەی بوو، لە دڵی خۆی وتی: ئەم کچە بۆ هاوسەریی دەست دەدات. کچە پێی وت: کەوا تەمەنی بیست ساڵەو سوور و سپییە، چاوی سەوزەو گەڵێک جوانە، لە کۆلێژی ئاداب دەخوێنێت و مۆبایلی هەیە، ناویشی (ڕەهەف)ە، کوڕە وێنەی خۆی بۆ نارد، ئەویش دوو قۆچی بۆ وێنەکە کردو واژەی (تۆ شەیتانی)یشی لەسەر نووسی، لە دڵی خۆی وتی ئەم کچە سوعبەتچییە، منیش حەزم لە ئی ئەوهایە.

پاش ماوەیەک ڕێککەوتن لەپێش دەرگەی باخچەیەک نزیک بەماڵی کچە یەکتر ببینن. لەناکاو کیژۆڵەیەکی تەمەن دە ساڵی لێی نزیک بۆوە و بەپێکەنین وتی:

– من ڕەهەفم، گاڵتەم لەگەڵ دەکردی. ئێوەی لاو چەندە گەمژەن و مێشکتان چەند پووچە!

**ئەڤین**

زۆری خۆش دەویست، جا بەشوکۆلاتە پەیکەرێکی بۆ کچەی ساز کرد، کە هاوین هات، ترسا نەوەک ئەو پەیکەرە بتوێتەوە، هەستا خواردی و چیرۆکی ئەڤینەکەش بەکۆتا هات.

**ناپاکی**

کچە شاعیرەکە هۆنراوەیەکی نووسی، تێدا بەزەردەخەنەی خۆشەویستەکەی هەڵدەڵێت، خوێندیەوە و کچەی بەناپاکی تۆمەتبار کرد. پێی وابوو بەزەردەخەنەی کەسانی دیکە هەڵدەڵێت، دیکانیش کە هۆنراوەکەیان خوێندەوە، وایانزانی بۆ ئەوان نووسراوە، جا هەرکە چاویان پێدەکەوت، زەردەیان بۆ دەکرد.

* خاتوو (ندی الدانا) نووسەرێکی سوورییە و بەگەلێک بواری نووسینەوە خەریکە وەک: هۆنراوە،چیرۆک، چیرۆکی منداڵان، ڕۆمان، وتار و لێکۆڵینەوەی هەمەجۆر، هەروەها ڕەخنەی دراما و مۆسیقا و هونەری شێوەکاری

---

* دڵبێژی = مغازلە
* دڵگرتە = معجب
* دیکان = ئەوانی تر
* زەردە = زەردەخەنە

هەواڵنامەی کتێب

# سەیرانێک لە ئەزمڕ

محەڕەم محەمەد ئەمین

هەواڵنامەی کتێب

هەردووكمان لە كۆڵانە باریكەكەی پشت چێشتخانەی وەستا گوروون لە سەر قەنەفەیەک لە قەنەفەكانی چایخانەكەی حاجی بارام دانیشتبووین، لەبەر تیشكی گڵۆپی كۆڵانەكە چاومان قیچ ئەكردەوە بەو پارچە قاقەزە چڵكنە كە ئەوساتە ڕێبوارێكی ناسیاو دابوویە دەستمان.



هەرچی چۆنێک بوو تێی گەیشتین، حەمە وەیسی برادەرمان مژدەمان دەداتێ كە سبەینێ دێتەوە. لە پاش خوێندنەوەی نووسراوەكە هەردووكمان چاومان بڕیە یەكتری، تاماوەیەک بێ ئەوەی ورتە لەدەممان بێتە دەرێ، هاوڕێیەكەم پەیتا پەیتا پووشی لە حەسیری قەنەفەكە دەرئەهێنا و دانی پێ ئەئاژنی، وادیار بوو

ئەویش وەکو من بەخەیاڵی فریبوو بۆ دوومانگ لەمەو پێش کە هەرسێکمان هەر لەسەر ئەم قەنەفەیە شەوێک بۆ قبوولی و بامیەیەک ئاو زابووە دەممان، کە لە چێشتخانەکەی ئەو بەرمانەوە بۆنی بەسەرماندا ئەهات، بەڵام ڕووی نەبوونی ڕەش بێ، ئەسپێ لە باخەڵماندا سەوزە لە گیانمی ئەوت، بۆ نەگبەتیش کەسێ نەبوو مەولوودێک بکات. حەمەوەیس لەو لاوە لەسەر زگدا پاڵ کەوتبوو سەری خستبووە سەر لەپی هەردوو دەستی. لەبەرخۆیەوە گۆرانییەکی هەورامیانەی ئەوت لێی تێ نەئەگەیشتین.

بۆ سبەینێ ئێوارە کە حەمە وەیس هاتەوە هەر لە دوورەوە سمێڵە قەیتانیەکەی بسکەی ئەهات و سەرێکی بە دەستیەوە بوو لوولی ئەدا، کە نزیک بووەوە بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

– هەستن بەرخۆلەکانم، ئەم ئێوارەیە لەو چێشتخانەیە لای گەورەی خۆتان میوانن.

ئەو شەوە ئەوەندەمان خوارد تا ملەمای زگمان نیشت، هەر لەو شەوەوە حەمە وەیسمان نەدیەوە، لە پاش چەند ڕۆژێک بیستمان لەبەر دزینی جووتێک پۆستاڵی سەربازێک دوو مانگ بەند کراوە.

برادەرەکەم خەیاڵی بڕیم و وتی:

– حەمە وەیس هەقی بەسەرمانەوە زۆرە، بەبۆنەی هاتنەوەی سەیرانێکی بۆ ئەکەین، خوا ڕەوای ببینی ئێستا دەستمان ئەڕوا. وتم:

– مچە، ئەگەر خایەو مایەمان بۆ ئەو دابنێین کەمە، بیرەکە زۆر بەجێیە، ئا سەیری پریاسکەکەمان بکە بزانە چەندی تێدایە؟

کاتێکم زامی مچە بە چەقەنە لێدانەوە ڕاست بووەوە و دەنگی بۆ لەراندمەوە:

– سێ دینار و نیو.. سێ دینارو نیو..

هەرچی چۆنێک بوو دام مرکانەوە، لەپاشدا کەوتینە باسی جێگاو ڕێکخستنی سەیرانەکەمان، لە پاش چەنابازێکی دوور و درێژ کە تا نیوە شەوی خایاند بڕیارماندا بە ئۆتۆمبێلێکی نرتونوێ ڕۆژی هەینی بە هەموو کەلوپەلێک و خواردنەوەوە بچین بۆ ئەزمڕ. حەمە وەیس لەم ماوەیەدا هیچ نەگۆڕا بوو، چی لە بەکارهێنانی وشەی (بەرخۆلەکەنم) کە بە زمانی راهاتبوو، چی لە جل و بەرگیدا بەکلیتەکەیەوە کە وەکو قەپڵاخی تورکستانییەکان لەسەری ئەکرد، سمێڵە باریک و درێژەکەی کە ئەوەندەی نەمابوو هەر دوو سەری لە گوێکانی ڕەت بن. لە دەشتی وەیس کە لە پشتی لۆریەکە هاتە خوارێ، وتی:

ها! چۆنن بەرخۆلەکانم! شەیتان ئەڵێ سەرو سیخورمەتان تێسرەوێنم، نەئەبو سەرێکم

لێ بدەن!

ئێستاش هەر لە ئۆتێل بارامن؟ (بە چایخانەی حاجی بارام کە لەسەر قەنەفەکانی شەو ئەنووستین ئەوت ئوتێل بارام).

هەر چیەکی ئەپرسی بەرێگاوە وەڵاممان ئەدایەوە، تا گەیشتینەوە ئوتێل بارام، هێشتا ماندوومان نەحاسابووەوە کە مچە لەرزانە لەبەر دەممماندا وەستا و کەمەری بۆ لەرانینەوە، وتی:

– حەمە وەیس بە بۆنەی هاتنەوەی تۆوە ڕۆژی هەینی ئەچین بۆ ئەزمڕ. عەرەقیش ئەخۆینەوە. ئەوەتەی تۆ ڕۆیشتووی لێومان لێ نەداوە.

حەمەوەیس کە ئەمەی بیست بە پەنجەی سەرێکی سمێڵی هێنایە خوارەوە بە بادانیەوە دوو سێ کەڕەت ئمەئمی کرد و لە پاشدا وتی:

ئەڵێی ئێستا پارە لای ئێوە وەکو کا وایە بەرخۆلەکانم؟ ئەبێ دەرامەتیتان باش بێ؟

وتم، ئەوەندەی تۆ بەجێت هێشتووین لە سایەی خواو هێزی بازووی خۆمانەوە لە هاتاین، بە هۆی ئۆتۆمبێل زۆرییەوە بووم بەناتری ئۆتۆمبێل، ڕۆژی چوار پێنج ئۆتۆمبێل ئەشۆم بەمە شتێک پەیدا ئەکەم.

حەمە وەیس وتی:

– بە خوا مەئمووری یەتێکی نایابە! ئەی بەرخۆلەکەی ترم بەخێرێ کاری چییە؟

مچە لەرزانە نەی خستە بەر من وەڵامی بدەمەوە کە چەناگە درێژەکەی هێنایە پێشەوە. وتی:

– بەرخۆلەکەی تریشت ئیشی زۆر باشە. لە پەنجەرەکەوە سەیری ئەو قوژبنەی ژوورەوە بکە.. ئەها ئەو قیر تەبەقە.. ئەوە چەند ماجوومی و لەبزینەیێکی مێش تێ وروکاوی لەسەرە، بە ڕۆژ ئەیگێڕم، لەبەرلووتی، هەر کەسێکدا ڕام گرت لە ترسی ئەوەی هێڵنج نەدا دەست بە جێ دەفلسم ئەداتێ، ماجوومی و لە بزینەکەش هەر لە جێگای خۆیەتی، کەس ئەموستی بۆ نابات، ئەگەر کرێمان لەسەدا یەکێک کەم نەکاتەوە هەرکە وتم ئازیز. ئیتر بەسە بۆ ئەوەی پارەیەک فڕێ بداتە ناو قیرتەبەقەکەمەوە، ئاوا ئەبێ ئیش کردن بەس نییە سواڵ ناکەم.

حەمە وەیس دەستی دا بەپشتی هەردووکماندا، وتی:

– بژین بەرخۆلەکانم، منیش ئیشێکی باشم بۆ خۆم دۆزیوەتەوە، ئەمە دووسێ ڕۆژ لە

پێش بەربوونمدا بیرم کەوتووەتەوە، هەموو نیوە شەوێک لەبەریانەی مووچەخۆراندا

ڕائەوەستم، ئەوانەی دارە ئەکەن، ئەچمە بن باڵیان تا بەردەرگای ماڵی خۆیان ڕەوانەیان ئەکەم، لە باتی ئەو چاکەیە دەست بەگیرفانیاندا ئەگێڕم، خۆیان تاقەتیان نییە دەست بکەن بە گیرفانیاندا بەم جۆرە هەرسێکمان بووین بە خاوەنی ئیش، من مووچەخۆر بەرەوەی پاش نیوە شەو، تۆ ناتری ئۆتۆمبێل، مچە لەرزانەش ماجوومی فرۆشی تازە بابەت. بە ڕاستی گرێی بەختمان کراوەتەوە، ئیتر لە سبەینێوە هەر کەس ئیشی خۆی نەء بیرم کەوتەوە، بەیانی سەیرانی ئەزمڕ، لە دووبەیانیەوە.

بەیانی کە ڕۆژی هەینی بوو بە خۆمان و کەلوپەلمانەوە بە سواری ئۆتۆمبێلی نرتونوێ بەرەو ئەزمڕ کەوتینە ڕێ، کوشنی ئۆتۆمبێلەکە زۆر نەرم و شل بوو، مچە لەرزانە هەر کە لەسەری دانیشت وتی:

– بە کەللەی هەرسێکمان درۆ ناکەم: ئەمە لو تووکی قوو دروست کراوە. کە گەیشتیینە ئەزمەڕ لە گوێ حەوزەکە تاقمی ئەفەندی دانیشتبوون ئەیانخواردەوە لە بەختی ئێمە جێگای سێ کەسێ بەتاڵ بوو، ئەت وت بۆ ئێمە تەرخان کراوە، سڵاومان کرد و دانیشتین، تا چارەکە سەعاتێک هەرسێکمان گوێ قولاغ بووین بەخێرهاتنمان بکەن، بەڵام دەنگ نەبوو، ناچار حەمە وەیس وتی:

بەخێرهاتین سەر شەش چاومان خۆ خۆمان زمانمان نەگیراوە بەخێرهاتنی خۆمان بکەین.

ئەفەندییێکی ورگنی کورتە باڵای چاویلکە لە چاویان تێدابوو دەستەسرێکی سپی دا بوو بەسەر ئەژنۆیدا هەرلێمان مۆڕ ئەبووەوەو لچی لێ هەڵئەقورتانین، لە پاشدا بە دەست یاساوڵەکەی ئەزمڕی بانگ کرد و شتێکی بە گوێیدا چرچاند. ئەویش دەست بەجێ هاتە لامان و وتی:

– بن ئەو درەختەی خوارەوە جێگایەکی زۆر خۆشە، ئەم جێگایەی ئێوە گیراوە.

حەمە وەیس مۆڕ بووەوە، خەریک بوو لاساری بکات، بەڵام من دەستێکم تێوە ژەند و وتم:

با هەستین جێگا هەر جێگایە.

کە هەستین بڕۆین: یاساوڵەکە نەختێک ئامۆژگاری کردین. کە لەناو خۆماندا نەچین بەگژیەکداو زەوق لەوانی کەش تێک نەدەین.

لەبن درەختەکە مەزەمان ڕازندەوەو کەوتینە پێک هەڵدان کەسەرمان نەختێک گەرم بوو

مچە لەرزانە دوای ئەوەی پێکێکی هەڵداو بەقۆڵی سمێڵی سڕیەوە، وتی:

– گوێ مەدەنێ.. بەم کەللەیە هەر خۆمان ئەیبەینەوە! جاری نەمردین لەلووتکەی گۆیژە دانیشتین.. خوا کەریمە بۆ ئەوانی تریش..

حەمە وەیس کە کلتێکەی کرد بوو بە ئەژنۆیدا، چاوی بریبوە ئاسۆ، ئەم وتانەی مچە لەرزانە هێنایەوە هۆش خۆی، پێکێکی هەڵداو وتی:

– هەر ئەمەت مابوو مچە لەرزانە، ئەوە کەی بووی بەفەیلەقوچ بەرخۆلەکەم؟ ئەوانی تر و مەوانی تر نییە. بخۆرەوە تاوەکو باڵندە باڵ دەرئەکەیت و ئەفدی بەم ئاسمانەدا، مەبەسن لە خواردنەوە هەر ئەمە نییە! گوێ بگرن بەرخۆلەکانم با قەتارێکتان بۆ...

لە دەنگی قیژە حەمە وەیس قسەکەی قووت دایەوە. کەسەیرمان کرد چاومان بەدیمەنێکی سەیر کەوت، ئەفەندییەکان دەستیان لەیەخەی یەکتری گیر کردووە، هەر کورسییەو بەرز ئەبێتەوە، پیاڵەیە زرەی دێ، جنێوە لەدەم ئەبارێ، ئیتر مەپرسە، کربوویان بە ڕۆژەکەی قەرەوەیس.

ئێمەش دانمان بە خۆمان نەگرت، هەرسێکمان گەیشتینە ناویان ناوبژیان بکەین، بەهەر کێشە کێشێ بوو لێکمان کردنەوە، لە جێگای خۆیان دانیشتنەوە، لە پاش ئەوەی نەختێک سەرو پۆتاڵی ئێمەشی تێدا کوترایەوە. ئەفەندییە ورگنەکە چوار چێوەی چاویلکەکەی بەدەستەوە بوو، سەیرێکی کردین و لە پێش ئەوەی بێتە قسە ورگی وەکو مووشەدەمە کەوتە هات و چۆ، لەپاشدا وەکو هەورە تریشقە گرماندی، مچە لەرزانە داچڵەکی فرسەخی چوو بە ئاسماندا.

بەسە بەرچاومان بەردەن ئیتر، ئێمە لە ناوخۆماندا یاری ئەکەین نازانم ئەمانە هەقیان چییە بەسەرمانەوە.

بەزاتی خوا ئیمڕۆ ئەم سێ سواڵکەرە لێیان تێک داوین، پێم ناڵێن ئێوە قنچکی پیازن، یان سەرکی سیر؟

حەمە وەیس کە ئەفەندی ئەم قسانەی لەدەم ئەباری، زەق زەق سەیری ئەکرد و سمێڵی با ئەدا، لە پاشدا کە ئەفەندی بێ دەنگ بوو، لێی چووە پێشەوە، لەسەرخۆ پێی وت:

– بەرخۆلەکەم چاوە زیقە تووڕەییەکانت باش بکەرەوە، با تێت بگەیەنم ئێمە چین! ئێمە سواڵکەر نین! ئەم هاوڕێیەم ناتری ئۆتۆمبێلە، ئەوەشیان ماجوومی فرۆشی تازە بابەتە، منیش شەوێک ئەبێ بە خزمەتت بگەم، ئیشم.

ئەم هێشت حەمە وەیس زۆر لەسەری برِوا، پەلم گرت و گەرِاینەوە جێگاکەی خۆمان، کەدانیشتینەوە حەمە وەیس قاپێ عەرەقی سەر مۆری لە باخەڵی دەرهێنا؛ وتی:

– ها بخۆنەوە، عەرەقمان نەماوە ئەمەم لە ژێر مێزەکەیان دەرهێنا، ئەمە ماڵی دزێتی نییە، هەقی خۆمانە، ناوبژیمان کردوون، مچە لەرزانە کە چاوی بە قاپەکە کەوت، ڕووی گەشایەوە قسەکەی بە حەمە وەیس برِی کە هەڵی دایە:

خوا نەخواستە چی گەوچێک ئەڵێ ماڵی دزێتییە !

من ئەزانم حەمەوەیس، تۆ پیاوێکی دانای بەو نیازە ئەم قاپەت لێ دزین، نەء، دوور لە ڕووی تۆ.. لێ شاردنەوە کە زیادە خۆری نەکەن، نۆشی کەن! ئازیز نۆشی کەن ختوورە بەڵتاندا نەیێ.

شەو درەنگ بوو کە گوێمان لە هۆرِینی ئۆتومبێلەکەمان بوو، بانگی ئەکردین بمان بەنەوە، کەسەر کەوتینە سەری ئەبینین گوێ حەوزەکە کەسی لێ نەماوە لە ئەفەندییە ورگنەکە بەولاوە، چوار مشقی لەسەر زەوی دانیشتووە دەستە سرِێکی گرتووە بە چاویەوە زۆرِە زۆرِ ئەگری، کابرای یاساوڵیش بەدیاریەوە هەڵ تووتاوە قسەی لەگەڵ ئەکات کە نزیک بووینەوە یاساوڵەکە ڕووی تێ کردین و وتی:

– خێرتان ئەگا ئەم ئەفەندیە لەگەڵ خۆتان بەرنەوە، لەبەر سەر خۆشی لەو پەنایە خەوی لێ کەوتبوو، کاتێ خەبەری بووەتەوە هەڤاڵەکانی ڕۆیشتوون، بەجێیان هێشتووە، دیارە ئەوانیش زۆر سەرخۆش بوون لەبیریان چووە. لەم گفتوگۆیە ئەفەندی نەختێ هۆشی هاتەوە بەر، کە دەستە سرِەکەی لەسەر چاوی لابردو ئێمەی بینی وەکو قرژاڵ هەردوو چنگی قژکردەوە هاواری کرد:

– لێم گەرِێن، لێم گەرێن لەگەڵ ئەمانە نارِۆمەوە.. نارِۆمەوە، ئەم کوژن، رووتم ئەکەنەوە، حەمە وەیس دەستی دایە قۆڵی، وتی:

– مەخابن نییە بەرخۆلەکەم چون ئەت کوژین! هەستە بابرِۆینەوە، بەسەری خۆت ئەتبەینەوە بە هەرسێکمان ئەفەندیمان هەستانە سەر پێ و بەهەر شەرِە شەقی بوو لە پشت ئۆتۆمبێلەکەوە لە نێوانی من و مچە لەرزانەدا دامان نا!

حەمە وەیسیش لە پێشەوە سوار بوو لە ڕێگدا لەبەر لەرینەوەی ئوتومبێلەکە کە دەستمان ئەکەوت لە جێگایەکی ئەفەندیەکە وەکو کێچ ڕائەپەرِی، خۆ کە ئۆتومبێلەکە لە پێچێکدا نەختێ ڕەوتی هێواش ئەبووەوە وا ڕائەپەرِی سەری لەبن میچەکە ئەکەوت و ئەی قیژان و

لێمان ئەپاڕایەوە بەستەزمانە وای ئەزانی ئۆتۆمبێلەکە ڕائەگرین بۆ ئەوەی تەوەنێکی پی بدەین، ئیتر زەلالەتمان بوو بە دەستیەوە تا لە شار نزیک بووینەوە ئەوسا ئەفەندی نەختێک زیتەڵ بووەوە، بەڵام مچە لەرزانە بەناخێری لەم دوا قۆناغەی، ئۆیع.. ئۆیعی لێ هەستا، هەرچی لە زگیدا بوو ڕژاندی بەسەر پانتۆڵی ئەفەندیدا، خوا هەڵناگرێت ئەویش هیچ پێی تێک نەچوو ئەوەندە نەبێ و وتی:

قەی ناکات هەر سەر سەلامەت بێ، کە ئۆتۆمبێلەکە لەبەر ئوتێل بارامدا وەستا، حەمە وەیس وتی:

کەس بە هیچ لایەکدا نەڕوا بەرخۆلەکانم، ئا! تۆ ئەو تەنەکە ئاوە لەو لاوە دانراوە بیکە بە ئۆتۆمبێلەکەیدا ئافەرین، لە بیرت نەچێ هەقی ناتریەکەشی لە کرێی ئۆتومبیلەکە داشکێنی. ئۆتۆمبێلچییەکە بەزەردەخەنەیەکەوە پارەکەی خستە باخەڵی و ئۆتومبێلی لێ خوڕی.

ئەفەندیەکەمان خەریک بوو بڕوا، بەڵام حەمە وەیس پەلی گرت و لەسەر قەنەفەکە داینا پێی وت:

– جارێ دانیشە ئەفەندی، شەرمەزارمان مەکە، ئێمە میوان پەروەرین تا نمەکمان نەکەی نابێ بڕۆی، ئا مچە لەرزانە خێراکە.

مچە لەرزانە ئەوەندەی بلێی یەک و دوو قیرتەبەقیەکەی لەبەردەمدا ڕاگرت، ئەفەندی کە چاوی بە ماجوومییە مێشاویەکە کەوت وەختەبوو جەرگ و هەناوی بێتە دەرێ. دەستی لەراندەوە، بەفیزێکەوە وتی:

– سپاستان ئەکەم، ناخۆم، ناخۆم حەمە وەیس نەختێک لێی چووە پێشەوە و دەستی خستە سەرشانی و پێی وت:

– بەم کەللەیە ماجوومیەک هەر دەخۆی، دەمت بکەرەوە ئاوا .. چاوت بنوقێنە.. ئافەرین.. قووت چوو.. قووت چوو.. ئەوەتا لە قورقوڕاگەتەوە چووە خوارێ، حەمە وەیس هەستایە سەرپێ و وتی:

– ئینجا ئەفەندی فەرموو با بڕۆینەوە ئەفەندی هەرچەند ویستی خۆی بە تەنها بڕواتەوە، بێ سوود بوو حەمە وەیس بە زۆر چووە بن هەنگڵی و لەگەڵ خۆیدا بردی لە پاش نیو سەعات حەمە وەیس گەڕایەوە نیو دیناری دەرهێناو وتی:

– گیرفانی پێنج دیناریەک و ئەم نیو دیناریەی تێدا بوو، پێنج دیناریەکەیم بۆ خۆی لە

گیرفانیدا گل دایەوە، ئەم نیو دیناریش، دە فلسی هەقی ماجوومیەکەی مچە لەرزانەیە، ئەوی تریشی کرێی خۆمەو ها بەرخولەکەم بیخەوە ناو پریاسکەکەوە، نەم ئەزانی لە ئیمشەوەو هەرسێکمان ئەچینە سەر ئیشی خۆمان، ئیتر با بنووین بەرخۆلەکانم، وا کەڵەشێر خوێندی

**١٩٥٣ سلێمانی**

# شای قەرەجەکان

تەمەنی ئەگەیشتە چڵ ساڵ، پیاوێکی کەڵەگەتی گەنم ڕەنگ بوو،حەزی لە دەمەتەقێ زۆر ئەکرد. هەر ئێوارەیەک ڕێم بکەوتایە نیشتەجێی قەرەجەکان کە لە خوار هۆمەرمەندانەوە دەواریان هەڵدابوو. بەزەردە خەنەیەکەوە ئەهات بە پیرمەوە زۆری لێ ئەکردم لەناو دەوارەکەی کەمێک لەگەڵیدا دانیشم و چایەک بخۆمەوە. منیش دڵم نەئەشکاند قسەکانی زۆر بەتام و خۆش بوو، باسی ڕەوشت و ژیانی قەرەجی بۆ ئەکردم ئینجا ئەهاتە سەرباسی ئەو شارو وڵاتانەی دیبووی، جار جاریش نوکتەی خۆشی تێهەڵکێش ئەکرد خۆی لە پێش مندا ئەهاتە پێکەنین. بە تایبەتی کە ئەهاتە سەر باسی فێڵ و فەرەجی قەرەجەکان کە چۆن بەم ساویلکەییەی خۆیان زۆر کەوەت ئافرەتە شارستانییەکانیان تەفرە داوەو خەڵەتانوونیان. ئیتر بە کورتییەکەی پیاوێکی زیرەک و دانابوو. لەو ماوەیەی هاموشۆم ئەکرد تێی گەیشتم کە هەتا بڵێیت دڵنەرم و بەتەنگ هۆزەکەیەوەیەتی ، بەڵام دوو سروشتی سەرنجی ڕاکێشام بەلامەوە سەیر و سەمەرەبوو. یەکێکیان باس کردنی ڕەوشت و خووی قەرەجەکان بۆ بێگانەیەکی وەکو من کەئەمە لەقەرەجەوە زۆر دوورە، ئەوی تریشیان جاروبار لە گەرمەی روو خۆشی و قسەکردنیدا لە پڕێ دەنگ ئەبوو گرژی و پەستییەک لە ڕۆخساریدا دیاری ئەدا وەکو دڕکێک لەجگەری هەڵبچەقێ، بەڵام زۆر بە گورجی ئەچووەوە دۆخی پێشوی و روخساری ڕوون ئەبووەوە ئەکەوتەوە قسەکردن.

جارێکیان کە ئەم پەستی و گرژییە بەریدا خۆم پێ نەگیرا. لێم پرسی:

-: ئەڵێی ئازارێکت هەیە؟

زۆر بەڕەقیەوە (نەء)ێکی لەدەم دەرپەڕی. کە ئەمەم لێی چاوەڕوان نەئەکرد، دیار بوو ئەم پرسیارەی بە دڵ نەبوو.

کات نیوەشەو بوو، لە ژوورەکەی خۆمدا کە ئەکەوێتە تەنیشت دەرگای حەوشەکەمانەوە خەریکی نووسینی چیرۆکێ بووم کە گوێم لە دەنگی دەرگا بوو زۆر بەبێزاریەوە قەڵەمەکەم داناو لەبەر خۆمەوە وتم:

-: ئێستا کەی کاتی هامشۆ کردنی ماڵانە؟ کە دەرگاکەم کردەوە چاوم بە (حەسۆئاغا) کەوت. زۆر سەرسام بووم، ئەم کابرایە بەم نیوە شەوە چی ئەوێ. نەیخستە ئەوەی من پرسیاری لێ بکەم وتی:

-: روخسەتم ئەدەی بێمە ژوورەوە، چەند قسەیەکت لەگەڵ بکەم؟

ئەوی ڕاستی بێ لە پێشدا خەریک بووم دەست بە ڕوویەوە بنێم دەرگاکە دابخەمەوە، ناحەقیشم نەبوو چونکە قەرەج لەناو ئێمەدا ناوبانگی بەباش نەڕۆیشتوە، لە ڕۆژی رووناکدا سڵیان لێ ئەکرێتەوە چ جا بێ بەم درەنگە شەوە، بەڵام کزولێیەکەی و ئەو میواندرایەی ئەیکردم لەناو دەوارەکەیدا دڵی نەرم کردم و لە ژووەکەمدا بەرامبەر بەیەک دانیشتین.

حەسۆئاغا چاوی بڕیبوە بنمیچەکەو خێرا سمێڵی بائەدا، هەستم کرد لە تەنگ و چەڵمەیەکی دەروونی زۆر توندو تیژدایەو دەماری بەئەندازەیەک گرژ بووە هاکا بتەقێ، دیار بوو ئەیویست گورج تربن. کات هەرچی لە دڵی دایە هەڵی رێژێ و بحەسێتەوە، بەڵام نەیئەزانی چۆن ئەم ڕازی دڵەی خۆی هەڵبڕێژێ، ئەوی ڕاستی بێ لەوکاتەدا هەرچی کەساسی و کڵۆڵی هەیە لەڕوخساریدا دەرئەکەوت لە پاشدا بە دەنگێک نازانم لە چی ئەچوو وتی:

-: واخەریکە شێت ئەبم و ئەدەمە کێو.. نازانم چی بکەم.. مرۆڤێکی زۆر بێ و فەڕو بایەخم، هیچ نرخێکم نییە.. من مرۆڤ نیم.. هیچ نیم.. ئاخ چارەم بکە. نەختێک تفی قووت دایەوەو هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو کەوتە قسەکردن:

-: دەمێکە ئەمەوێ ڕازی دڵی خۆمت بۆ هەڵڕێژم، بەڵام لەبەر ئەوەی هەر وەکو خۆت ئەزانی گەورەی هۆزەکەمم بەلامەوە ناشیرین و بار سووکی بوو پریاسکەی دڵی خۆمت بۆ بکەمەوە، هەر لە دڵی خۆمدا پیشم ئەخواردەوە تا گەیاندمە ئەم ڕادەیەی ئارامی پێ هەڵگرتم خەوو خۆراکی نەهێشتووم ئیمشەو هەر لەناو جێگادا تلاومەتەوە، هەست ئەکەم ئەگەر یەکێ نەبێ تورەکەی دڵی خۆمی بۆ بکەمەوە ئەوەندەی پێ ناچێ شێت ئەبم و ئەدەمە کێو، لە تۆش بەولاوە متمانەم بەکەس نییە. لەپاشدا لەو بڕوایەدام کە ئەتوانی چارەیەکم بۆ

بدۆزیتەوە. هەر چەندە دوو دڵ بووم کە بەم نیوەشەوە بەخەبەر بیت، بەڵام بەباشم زانی هەوڵێک هەر بدەم، سا ئەگەر نەشتوانم چاوم پێت بکەوێ بەشکم شنەی بایەکی سارد و گەڕانێک گڕی دەروونم دابمرکێنێتەوە. نەختیک خەو بچێتە چاوم لە دەرەوە چاوم بە تیشکی رووناکی کەوت کە لە پەنجەرەکەتەوە ئەهاتە دەرێ بۆیە لە دەرگارمدا.

شای قەرەجەکان نەختێک بێ دەنگ بوو، منیش بە سەرسوڕمایەوە سەرنجم ئەدایە، ئەبێ ئەو کێشە گەورەیە چی بێ کە تووشی ئەم پیاوە بووە. بەم مەرەیەی لێکردووە؟ زۆرم بەزەیی پێدا ئەهاتەوە. بڕیارم دا بەهەموو توانایەکمەوە یارمەتی بدەم، زۆر پەرۆشیش بووم بە زۆری مەبەستەکەی خۆی بدرکێنێ، بۆیە هەردوو دەستم خستە ناو دەستیەوە بەزەردەخەنەیەکەوە پێم وت:

-: برام دان بە خۆتدا بگرە تەنگانە نییە کۆتایی نەیەت و کێشە نییە جێبەجێ نەکرێ. کێشەکانم بۆ ڕوون بکەرەوە تا بە پێی توانا یارمەتیت بدەم.

قەرەجەکە کە گوێی لە وشەی یارمەتی بوو نەختێک روخساری ڕوون بووەوە. وتی:

-: توخوا.. تۆ بڵێی دەرمانێک هەبێ چارەی ئەو دەردە بە ناسۆرەی من بکات، لەبەر چی خوا ئێمەی قەرەجی لە سروشتی مرۆڤایەتی بێ بەری کردووە.. نە نیشتمانمان هەیەو نە نەتەوە.. من مرۆڤایەتی خۆمم لێ ون بووە.. پەنام هێناوەتە بەرتۆ بۆم بدۆزێتەوە ئەگینا، یان شێت ئەبم، یان خۆم ئەکوژم.

زۆر بە توندی چاوە فرمێسک قەتیس تێداماوەکانی تێ بڕیم و چاوەڕوانی وەڵام بوو.

منیش لە دڵی خۆمدا وتم ئەمەیە کێشەکەی، ئەیەوێ نیشتمان و نەتەوەی هەبێ وەکو هەموو خەڵکێکی تر، بەڵام چۆن یارمەتی بدەم، لەم بێ هیواییە ڕزگاری بکەم؟ بەواتایەکی تر چۆن نیشتمان و نەتەوەی بۆ پەیدا بکەم؟ بۆ ئەوەی خۆم ڕزگار بکەم لەم هەڵوێستە ناخۆشە. پێم وت:

-: ئەم خاکەی ئێوە دەوارتان لەسەری هەڵداوە نیشتمانی خۆتانە. نەتەوەیەکەیشی نەتەوەی خۆتانە.

کابرای قەرەج بە دەنگێکی بێ هیواییەوە وتی:

-: بۆچی خۆشم ئەمەم نەئەزانی، بەڵام هەیهو. هەیهو.. تازە لە کیس چووم.. نە ئەتوانم هیچ نەتەوەیەک بەنەتەوەی خۆم دابنێم، نە ئەشتوانم بەبێ نیشتمان و نەتەوە بژیم.. جاران وانەبووم.. گوێم نەئەدایە ئەمە. منیش وەکو هەموو قەرەجێکی تر هەر چەندە هەستم ئەکرد

ناتەواویەکم تێدا هەیە، بەڵام نەم ئەزانی چییە لەبەر ئەوە باکم نەبوو، بەڵام لەو ڕۆژەوەی تۆو چەند هەڤاڵێکی ترت لە نزیک نیشتەجێکەی ئێمە لە پەنا دار گوێزەکە دائەنیشتن. منیش لەو دیوتانەوە گوێم لە گفت و گۆتان بوو لە بارەی نەتەوەکەتان و نیشتمانەکەتانەوە ڕێگاو پیلانتان دائەنا بۆ ڕزگار کردنی لە دەست داگیرکەران، ئەڵێم لەو ڕۆژەوە بۆم دەرکەوت کە ئێمەی قەرەج مرۆڤ نین، هەر کە چاوم بە تۆ ئەکەوێ بێ فەڕی خۆمم بیر ئەکەوێتەوەو ئەم بزوێنێ، ئەمەوێ ناتەواوی خۆمم بە تەواوی تۆ پڕ بکەمەوە. بۆیە ئەو ئێوارانەی بەناو دەوارەکانماندا ئەگەڕێیت زۆر حەز ئەکەم لەگەڵم دانیشی.. خۆزگە نۆکەرێک بوومایە خاوەن نەتەوە و نیشتمان نەک شای قەرەجەکان.. ئاخ دەردم زۆر گرانە. تازە لەکیس چووم.

بەدەم ئەم قسانەیەوە وەکو لەرزی لێ هاتبێ هەڵ نەچۆقی و فرمێسک بە چاویدا ئەهات خوارێ. نەختێک بێ دەنگ بوو. بۆ ئەوەی بە دەستەسڕ ئاڵەکەی فرمێسکی چاوی بسڕێتەوە لە پاشدا بە تووڕەییەکەوە هەڵسایە سەرپێ و بەبێ ئەوەی دوعا خوازی بکات خێرا بەرەو دەرگای حەوشە ڕۆیشت و هەر ئەشی وت تازە لە کیس چووم. تازە لە کیس چووم.

کاتێک گەیشتمە بەردەرگا ئەو لە پێچی کۆڵانەکەدا ون ببوو؛ ئەوشەوە تابەیانی خەو نەچووە چاوم هەر دەنگی قەرەجەکە لە گوێمدا دەنگی ئەدایەوە: نە نیشتمانم هەیە. نە نەتەوە. تازە لە کیس چووم. تازە لەکیس چووم. بەیانی بەپەلە پەل خۆم گەیاندە نیشتەجێی قەرەجەکان ئەبینم هەموو مۆلیان خواردەوە خەریکی شین و شەپۆڕو قوڕ پێوانن بۆ سەرەکی هۆزەکەیان، بۆ حەسۆ ئاغا کە خۆی خنکاند بوو.

١٩٦٩ سلێمانی